
# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٤٣ ■ دووشەممە ٢٩ی ڕەشەممەی ١٤٠١ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

## پەیامی نەورۆزیی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:

– لە دیدی نەتەوە باڵادەستەکانەوە نەورۆز تەنیا بۆنەیەکە کە تیایدا سروشت ڕەنگ دەگۆڕێ و سیمایەکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێت. بەڵام بۆ نەتەوە و خاکێکی ژێردەست، پەراوێزخراو و بەفەرمی نەناسراوی وەک کورد و کوردستان، هێنانە ڕۆژەڤی «ناسنامە «دەبێتە مەبەست و، ڕۆحێکی لێوانلێو لە بەرخۆدان دەبەخشێتە ئەم بۆنەیە.

– لە قۆناغی «بزووتنەوەی ژینا»دا زیاتر لە جاران کۆمەڵگەی کوردستان ئاوێتەی مانای ڕزگاریخوازانەی نەورۆز بووە و، ئەم بۆنە نیشتمانییە دەتوانێ گڕوتینێکی نوێ بە بزووتنەوەکە ببەخشێت.

– بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان، بەختەوەریی خۆی لە ژێردەستی، پەراوێزخستن و ئینکاری ناسنامەکانی تردا نابینێ، بگرە پێداگری لەسەر «کەرامەتی مرۆڤ» چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەکاتەوە

– ئەوەی ئێرانی گیرۆدەی خۆی کردووە، باوەڕ بە سیستەمی پاشایەتی و ئیسلامی سیاسی بووە. ئەنجامی درێوی هەر دوو جۆری بیرکردنەوەکە، ئینکاری ناسنامەی غەیرەفارسەکان بووە و لەو ڕێگەیەوە فۆرمەکانی چەوساندنەوە بەرهەم هاتوونەتەوە.

**(هەمووی ئەو پەیامە لە لاپەڕەی ٢ دا بخوێنەوە)**

**مستەفا هیجری:**

# ئەو بیرۆکەیەی دەیهەوێ «تامیت» بپارێزێ، چارەنووسی نەمانە




## ساڵی هیوا

**کەریم پەرویزی**

تازەترین تراژیدی کە ڕەنگە دوایین تراژیدی نەبێ، لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا ڕووی دا، کاتێک کە درگای زیندانیان کردەوە و زیندانییەکی دلێر و چاونەترسییان لە زیندان دەر هێنا و بردیانە ژووری تاکەکەسی و پێیان گوت کە بۆ ئێعدامی دەبەن! ڕۆژی دواتریشی بنەماڵەکەیان بانگ کرد و پێیان گوتن کە دوامالاویی لە ئازیزەکەتان بکەن چونکە دیداری بە نسیبتان نابێتەوە! ئەو زیندانییە چاونەترس و بەورەیەش بە دەمی بەپێکەنینەوە بە بنەماڵەکەی گوت نابێ بگرین و دوژمن شاد بکەن، بەڵکوو بەبزەوە بەرەوڕووی گوللەی دوژمن دەبینەوە تاکوو پێیان بڵێین ڕووسوورترین لە هەمووکات و لە هەمووتان!

ڕۆژی هەینی ٢٦ی ڕەشەمە، زیندانیی سیاسیی کورد محیەدین ئیبراهیمی‌یان ئێعدام کرد تاکوو بە کوردستان بڵێنەوە لەهەر دۆخ و هەلومەرجێکدا فەرامۆشتان ناکەین و ژاری ڕق و کینتان بەسەردا دەبارێنین!

بەیانییەک کە درگای ژووری داخراو و تاکەکەسی دەکەنەوە، هەر تەقەی کلیل و دەنگی پێیەک کە بەرەو ژوورە تاکەکەسیەکە دەڕوات، دڵەڕاوکێیەک دەخاتە دڵی دیلێکی دەستی ستەمکارەوە کە چاوەڕێی هاتنی جەللاد و بردنی بۆ بەردەم گرووپی دەسڕێژی ژەهر و کینە و لەگەڵ دەنگی شریخەی گوللەی ستەمکاران، ناوێکی دیکە بەسەر تاشەبەردەکانی مێژووەوە بە سەربەرزی تۆمار دەکرێ.

ئێعدام پەیامێکی هەمیشەیی کۆماری سێدارە و سەرکوتە بۆ کوردستان کە بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیەیە بەو پەیام و فەرمانەوە هرووژمی هێناوە بۆ کوردستان.

ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەممە، ڕێک شەش مانگ بە سەر ٢٦ی خەرماناندا تێدەپەڕی. ٢٦ی خەرمانانێک کە سی ساڵ پێش لە ئێستا، دوکتوور شەرەفکەندییان دایە بەر دەسڕێژی ڕق و کین و لە خەرمانانی ئەمساڵیشدا لە ٢٦ی خەرماناندا ژینای نیشتمان لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەخاک ئەسپێڕدرا و ناوی بوو بە ڕەمز بۆ سەرهەڵدانەوە و ڕاپەڕین.

ئەم ساڵەی کە تێپەڕی دەتوانین ناوی بنێین ساڵی عاشقان، عاشقانی ژین و سەربەستی و بەسەربەرزی ژیان.

وەکوو شاملووی بەرزەیاد دەیگووت:

حرفات را به من بگو
قلبت را به من بده
من ریشەهای تو را دریافتەام
با لبانت برای همەی لبها سخن گفتەام
و دستهایت با دستان من آشناست
در خلوت ڕوشن با تو گریستەام برای خاطر زندەگان،
و در گورستان تاریک با تو خواندەام زیباترین سرودها را
زیرا که مردەگان این سال
عاشق‌ترین زندەگان بودەاند...

‹‹لەبەروەی کە مردووانی ئەمساڵ، عاشقترینی زیندووەکان بوون!››

لەمساڵدا سەدان کەس لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێران بە دەستی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی...

ل ٢


**ئێرانی داهاتوو بەبێ دانان بە مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دروست نابێتەوە**
خالید عەزیزی
٣

**ئامانجی شۆڕشی ژینا دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵە**
محەممەدنەزیف قادری
٤

**کوێریان دەکەن، قڕیان دەکەن، قوڕتان بەسەر**
عەلی بداغی
٥

**جۆری سیستمی سیاسی و داهاتووی ئێران**
ئەلبورز ڕوویین‌تەن
٦

**پێویستیی فیدراڵیزم لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە**
د. محەممەد حوسێن‌زادە
٧

## مستەفا هیجری:

# دەمانەوێ کەرامەتی مرۆڤ و قەبووڵی ناسنامەی جیاواز لە سەرەوەی هێزی سەرکوتکەر بە پاساوی "تەمامیت" و "یەکپارچەیی"یەوە بێت



**هاونیشتمانییانی هێژا!**
**کوردستانییانی خۆڕاگر!**

لە کاتێکدا بەرەو نەورۆز دەچین کە نەتەوەی کورد بەتەمایە زیاتر لە جاران ئەم بۆنەیە بکاتە هەوێنی بەرەنگاری، یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نیشتمانی. لە هەمان کاتدا بەرەوپیلی بۆنەیەکەوە دەچین کە بۆ بەشێک لە نەتەوەکانی تر لە ناوچەکەدا ماناداره و، سەرچاوەی نوێبوونەوە.بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە و نەورۆزی کوردەواری لەوانی تر جیا دەکاتەوە، واتاگوتاریی ئەو بۆنەیەیە، کە جیاوازیی بەرچاوی لە کوردستان هەیە. نەورۆز بۆ نەتەوەی کورد بە مانای ڕابوون و سەرهەڵدان بەرانبەر بە ستەم و سەردەستی دێ، واتایەک کە دەتوانێ لە ئەمڕۆی ئێرانیشدا مانادار بێت.

لە دیدی نەتەوە باڵادەستەکانەوە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، نەورۆز تەنیا بۆنەیەکە کە تیایدا سروشت ڕەنگ دەگۆڕێ و سیمایەکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێت. بەڵام بۆ نەتەوە و خاکێکی ژێردەست، پەراوێزخراو و بەفەرمی نەناسراوی وەک کورد و کوردستان، هێنانە ڕۆژەڤی "ناسنامە "دەبێتە مەبەست و، ڕۆحێکی لێوانلێو لە بەرخۆدان دەبەخشێتە ئەم بۆنەیە.

دیارە ئەم ڕۆحە پڕ لە ڕابوون و بەرخۆدانە تایبەت بە ئەمڕۆ نییە، بەڵکوو لەو سەردەمەوە هاتووەتە ئاراوە کە کورد وەک نەتەوە هەستی بە ژێردەستی و بێمافی کردووە و کەڵکەڵەی ئازادیی هەبووە. لە قۆناغی "بزووتنەوەی ژینا"دا زیاتر لە جاران کۆمەڵگەی کوردستان ئاوێتەی مانای ڕزگاریخوازانەی نەورۆز بووە و، ئەم بۆنە نیشتمانییە دەتوانێ گڕوتینێکی نوێ بە بزووتنەوەکە ببەخشێت.

ئەوەی وەک ناسنامە لای کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان جێگیر بووە، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە کوردستان بۆ زیاتر لە سەدەیەکە بەرانبەر بە پاوانخوازی خەبات دەکات. لەلایەک هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ژێردەستی و تێپەڕینی بەرەو قۆناغی ڕزگاری و، لە لایەکی دیکەشەوە دژایەتی و ململانێ لەگەڵ پاوانخوازی، بووەتە بەشێک لە ناسنامەی کوردستانیبوون و ڕێڕەوی بزووتنەوەی نەتەوەیی. ئەگەرچی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەیشتن بە سەروەریی سیاسی مافێکی بنەڕەتیی گەلانە و، بەرنامە و دروشمی سیاسی وەک فۆڕمی دابینکردنی ئەو مافە گرێدراوی هەلومەرجی سیاسییە، بەڵام جیهانبینیی مرۆڤی کوردستانی قووڵایی ستراتیژیکی خۆی لە کۆیلەبوونی ئەوانیتردا نابینێ. بەپێچەوانەوە سەروەریی سیاسیی نەتەوەکانی دیکەشی بە بنەما وەرگرتووە و بە فەرمی باوەڕی پێیەتی.

بە واتایەک، بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان، بەختەوەریی خۆی لە ژێردەستی، پەراوێزخستن و ئینکاری ناسنامەکانی تردا نابینێ، بگرە پێداگری لەسەر "کەرامەتی مرۆڤ" چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەکاتەوە. ئەم تێگەیشتنە، هەڵگری گوتار و بەهاگەلێکن کە ناسنامەی کوردستانی بیچمی پێوە گرتووە. هەربۆیە، پێداگریی کوردستانییان لەسەر دواڕۆژێکی ئازاد تەنیا ویستێکی سیاسی نییە، بەڵکوو ئامانجێکە تیایدا پاوانخوازی لە هەموو چەشنێکدا چ لە کوردستان و چ لە ئێران ڕەت دەکاتەوە. ئەم ڕێبازە وەبیرمان دێنێتەوە کە یەکڕیزی و تەباییی نێو ماڵی کورد ئەسڵی بنەڕەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجی لەمێژینە و پڕبەهای ئازادییە. هەربۆیە، هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی نێو جوغرافیای ئێرانیش بە پڕەنسیپێکی نەگۆڕی سیاسی دەزانرێ و، هاوخەباتی و هاوچارەنووس‌بوونی نەتەوە بندەستەکان بەرانبەر بە عەقڵییەتی پاوانخواز و ناوەندگەرا لە هەر شێوەیەکدا بێت، خاڵی یەکلاییکەرەوەیە.

لانیکەم لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، ئەوەی ئێرانی گیرۆدەی خۆی کردووە، باوەڕ بە سیستەمی پاشایەتی و ئیسلامی سیاسی بووە. ئەنجامی دزێوی هەر دوو جۆری بیرکردنەوەکە، ئینکاری ناسنامەی غەیرەفارسەکان بووە و لەو ڕێگەیەوە فۆڕمەکانی چەوساندنەوە بەرهەم هاتوونەتەوە، بۆیە دەربازبوون لە سیاسەتی سەرکوتکەری هەردوو ئیدیۆلۆژییەکە، زۆر ئاسان و سادە نییە. ئەوەی کوردستان بۆ دەربازبوونی هەمیشەیی لەم دۆخە وەک چارەسەرێکی ئینسانی و دیمۆکراتیک پێشنیار و پێداگری لەسەر دەکاتەوە، پێکەوەبوونی دڵخوازانەیە لە ئێرانێکی فیدڕاڵ و سێکۆلاردا.

سیاسەتەکانی دەوڵەت- نەتەوەی ئێرانی لە ڕابردوو و ئەمڕۆدا ئەنجامەکانی دیارن: ستەم، نایەکسانی، توانەوە، پەراوێزخستن، ئێعدام، تیرۆر، ئەشکەنجە و بە گشتی شێوەکانی ستەمکاری بووە کە چارەسەرکردنیان پەیوەستە بە دەربازبوون لە عەقڵییەتی ڕابردوو و ئێستای ناوەند. ئەوەی ئێستا بووەتە واقیع، قەبووڵکردنی ناسنامەکانی نێو چوارچێوەی جوغرافیای ئێرانە کە دەیانهەوێ خاڵی کۆتایی لەسەر دووبارەبوونەوەی ڕابردوو دابنێن و لێی دەرباز بن، ئەمەش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە لە خۆسەپاندن و ئینکار بەرەو پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە هەنگاو بنێین. پێکەوەبوونێک کە هەموان لەیەک ئاستدا بن و هەر ناسنامەیەک هەڵگری تایبەتمەندیی خۆی بێت. واتە، عەقڵییەتی ناوەند/پەراوێز نەمێنێ و سەروەریی یەک لایەنەی پێکهاتەیەک لە "ناوەند"ەوە هەڵبوەشێتەوە و، شێوازێک لە سەروەریی هاوبەش و چەسپاندنی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکان لە دەستووری بنچینەییدا مسۆگەر بکرێت.

بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" ئاگرێکی وەهای خستووەتە جەرگەوە کە چی تر پرسی ڕزگاریی ژن ناکرێ نکۆڵی لێ بکرێ. کۆمەڵگەی کوردستان نیشانی دا کە لە ئێراندا، پێشەنگی خەبات دژی دواکەوتوویيە و، لە ڕێگەی بەها بەرزەکانی ئەم بزووتنەوەیەوە دەیهەوێ هەنگاوێکی گرنگ بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی، ڕەگەزی و ژینگەیی هەڵبگرێ. لەم بزووتنەوەیەدا دیسان کوردستان بووە سەنگەری بەرگری لە بەها مرۆییەکان و زیاتر لە جاران پێداگری لەسەر ئەم بابەتە گرنگە کرا کە بۆ سازبوونی کۆمەڵگەیەکی یەکسان دەبێ ئاوڕ لە هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە و هەڵاواردن بدرێتەوە. جەوهەری بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بێگومان ئافراندنی تێگەیشتنێکی نوێیە. تێگەیشتنێک کە دژ بە بیری فاشیستی، وەهمی ئایینی و ناسنامەی یەک ڕەهەندییە و، تیایدا جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە بەرز دەنرخێندرێ. پێشەنگایەتیی ژنانی کورد و گرنگیدان بە پرسی ژن لە کوردستان بووەتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتێکی کورد و لەم ڕێگەیەوە جیهانییان بینییان کە نەتەوەی کورد خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ سازکردنی کۆمەڵگەیەک کە تیایدا گەیشتن بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی پرسی سەرەکی بێ.

نەورۆزی ئەمساڵ بەپێچەوانەی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کە کوردستان بەتەنیا بەرانبەر بە پاوانخوازی لە ئێران لە مەیداندا بوو، ئێستا زۆربەی خەڵکی ناوچەکان و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکە، لە ململانێ و بەرخۆدان دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندان. بۆیە سەنگەرێکی گەورە بە بەرینایی جوغرافییای ئێران دژ بە سەرەڕۆیی ساز بووە و تیایدا خەڵکانی ڕاپەڕیو دەبینین کە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر، ئاگر بە کۆشکی زۆردارەوە دەنێن.

لە دوایيدا هەروەک چۆن نەورۆز بۆ کوردستانییان هێمای ڕابوون و بەرخۆدانە، هیوادارم بە هەمان شێوەش لە پانتایی ئێراندا سەرچاوەی دەربازبوون بێ بۆ ئێرانێکی تر. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە "کەرامەتی مرۆڤ"، قەبووڵی ناسنامەی جیاواز و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە سەرەوەی هێزی سەرکوتکەر بە پاساوی "تەمامیت" و "یەکپارچەیی"یەوە بێ. بیرۆکەی تۆتالیتەر کە دەیهەوێ چاودێری بەسەر هەموو شتێکدا بکا و، "تەمامیت" بپارێزێ، چارەنووسی نەمان و شکستە. ئەوەی توانای مانەوەی هەیە، ئەو بەها مرۆییانەن کە بەشێوەی ئاشتییانە و ئارەزوومەندانە مرۆڤەکان لە یەک نزیک دەکەنەوە و دەبنە هۆی سازبوونی کۆمەڵگەیەکی شیاوتر بۆ ژیان، بەدوور لە هەر چەشنە ستەم و چەوساندنەوەیەک.

لەسەروبەندی‌نەورۆزی‌کوردەواریدا،یادێک لە قوربانییان، شەهیدان، دەستبەسەرکراوان، باوکان و دایکانی جەرگسووتاوی شۆڕشی ژینا دەکەین. نیشتمان داخداری شەهیدانی شۆڕش و ڕاپەڕینە، هەروەک چۆن لەسەر کێلی گڵکۆی ژینا نووسراوە "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز". ئەم ڕەمزانە چرای ڕێگای سەربەستی و سەرکەوتنن، بە نەمری دەمێننەوە و مزگێنیی ڕزگاریمان دەدەنێ.

**سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان؛**
**سڵاو لە کچان و کوڕانی شۆڕشگێڕی کوردستان؛**
**سڵاو لە ئیرادەی پۆڵایینی زیندانییانی سیاسی و خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان؛**
**هاوخەباتی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد هەردەم گەشاوە بێت؛**
**بەرز و پیرۆز بێت نەورۆزی کوردەواری**

**مستەفا هیجری**
**٢٨ی ڕەشەممەی ١٤٠١ی هەتاوی**

درێژەی...

# ساڵی هیوا

لێ ئەستێندرا و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی ڕێی ئازادییەوە. ئەمساڵ شۆڕشێک بەرپا بوو کە لە جیهاندا دەنگی دایەوە و زایەڵەی هەموو دونیای گرتەوە و گەڕایەوە نێو وڵات و نێو کۆمەڵگەی فرە نەتەوەی ئێران.

لە شۆڕشی ژینادا کە لە کوردستان و لە شاری سەقزەوە چەخماخەی لێ درا و هەر لە کوردستانەوە و لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و بانە و تا دەگاتە کرماشان و ئیلام باڵای کرد و هەر لە شارەکەی سنەی باوانەوە بوو کە بە خۆڕاگریی زیاتر لە یەک مانگەی، کوڵەکەی شۆڕشی وەسەر پێ خستەوە و هەموو ئێرانی هێنایەوە سەر خەتی شۆڕشگێڕی و هەستانە سەر پێ و بەگژ ستەمکاریدا ڕۆیشتنەوە. هەر بۆیە کوردستانیش بوو بە لانکەی لەدایکبوونی دروشمی نوێی شۆڕش و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە دەنگی هەڵبڕی و لە هەموو ئێران و جیهاندا دەنگی دایەوە.

ئەوانەی لەم شۆڕشەدا هاتنە سەر شەقام، دەستیان بەتاڵ بوو بەڵام دڵیان پڕ لە هیوا بوو و ئەوان دەیانویست کە ژیانی نێو ئەم جوغرافیایە، ژیانێکی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێ. ئەوان دژی نەریتی کۆنەپەرستانەی بەکۆیلەکردنی ژن و بە سووک چاولێکردن لە مرۆڤەکانی دیکە بوون و پەیام و بانگەوازی بەرابەریی مرۆڤەکانیان پێ بوو. ئاواتی ئەوان تەنیا بەرابەریی ئابووریی نەبوو، لەو خانەدا قەتیسیان نەکردەوە و بەڵکوو ئەوان خولیای ژیانێک و دونیایەکیان هەبوو کە تێیدا هیچ مرۆڤێک بە دەستی مرۆڤی دیکە نەچەوسێتەوە و هیچ مرۆڤێک بە سووک چاوی لێ نەکرێ و کەرامەتی پێشێل نەکرێ.

شۆڕشی ژینا، شۆڕش بوو بۆ ژیان، کە تێیدا ئازادی و کەرامەت و بەختەوەری و هەموو بەهاکان، لە دروشمەوە بکرێن بە کردەوەی واقیعیی سەر کۆڵان و شەقام و هەر بۆیە ژیان لای شۆڕشی ژینا مانایەکی دیکەی هەبوو لە دەرەوەی مانا ساناکەی کە شوکرانەبژێر بین کە هێشتا زیندووین، بەڵکوو ژیان بەو مانایە کە هیچ مرۆڤێک سەروەریی نەبێ بەسەر مرۆڤی دیکەدا و کەرامەتی هەموو مرۆڤەکانی نێو ئەم جوغرافیایە هاوتا و یەکسان بێ.

شۆڕشی ژیان دژی بەمێگەلکردنی کۆمەڵگە و دژی داخرانی مێشکەکان و دژی قوفڵ لێدان لە زمانەکان بوو و بۆیە کاتێک لە بەلووچستان خودانوور لە بەردەم لیوانێک ئاودا دەبەسترێتەوە، لە زانکۆی کوردستان سەدان خوێندکار نومایشی هەمان شت دەکەنەوە تاکوو ڕەنگدانەوەی ئازادیخوازی و پێبەندی بە کەرامەتی مرۆڤ لە هەموو قوژبنێکی ئێران ببینرێتەوە.

هەر لەم شۆڕشەدا کاتێک هەوڵ درا کە بەلارێدا ببرێ و لەباتی بەرابەری و ژیانی ئازاد و ڕێزگرتن لە کەرامەتی هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی، دروشمی دیکە بدرێ و کۆنەپەرستی و سیستمی ڕووخاو زیندوو بکرێتەوە، هەمو تێکڕا دەنگیان بەرز کردەوە و دروشمی دێموکراسی و بەرابەرییان دا. بۆیە شۆڕشی ژینا، شۆڕشی ژیانی ئازاد و یەکسان و بەختەوەرانە بووە و هەموو ئەوانەی دەنگیان هەڵبڕی و لە شۆڕشدا بەشدار بوون، بە خۆشەویستی بۆ ژیانێکی وەها هاتنە سەر شەقام کەچی لەگەڵ دڕندەترین هێزی سەرکوتکەر بەرەوڕوو بوون و بە تەقەکردن لە چاو و شوێنی هەستیاریان هەزاران کەسیان بریندار کرد و بە سەدان کەس لەم شۆڕشەدا شەهیدبوون. ئەوانەی لەم ساڵدا بەرەورووی مەرگ بوونەوە، نەک مەرگدۆست نەبوون و حەزیان لە مردن نەبوو و ئیدیئۆلۆژییان وەکوو ڕێژم مەرگدۆستی نەبوو بەڵکوو لەپێناوی ژیانی باشتر و لەپێناوی خۆشەویستی بۆ ژیان و ژینی بەکرامەتەوە هاتنە سەر شەقام، بۆیە کۆچکردووەکانی ئەمساڵ عاشقترینی زیندووکان بوون، چوونکە عاشقی ڕەسەنترین شت واتە ژیانی ئازاد و بەکەرامەتەوە بوون.

ئەوەی لە درێژەی شۆڕشی ژینادا هاتە ئاراوە، لەبەر نەبوونی ڕێبەرییەکی ڕێکخراو و هاوئاهەنگ بەداخەوە دەرەتان و دەرفەتەکە بەرەو لاوازی ڕۆیشت. هەرچەند لەنێو ڕۆژانی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکدا کە وێنەی حەماسەیی زۆر خولقێندرا و وەکوو لە حەماسەی چلەی ژیاندا ڕووی دا مێژووییترین وێنەکان تۆمار کران، یان لە شوێنەکانی دیکە شکۆی سەرهەڵدان و ڕاپەرین و ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران چ لە کوردستان و چ لە لوڕستان یان بەلووچستان یان لە نێو نەتەوەی گیلەک و شوێنەکانی دیکە، خاوێنترین وێنەکانی خۆشەویستی بۆ ژیان و ئیرادەی سەرهەڵدان و بەپێوە ڕاوەستان تۆمار کران؛ بەڵام نەبوونی ڕێبەریی هاوئاهەنگ، دەرەتانەکەی کز کرد و ئاکاموەرگرتنەکەی ماوەتەوە بۆ قۆناخی دیکە. بوونی ڕێبەری بۆ هەر سەرهەڵدان و شۆڕشێک پێویستیەکی بنەماییە کە دەتوانێ هێزەکان بەدەوری یەک کۆ بکاتەوە و لە پەرتەوازەیی دەریان بێنێ و دونیایەکی دیکەی داهاتوو بخاتە بەرچاوی خەڵک کە بەرەو شوێنێکی هاوبەش و دیاریکراو هان بدرێن.

لە دۆخی ئێستادا کە کۆمەڵگەی ئێران پێیدا تێدەپەڕێ، ئەو ڕێبەرییە ناتوانێ ڕێبەرییەکی فەردی و تاک بێ چوونکە هەر جۆرە هەوڵدانێک بۆ تاکپەرستی یان زاڵکردنی تاک بەسەر شۆڕشدا، دژی بایەخەکانی شۆڕشی ژینایە و خەڵک وەبیری ساڵی ١٣٥٧ دەخاتەوە کە خومەینیی دڕندە کرا بە ڕێبەری سەرەڕۆی شۆڕشەکە و لە ئاکامدا کوشتار و ماڵوێرانیی خراپتر لە پێشووی لێ کەوتەوە.

بۆیە هەر جۆرە ڕێبەرییەک لە درێژەی شۆڕشدا بێتە ئاراوە، دەبێ ڕێبەریی هاوپەیمانی و بەرەیی بێ کە لە تاکپەرستی و زاڵبوونی تاک دەربازی بووبێ و گرووپی ڕێکخراو کە بەرچاویان ڕوونە و درۆ لەگەڵ یەک ناکەن ببنە هاوکار و هاوئاهەنگ بۆ ڕێکخستنی شۆڕش. مەرجی ئەو پێکەوەبوونەش بریتییە لەوەی کە تانوپۆی کۆمەڵگەی ئێران بناسرێ و دان بە واقیعیەتەکاندا بنرێ. ڕێبەریی شۆڕش ناتوانێ دوور بێ لە واقیعی پێکهاتەی کۆمەڵگە، بە واتایەکی دیکە ناکرێ لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئێران لە ئیدیۆلۆژیی چەقبەستوو دەربازی بووە و هاواری یەکسانیی ژن و پیاو دەکەن و باوەڕی بە دەسەڵاتداریی نەژادی و خوێنی و ... و نەریتی کۆن نییە و کۆمەڵگەیەکی فرەچەشن و وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، ئەو ڕاستییانە لەبەرچاو نەگیرێ و یەکێک بیەوێ کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە بۆ سەد ساڵی پێش و یەکی دیکە بۆ ٢٥٠٠ ساڵی پێش و ئەویتر حاشا لە بوونی نەتەوەکان بکا یان گرووپێک بیەوێ ئیدیئۆلۆژیی داخراو یان فاشیستی بەسەر وڵاتدا زاڵ بکا! بۆیە یەکەم مەرجی ڕێبەریی هاوئاهەنگی شۆڕش و سەرهەلدان بریتییە لەوەی ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە بێ.

ئەوەی کە سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکە لە کزی داوە و بەداخەوە سەرکوتکاران دەستیان کردوە بە کوشتار و ئێعدامی ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێران، نیشانەی ڕۆژانێکی سەخت و دژوارن لەسەر ڕێی کۆمەڵگەی ئێران و نەتەوە مافخوازەکان لە ئێراندا. نیشانەکان و هەڕەشە و گوڕەشە و جموجۆڵەکانی ڕێژیم وامان پێ دەڵێن کە ڕۆژانی سەخت و دژوار بەڕێوەن؛ ڕۆژانێکی سەخت و دژوار بۆ هەموو خەڵکانی ئێران و لەولاشەوە ڕۆژانی سەخت و دژوار بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. چوونکە ڕێژیمیش لە قەیران تێنەپەڕیوە تا بە ئاسوودەیی دەست بکا بە سەرکوت و ئەوەی دەیەوێ ، بۆی بڕواتە سەر! بەڵکوو تا دێ دۆخی ڕێژیمی دژوارتر دەبێ و قەیرانەکان لە ساڵی داهاتوو زیاتر بەرۆکی دەگرن، ستەمیشی لەسەر خەڵک زۆرتر دەبێ!

لە ململانێی نێوان ڕێژیمی ستەمکاری کۆماری ئیسلامی و نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی داهاتوودا، چاوەڕوانیی ڕۆژانی دژوار و سەخت دەکرێ، بەڵام لەوپەڕی سەختی و دژواریدا، تیشکی ڕووناکی لەبن هەورە ڕەشەکانەوە دیارە و بەسەر وڵاتدا زاڵ دەبێ. هیوای ئازادیخوازان و خەباتکاران و مافخوازان بۆ سەرکەوتن بە سەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ستەمکاردا زیاتر و زیاتر دەبێ. ڕێژیمێک کە هیچ ڕەوایيەکی نەماوە و تەنیا و تەنیا بەسەر شمشێرە ڕزیوەکەیەوە بەپێوە ڕاوەستاوە، لەم بەرەوڕووبوونەوە دژاورەدا لایەنی دۆڕاو دەبێ چوونکە هەر وەکو ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو دەڵێ، لە مێژوودا تۆمار نەکراوە کە نەتەوە و گەلێک کە ئامادەی نرخدان لە پێناوی ئازادیدا بێ، لەنێو بچێ. ڕووخان و لەنێوچوون ئاکام و دواڕۆژی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستی کۆماری ئیسلامییە و ساڵی داهاتوو ساڵی گەشەکردن و تیشک هاویشتنی هیوا دەبێ.

## خالید عەزیزی:

# ئێرانی داهاتوو بەبێ دانان بە مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دروست نابێتەوە

**ئاماژە: کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ کوردکاناڵ سیاسەت و خوێندنەوی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت پرسە گرینگ و ڕۆژەڤەکانی کوردستان و ئێرانی شی کردەوە. "کوردستان" کاکڵی باسەکانی کاک خالید عەزیزیی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**



### شۆڕشی ژینا لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا

پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەجێدا تەنیا لەسەر بنەڕەتی دێموکراسی و ماف دروست نەبوون و لەسەر بنەمای هێندێک یاسا و ڕێسا دادەمەزرێن و بەرژەوەندییش فاکتەرێکی سەرەکییە. بۆیە وڵاتانی دێموکراتیک کاتێک چاو لەو شۆڕشە دەکەن، بە ئیعتباری کۆمەڵگەکەیان کە دێموکراسیی تێدا هەیە، پشتیوانیی لێ دەکەن. بەڵام نەفسی ئەو پشتیوانییە بە مانای ئەوە نییە وا بەئاسانی بگەنە قۆناغێک دژکردەوەی مەیدانیی لەدژی ئێران لێ بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، پشتیوانیی نێودەوڵەتیی لە شۆڕشی ژینا زۆر بوو. بەڵام ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی دەدات هەر خەڵکی ئێرانن.

لەبەر ئەوەی لە وڵاتانە کێبڕکێی سیاسی لەنێوان حیزبەکاندا هەیە، هەموو شتێک دەکەوێتە بازنەی کێبڕکێی سیاسی کە کێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و ئەوەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ ڕوانگەی بۆ ئێران چ دەبێت. بەڵام، بەگشتی هەموان بەو ئاکامە گەیشتوون دەرنگ یا زوو دەبێ دێموکراسی لە ئێراندا دابمەزرێ و ئەو جووڵانەوەیە دەبێ سەر بکەوێت. ڕاستە خۆپێشاندانەکان دژی کۆماری ئیسلامی کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتیی جیهان داناوە، بەڵام نیزامێکی سیاسی تەنیا بە خۆپیشاندان ناڕووخێ. ئەوەی ئەو نیزامە لەنێو دەبا، بەدیل و ئاڵترناتیڤە. کۆمەڵگەی دنیای دەرەوە لە ئێستادا، بەدووی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا ناگەڕێ. دنیای دەرەوە نەک لە ڕوانگەی مافەوە، بەڵکوو لە سۆنگەی ئەمنییەتی جیهانییەوە چاو لە مەسەلەی ئێران دەکا و دەپرسن ئەو نیزامە بڕوا و نەمێنێ کێ جێگای دەگرێتەوە؟

### پرسی ئاڵترناتیڤ و هاوپەیمانیی سەراسەری دژی کۆماری ئیسلامی

بەردی بناغەی دروستبوونی حیزبی دێموکرات لەسەر پێناسەی نەتەوایەتی و مافی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بۆ ئەوەی ئەو مافانە بەدی بێن و بۆ ئەوەی ئێمە دەستمان ئاواڵا بێ چۆن لەسەر ئەو مافانە دانوستان بکەین، قەت بە نیسبەت داهاتووی ئێران بێتەفاوەت نەبووین. دارولەلەی ئەوەشمان ئاوا داناوە کە دەبێ ئێران دێموکراسیی تێدا هەبێ و ئەو دێموکراسییەش بە ئێمەی کورد بەتەنیا دانامەزرێ. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و چارەسەرکردنی مەسەلەکەش تابعێکە لەو ڕاستییە. ئێمە لە هەموو ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی هەتا ئێستا لەگەڵیان دانیشتووین، پێمان گوتوون وەکوو حیزبی دێموکرات بۆ دروستکردنەوەی ئێران لەگەڵ ئێوە شان وەبەر دەدین، بەڵام لەبیرتان نەچێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندنەوەیەی خۆی بۆ داهاتووی ئێران هەیە و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەو وڵاتە لە پێش هەموو شتێکەوەن. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە، یەکجار زۆر بڵاون ئێمەش نەمانویستووە لەگەڵ لایەک بچینە نێو جۆرێک هاوپەیمانی و بکەوینە نێو دژایەتیی لایەنەکانی دی. ئێمە بێ تەفاوەت نین و لەنێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامییشدا کەس بە دوژمنی خۆمان دانەنێین، لەگەڵ هەموو لایەنەکان دانیشتنمان دەبێ، بەس کە دەگەڕێینەوە سەر چەندوچۆنی و ئیدارە و مودیرییەتی سیاسیی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی نیزامی سیاسیی، لێرەدا قسەی خۆمان هەیە و ئەو قسانەش تابعێکە لە بەرنامەی سیاسی و بیروباوەڕەکانی حیزب دێموکرات.

### ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزب لەسەر داهاتووی ئێران

ئێمە لە ڕابردوودا لەوپەڕی خەباتی پێشمەرگانە و نیزامیی خۆماندا کە دژی کۆماری ئیسلامی بەرگریمان لە کوردستان دەکرد لە هاوپەیمانییەکدا بووین بە ناوی شوڕای میلليی بەرگری. تەنانەت لەو شوڕایەدا بەڵگەنامەی خودموختاریی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا ئیمزا کراوە. ئەگەر وایە ئەزموونمان لەوەدا هەیە یەکەم. دوویەم، ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەو نەتەوانەی باوەڕیان بە ئیدارەی ئێران بە شێوەیەکی فیدراتیو هەیە، کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدڕاڵی ئێران‌مان وێک هێناوە و لەگەڵ ئەوانیش هاوپەیمانیمان هەیە. سێهەم، جیا لەوە لەگەڵ هێندێک لە لایەنەکانی دیکە کە بۆ دێموکراسی کار دەکەن و هەماهەنگی و هاوکارییەکیان لە دەرەوەی وڵات هەیە و بە جۆرێک بە هاوپەیمانی خۆمانیان دەزانین، لەگەڵ ئەوانیش چەند هاوپەیمانییەک هەیە. دواجار لە تەنیشت ئەوانەشدا لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە لە وتووێژداین لەسەر ئەوەی چۆن دەتوانین مەنشوورێک ڕابگەیەنین یا ڕێککەوتنێکمان هەبێت، بۆ ئەوەش دەبێ هەموان ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران قبووڵ بکەین. ئێمە چەند سێلبریتییەک نین کە کە ڕابردووی حیزبیمان نەبێت و ڕەنگە زۆربەشیان عادتیان بە دارولەلەی چەندوچۆنیی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ نەبێت؛ ئێمە حیزبێکی سیاسیی بەڕابردووی زیاتر لە حەفتا ساڵەین و زۆر سرووشتییە حیزبی دێموکرات سەنگوسووکیی خۆی لەهەمبەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا هەبێت.

### حیزب و "مەنشوور"ەکانی تا ئێستا

بێگومان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئێران ڕێگاچارەی جۆراوجۆر و تەیفی جۆراوجۆر و مەنشووری جۆراوجۆر دەبن، بەڵام ئێمە بە ڕاشکاوی گوتوومانە لەگەڵ دوو سیستمەم یان دوو نیزامی سیاسی نین، چونکە تەجرووبە کراون. یەکیان نیزامی پاشایەتیی ئەوی دیکەشیان نیزامی ئیستبدادی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی. جا ئەگەر وایە ئێمە ئەگەر ئەوەمان وەلا نا، دەبێ بێینە سەر شکڵی ئیدارەی حکوومەتی داهاتووی ئێران. ئێمە لەگەڵ سیستمی کۆماری هیچ دژایەتییەکمان نییە و بە شتێکی زۆر باشی دەزانین. بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە کە ئێران بە شێوەیەکی فیدڕاتیو ئیدارە بکرێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێرانیش لە بەرنامەی خۆیدا فیدڕاڵیزمی هێناوە. لە تەنیشت ئەوانەدا کۆمەڵێک حەللی دیکەش هەیە. ئێمە تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە دانیشتنەکانی خۆمان هەیە، لەڕاستیدا ئەو مەنشوورەی بەردی بناغەکەی لە جۆرج تاون داندرا و ئێستا لە هەشت کەسەکە شەش کەسیان ئیمزایان کردووە، ئێمە دوژمنایەتییان ناکەین بەڵام تێبینیمان هەیە و پێمان وایە ڕوحی ئەو مەنشوورە لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران نایەتەوە.

خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران ئەوەیە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و دەبێ ماف نەتەوەکان بە جۆرێک کە ئێمە ڕێککەوتنی لەسەر دەکەین، تێیدا دیار بێ. گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران لە دەرەوە ئەوەیە بەپێچەوانەی ڕوحی هاوکاریی و هەماهەنگی لە نێوخۆی ئێران کاتێک کە دێینە سەر چەندوچۆنی قسەکردن لەسەر ڕێگاچارەکان زۆر زوو باسی تەواویەتی ئەرزیی ئێران دەکەن و زۆر زووش پێیان وایە ئەوە لایەنێکە [کورد] ئێران تەجزییە دەکا. بەشێک لەوانە بەدوای ئەوەدا نین کە لە داهاتووی ئێراندا چ لە تاران و چ لە ئیدارەی ناوچەیی نەتەوەکانی ئێراندا قسەی لەسەر بکەن و ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵیان. بەڵام با ئەوان بۆچوونی خۆیان بێنن و ئێمە بۆچوونی خۆمان دێنین قسەیان لەسەر دەکەین. لە کۆتاییدا ئێمە تێ‌دەکۆشین پێوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان باش بێت، بەتایبەتی لەگەڵ زۆرێک لە لایەنەکان کە بەدوای ئاڵترناتیڤی کۆماریدا دەگەڕێن بۆ داهاتووی ئێران و نەتەوەکانی ئێرانی فدڕاڵ لە وتووێژەکانمان بەردەوام بین. ئێمە نابێ بەپەلە بچینە نێو هەر ئاڵترناتیڤێک. ئێمە حیزبین و بەپێی ئوسوولی حیزبی خۆمان کار دەکەین، ئەو حیزبەش پێی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانی ئێرانە و خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییان لەو حیزبە هەیە. بۆیە زۆر بەڕاشکاوی و بە ئیعتباری خەبات و تێکۆشانی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات و ئەو جووڵانەوەیەی لەنێوخۆی وڵاتدا هەیە، ئێرانی داهاتوو ئەگەر کوردی بە مافەکانیەوە لەگەڵ نەبێ هەرگیز ئەمنییەت و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ. ئێران بەبێ کورد و میللەتەکانی دیکە دروست نابێتەوە. ئەوانیدی دەبێ قبووڵی بکەن ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و هەرکات دانیان بەوە دانا، شۆڕ دەبینەوە بۆ بابەتەکانی دی و لەسەر چارەسەرەکان ساغ دەبینەوە.

### جۆراوجۆرییە نەتەوەییەکان لە ئێرانی داهاتوودا

ئێمە ئێمە شتێکمان نییە بە ناوی نەتەوەی ئێران. نەتەوە دەبێ ڕاستەوخۆ پێوەندی بە شۆناسێکی ئێتنیکی، میللی و زمانی هەبێ، ئێمە کورد، بەلووچ، تورک، فارس، عەرەب و نەتەوەی دیکەمان لەو جوغرافیایەدا هەیە کە پێچەوانەی دەستەواژەی باو هیچیان کەمایەتی نین. ئەمن وەک خۆم لە ئێراندا باوەڕەم بە کەمینە و زۆرینە نییە. کام نەتەوە لە بەرامبەر نەتەوەکەی دیکەدا کەمینەیە، هیچیان. وەک نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتیش بەنیسبەت داهاتووی ئێران لەسەر ئەو بنەمایە بێتەفاوت نەبووین و نین. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات پەلەمان نەکردووە و ئاوا لە بابەتەکە ناڕوانین کە چەند کەس و سێلێبریتی کۆ ببنەوە و وەکوو ئەوەی "جۆرج تاون"ی واشینگتۆن شتێک بدەنێ دەرێ و ئیدی تەواو. بە باوەڕی ئێمە هەر شتێکی گرینگ و شوێندانەر دەبێ لاقی لەسەر عەرز بێ. بۆ؟ چونکی هەروەک گوتم ئێمە بەرانبەر بە خەڵک خۆمان بە بەرپرس دەزانین و جووڵانەوەکەش کۆمەڵە ئەرکێکی بۆ ئێمە داناوە. ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە بەها و بایەخەکانی ئەم شۆڕشە بپارێزین، هەڵبەت ئەو بەو مانایەش نییە کە ئێمە دەرگای دیالۆگ و دانوستان لە خۆمان دابخەین. ئێمە بڵێی و نەڵێی پێویستیمان بە هاوپەیمان هەیە، چونکە نە بەتەنیا ئەو نیزامەمان بۆ دەڕووخێ و نە دەتوانین بە تەنیا ببین بە ئاڵترناتیڤ.

### حیزبی دێموکرات و موجاهیدن و داهاتووی ناوەندی هاوکاری

ناوەندی هاوکاری لەجێدا ناوەندی هاوکارییە. دوو لایەنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لەپێوەندی لەگەڵ ڕووداو و بابەتی ڕۆژانە، لەگەڵ یەکتر هاوکارییان هەیە. ناوەند هەڵناوەشێتەوە و دەبێ لە درێژەی کاری خۆیدا ببێ بە بەرە و ئێمە هەتا وەک حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە و هەتا ئێستاش بە هەست بە بەرپرسیاریتییەوە درێژەی بە کاری ئەو ناوەندە داوە.

بەڵام لەبارەی موجاهیدینەوە، سروشتییە کە حیزبی دێموکرات بە دوای دۆست و پارتنەردا دەگەڕێت و لەو چوارچێوەیەدا لەگەڵ موجاهیدینیش یەکتریمان بینیوە. حیزبی دێموکرات دوژمنایەتیی لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی نییە و دەیەوێ بەردەنگ بۆ کورد ببینێتەوە و ئەوە سیاسەتێکی بەرپرسانەیە. دانیشتن لەگەڵ موجاهیدین، دانیشتن لەگەڵ کۆماریخوازان، دانیشتن لەگەڵ ئەو سلێبریتییانە، دانیشتن لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکان، دانیشتن لەگەڵ هەموو ئەو ئێرانییانەی دژبەری ڕێژیم ئەرکی ئێمەیە و لەپێناو دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و ئاڵترناتیڤێکی کارا کە جێگای کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە؛ دەبێ لەسەری بەردەوام بین. دواجار وەکوو حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەداین کە یەکڕیزیی نێوماڵی کوردی دەتوانێ پێگەیەکی تایبەت بە کورد ببەخشێت و ببێتە بەشێک لە ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی.

## مستەفا هیجری:

# ئەگەر یەکگرتوو بین، کوردستان دەبێتە خاوەن پێگە و سەروەری

کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بە سەرنجدان بە پێویستیی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی زیاتری هەموو کوردستانیان، ڕایگەیاند تا ئەوکاتەی پشت و پەنامان کوردستانیانی خۆڕاگرە و یەکگرتووییمان سەنگەری یەکەم و دوارۆژی خەباتەکەمانە، کوردستان تووشی سەرلێشێواوی نابێ.

دەقی پەیامەکە:

**هاونیشتمانیانی هێژا!**
**کوردستانیانی خۆڕاگر!**

خۆرهەڵاتی کوردستان بە کات و ساتێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێ. لە لایەکەوە لەگەڵ پاوانخوازی و داگیرکاریی کۆماری ئیسلامیدا ڕووبەڕوویە و لەلایەکیترەوە لەگەڵ مەترسیی دوبارە بنیاتنانەوەی پاوانخوازی و داگیرکاری دوارۆژ لە ئێراندا لە ململانێدایە. بۆیە ئەوەی دەتوانێ لەم دۆخەدا ئارامی و سەرکەوتنمان لە دوارۆژدا مسۆگەر بکات، شتێک نییە بێجگە لە یەکگرتوویی، پێکگەیشتن و لەیەکگەیشتنی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی.

ئەوەی تاکوو ئەمڕۆ لە پاش شەهیدبوونی ژیناوە بۆتە هۆکارێک کە کۆمەڵگە و نیشتمانەکەمان باڵای بەرزە، یەکگرتوویی کوردستانیان و هێزە خەباتکارەکانی بووە. بەڵام ئەم یەکگرتووییە بێ کۆسپ نەبووە. کۆماری ئیسلامی لەلایەک و لایەنگرانی پاوانخوازی لە دەرەوە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ڕێز و هەیمەنەی ئەم یەکانگیرییەی کوردستان بخەنە ژێر پرسیار و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە سەنگەری کوردستان لەرزۆک بکەن و بێهیوایی ببەخشنە کوردستانیان.

جیاوازیی بیروڕا لە کوردستان بابەتێکی ئاساییە و نیشانەیەکی جدییە لە کۆمەڵگەیەکی زیندوودا. بەڵام خاڵی جیاکەرەوەی جیاوازیی بیروڕا و پرسە نیشتمانییەکان ئەوەیە کە هەموان دەبێ پێبەندی بنیاتە سەرەکییەکانی هێڵە نیشتمانییەکان بین. ئەو هێڵانەی کە خۆی لە مسۆگەرکردنی ئاسایشی ناسنامەیی و چوارچێوەی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کوردستانیان لە ئیلام و کرماشانەوە تاکوو سەرووی خۆرهەڵاتدا دەبینێتەوە.

ئێمە گومانمان نە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان و نە لە قەوارەی جوغرافیایی-سیاسیی خۆرهەڵات و نە لە خاڵە بنچینییەکانی مافی کوردستانیان نییە؛ بۆیە پێویست ناکات خۆمان و کۆمەڵگاکەمان تووشی دڵەڕاوکێ بکەین. چونکە ئێمە هەردەم ئامادەیی ئەوەمان تێدا بووە بەرەو قۆناغێک هەنگاو بنێین کە تێیدا یەکیەتیی ئارەزوومەندانە بنیاتێک بێت بۆ دوارۆژی ئێران کە تێیدا کوردستان خاوەنی مافەکانی خۆی بێ. پێناچێ هیچ کوردستانییەک دژی ئەم مافە بێ، بەڵام ئەوە شوێنکەوتووانی پاوانخوازین دەیانهەوێ وا پێشان بدەن کە دەتوانن درز بخەنە نێو ڕیزی یەکگرتوانەی کوردستانیان.

لە دواییدا وەک بەرپرسیاریەتییەک دەمهەوێ ڕاوەستە لە سەر ئەوە بکەم تا ئەوکاتەی پشت و پەنامان کوردستانیانی خۆڕاگرە و یەکگرتووییمان سەنگەری یەکەم و دوارۆژی خەباتەکەمانە، کوردستان تووشی سەرلێشێواوی نابێ. چونکە حیزبە سیاسییەکانی ئامرازی سیاسین بۆ ویست و مافە نیشتمانییەکان، نەک نیشتمان کەرەسەیەک بێ بۆ حیزبەکان. بۆیە پێویست دەکات هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بێ لە ئاست خواست و ویستی هاووڵاتیانی کوردستاندا بین. ئەزموونی باشوور، ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان وانەگەلێکی گرانبایان فێر کردووین کە ئەگەر یەکگرتوو بین، کوردستان دەبێتە خاوەن پێگەو سەروەری و ئەگەر پارچە پارچە بین داگیرکاری و لەدەستدانی نیشتمان چاوەڕێمان دەکات.

بۆیە داوا دەکەم:

با هەموومان بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان قەڵەم، زمان و کردەوەمان لەڕاستای بەهێز کردنی ئەو یەکگرتوویی یە بخەینەگەڕ، یەکگرتوویی هەم لە نێوخۆی کوردستان و هەم یەکگرتوویی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران. لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیمان بەو یەکگرتووییە هەیە. داوایەکی دیکەم لە کوردستانیانی خۆشەویست لە نێوخۆ و دەرەوە ئەوەیە با خۆمان بۆ نەورۆزی ئەمساڵ ئامادە بکەین. بۆیە ڕووم لە لە کوردستانیانی جامانەپۆش، ڕۆڵە خاکیپۆشەکان، ئەویندارانی زەماوەندی ئاڵا، خەباتکارانی حەماسەی کرماشان و لە دواییدا کورسانەکەی باوان ئەوەیە، نەورۆزی ئەمساڵ بکەن بە نەورۆزی بەرخۆدان و بەرەنگاری بۆ پتەوکردنی سەنگەری یەکگرتوویی نیشتمان.

پەنا و دوا وێستگەی ئارامی ئێمە لە کوردستانەوەیە و هەر کوردستان دەبێ تاکوو بە هەموان بڵێین: کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندووە.

**مستەفا هیجری**
**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٦ی ڕەشەممەی ١٤٠١**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو




به داخ و کەسەرەوە ڕادەگەیەنین کە خاتوو هێلێن کرۆلیش ناسراو بە خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەر و هاوڕێ و هاوبیری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری بەناوبانگی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و خەباتکاری ناسراوی ئازادی و دێموکراسی، ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠ مارسی ٢٠٢٣ زایینی(١٩ ڕەشەمەی ١٤٠١ هەتاوی) بە هۆی نەخۆشی و بەساڵداچوویی لە تەمەنی ٨٩ساڵیدا لە شاری پاریس کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنە خەمهێنەرەوە وێڕای بەداخبوون بۆ ماڵئاوایی ئەم خاتوونە بەڕێزە پرسە و سەرەخۆشیی ڕێبەرایەتیی حیزب ئاراستەی هەموو خزم و کەس و دۆستانی نەسرین خانم و سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی دڵسۆز و ئەمەگناسی خەڵکی کوردستان و خۆمان دەکەین، و خەمی لە دەستچوونی نەسرین خانم بە هی هەموولایەک دەزانین.

خاتوو نەسرین قاسملوو ساڵی ١٣١٢ هەتاوی لە شاری پڕاگ لە پێتەختی وڵاتی چێکوسلۆاکیی ئەوکات لەدایک بوو. خوێندنی لە زانستگەی ئەم شارە دەست پێ کرد و لە سەردەمی خوێندکاریدا لەگەڵ ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو کە ئەویش ساڵەکانی کۆتایی خوێندنی لەم زانستگەیەدا تێپەڕ دەکرد ئاشنا بوو. دواتر ئەو یەکترناسینە لە ساڵی ١٩٥٢ زایینی بەرانبەر بە ١٣٣١ هەتاویدا پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی لێکەوتەوە. لەو کاتەوە تا کاتی ماڵئاواییکردنی، خاتوو نەسرین قاسملوو لەگەڵ کورد و خەبات و بزووتنەوە ڕەواکەی ژیا و بە ئاواتی دیتنی ئازادی و بەمافگەیشتنی نەتەوەی کورد سەری نایەوە و لە ڕاستیدا چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی کورد و خەباتەکەیەوە گرێ دا.

وەفاداریی نەسرین خانم بە ڕێباز و حیزبەکەی دوکتور قاسملوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ساڵانی دوای شەهیدکرانی دوکتور قاسملووشدا بەرچاو و بەردەوام بوو. هەرگیز چ لە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیدا و چ لە بیروباوەڕی دێموکراتیانەیدا لە حیزبەکەی دوکتور قاسملوو مەودای نەگرت و حیزبی دێموکراتیش چاوی لەسەر هەڵنەگرت. نەسرین خانم وێڕای دوکتور قاسملوو هەموو ئەو گرفتانەی ژیانی نهێنی لە تاران و ئاوارەیی لە عێراق و دواتر لە ئورووپای بەدڵ وەرگرت و بیرەوەرییەکانی خۆی لەو ژیانە پڕ ئازار و مەینەتەدا لە کتێبی (ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان)دا بەیان کردووە.

بەرهەمی ژیانی هاوبەشیی دوکتور قاسملوو و خاتوو نەسرین قاسملوو دوو کچ بە ناوەکانی "مینا" و "هیوا"ن کە ئەوانیش بە هۆی ئەرکی خەباتگێڕانەی دوکتور قاسملوو زۆر بەکەمی لە نازی باب کەلکیان وەرگرت. مانەوەی ماوە بە ماوەی نەسرین خانم لە شاخ و بوونی لە پەنا دوکتور قاسملوو و ناسینی لە نزیکەوەی پێشمەرگە و ژیانی شۆڕشگێڕانەیان هەم نەسرین خانمی لە دڵی پیشمەرگە و تێکۆشەرانی دێموکراتدا جێ کردبۆوە و هەم تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و ئاواتەکانی ئەو نەتەوەیەی بۆ هەمیشە لە دڵی و زەین و مێشکی نەسرین خانمدا بۆ هەمیشە زیندوو ڕاگرتبوو.

جارێکی دیکەش بە ناوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خەمی خۆمان بۆ لەدەستچوونی نەسرین خانم دەردەبڕینەوە و یاد و ناو و زەحمەتەکانی بۆ هەمیشە لە یاد و لەبیردا دێڵینەوە.

ڕوحی شاد و ئاواتەکانی بێنە دی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**٢٠ی ڕەشەمەی ١٤٠١ هەتاوی**
**١١ی مارسی ٢٠٢٣ زایینی**

**محەممەدنەزیف قادری:**

# ئامانجی شۆڕشی ژینا لادانی دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدڕاڵ

هەپەیڤین: دیاکۆ دانا



بەرایی:
***دوای تێپەڕینی شەش مانگ لە شۆڕشی ژینا لەمەڕ هۆکارەکان، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کورد و هەروەها شوێنکاری لەسەر دۆخی نێوخۆیی و دەرەکیی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئەو شۆڕشە بیروبۆچونی جیاواز لە ئارادایە. لەو نێوەدا هەرکەس و لایەنێک بە شێوازی تایبەت بە خۆی و لە گۆشەنیگای خۆیەوە لێکدانەوە بۆ ئەو شۆڕشە و دەرنجامەکانی دەکات. "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەو بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ کاک محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی ناوەندیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە.***

**کاک محەممەدنەزیف شەش مانگ لە شۆڕشی ژینا تێپەڕی. لە ئێستادا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم شۆڕشە بە گشتی چۆنە و بە بڕوای ئێوە دەستکەوتەکانی بۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەت کوردستان کامانەن؟**

بە بڕوای من و زۆر کەسی تر کە لە نیزیکەوە ئەم قۆناغە نوێیە کە بە شۆڕشی ژینا ئەمینی (مەهسا) ناودێر کراوە ئاگادارین، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە شەهیدکردنی ئەم کچە کوردە بێتاوانە، مەرگی سیاسیی خۆیان واژۆ کرد. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی شەهیدکردنی ژینا، دوای ئەزیەت و ئازارێکی زۆری ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و بە تایبەت ژنانی مافخواز و خەباتگێڕ، ئەم تاوانەیان لەقاو دا و ڕای گشتی گوشارێکی زۆری خستە سەر ڕێژیم و داوایان کرد تاوانبارانی ئەم جینایەتە سامناکە بە سزای ئەو تاوانەیان بگەیەنن.

بەرپرسانی ڕێژیم وەک هەمیشە ئەم نارەزایەتییانەیان پشتگوێ خست و بە شێوەی جۆراوجۆر پاساویان هێنایەوە و تا ڕادەیەک هەڕەشەیان لە بنەماڵەی ژینا کرد، کە بێدەنگی بگرنە بەر و بێ خەبەر بوون لەوەی کە خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان و چالاکڤانانی ژن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر ئەم تاوانە بێدەنگ نابن. ئەوە بوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەیەکدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی کرد لە بەرامبەر ئەم کردەوە دژە مرۆییەدا بێ دەنگ نەبن. ئەوە بوو بێ دواکەوتن خەڵکی بوێری کوردستان ئەم ڕووداوەیان کردە دەستپێکی شۆڕشێکی نوێ و لە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی تەرمی خاتوو ژینا لە سەرتاسەری ئێرانەوە لە هەموو چین و توێژەکانەوە بەشدارییەکی مێژوویی و بێ وێنە کرا و شاری سەقز بوو بە مەکۆی ئەم شۆڕشە و دواتر شاری سنە و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێرانی گرتەوە.

لە ئاستی ئێراندا ئەم شۆڕشە گوتاری ئازادیخوازی، مافخوازی و وەلاتانی ئەو بە نێو یاسا و ڕێسایانە بوو دژی ژن و... بانگەشەی یەکیەتی و یەکڕیزیی گەلانی ئێران و هەمبەستەگی و هاوخەباتی لە سەرتاسەری وڵات بوو. جیاوازییەکی ئەم شۆڕشە لەگەڵ بزووتنەوەکانی ساڵانی ڕابردوو لەوەدا بوو کە خۆپێشاندەران یەکدەنگ دروشمی ڕووخانی ڕێژیمیان هەڵگرت و تا ڕادەیەک ئەوانەش کە بە جۆرێک بە هیوای ئاڵوگۆڕ لە ڕێژیمدا بوون بە ئەم شۆڕشەوە پەیوەست بوون و ڕێبەرانییان پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا لەژێر ناوی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرتاسەری ئێران و دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشی تەنییەوە و ئێستا شۆڕشی ژینا بۆتە هیواییەک بۆ داهاتووی ئێران و ئازادبوونی وڵات لە دیکتاتۆریی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە ئاستی کوردستانیشدا شۆڕشی ژینا سیمایەکی مرۆڤدۆستانە، شۆڕشێکی ئەمرۆیی لەسەر بنەمای هاوخەباتی و پێکەوەژیانی گەلانی ئێرانی پیشان دا. جارێکی دیکە ڕۆڵ و دەوری کوردی دەرخست و گەلی کورد و کوردستان بوونە هەوێنی ئەم شۆڕشە سەرتاسەرییە بە تایبەت ژنان، لاوان، خوێندکاران، هونەرمەندا و وەرزشوانان پێشەنگی ئەم کاروانە پڕ لە شانازییە بوون و هەر ئەم یەکیەتی و یەکڕیزییەی گەلی کورد بوو کە لە سەرتاسەری ئێرانەوە دەیان دروشمی شیاو بۆ کوردستان درا.

**لە ڕەوتی ئەم شۆڕشەدا دیتمان کۆماری ئیسلامی، بە توندترین شێوە خۆپیشاندەرانی سەرکوت کرد و ڕەفتاری سەرکوتکارانەی ڕێژیم کاردانەوەی جیددی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدواوە بوو. بە بڕوای ئێوە بە گشتی ئەو شۆڕشە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی ئەو ڕێژیمە لە ئاستی نێودەوڵەتی دانا؟**

هەروەک ئاماژەم پێ دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەکردن لە بنەماڵەی ئەم شەهیدە و وەجووڵەخستنی هێزەکانی بۆ سەرکوت و گرتن و ئازار و ئەشکەنجەی پێشڕەوانی ئەم شۆڕشە، لە تەواوی شارەکان کەشێکی ئەمنییەتیی وەڕێ خست و بە سەدان کەسی شەهید و بریندار و هەزاران کەسیشی قۆڵبەست و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکان کرد. لە بەرانبەر ئەم کردەوە فاشیستییانەی ڕێژیم، لە سەرتاسەری جیهان وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوو، ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بە تایبەت کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پارلمانی ئورووپا، کۆنگرەی ئامریکا و ڕاگەیەنەکان پشتیوانییان لەم شۆڕشە کرد و لە چەندین شاریش لە ئورووپا و... شەقامەکانییان بە ناوی ژیناوە ناودێر کرد و ئەم شۆڕشەیان وەک شۆڕشێکی مرۆڤدۆستانە و دێموکراسیخوازانە پێناسە کردووە و هەنووکەش لەژێر ڕووناکایی ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە کۆڕوکۆبوونەوە دەگیرێ.

لە پارلمانی ئورووپا پرسی بە تێرۆریستی ناساندنی سپای پاسداران پەسەند کرا و لە ناوەندەکانی بڕیار لە ئورووپا و ئامریکا و... بە دەیان کەس لە بەرپرسانی دژی گەلیی ڕێژیم گەمارۆییان خرایە سەر. خاڵی بەهێزی ئەم شۆڕشە لەوەدایە تا دوێنێ وڵاتانی دەرەوە باسی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمیان دەکرد و هەنووکە لە ناوەندەکانی دیپلۆماسیدا پرسی گۆڕینی ڕێژیم باسی لێوە دەکرێ و سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرەوە ئەوە هەنگاو دەنێ ئەم ڕێژیمە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی. بانگهێشتنەکردنی هەیئەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆبوونەوەی ئاسایشی جیهانی لە میونیخ لە ئاڵمان دەرخەری ئەم ڕاستییەیە.

**وەک دەزانین تا ئێستا لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی گشتگیر لەنێوان ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و ئۆپۆزیسیۆنی کورد نەهاتووەتە ئاراوە. بە بڕوای ئێوە هۆکارەکانی ئەو لێکتێنەگەیشتنە چییە؟**

پرسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کورد پرسێکی هەستیارە. ڕوانگەکان جیاوازن بۆ گەیشتن بە هاوپەیمانییەکی سەرتاسەری و جێگرەوەیەک بۆ ڕێژیم و هەوڵەکان تا ئێستا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوون. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵێکی چڕوپڕمان داوە و لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاوپێکەوتن و کۆڕوکۆبوونەوەمان بووە و جگە لە هەوڵەکانی حیزب، لە ناوەندی هاوکارییش لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە هەوڵ و تەقەلا داین و ئەم هەوڵانەشمان بەردەوامە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان و دۆستانمان بە ڕێککەوتنێک بگەین.

بۆ ئێمە شوناسی نەتەوەیی، ئامانجە نەتەوەییەکان و کوردستانێکی خاوەن سیستمی حوکمڕانی کە دەرخەری هێمایەکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک، فێدراڵ و سێکۆلار بێ گرێنگە. بەداخەوە بەشێک لە بەناو ئۆپۆزیسیۆن، بیرکردنەوەیەکی فاشیستانەییان هەیە و ئامادە نین ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەن کە وڵاتی ئێران فرەنەتەوە و فرەزمانە، ئەم بیرکردنەوەیە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای هاوکارییە و لەمپەرە بۆ یەکگرتوویی بەرینتر. دیارە هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە نە لەنێوخۆی وڵات و لەنێو گەلانی ئێران و هێزە چەپ و دێموکراتەکاندا زۆر دەوریان نییە. ئەوەی دەتوانێ دەوری ئەرێنی بگێڕێ ئەو هێزانەن کە لە گۆڕەپانی خەباتدان.

**لە ماوەی ڕابردوودا، شێوازی چالاکی و ڕوانگە و بیرۆچوونی سەڵتەنتخوازەکان کاردانەوەی زۆری لایەنەکانی تری ئێرانی و کوردستانی لێ کەوتوتەوە. حیزبی دێموکراتیش ڕایگەیاندووە ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی نییە. ئایا ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکرات بە واتای مەرجدارکردنی هاوکارییە یان بە گشتی ڕەتکردنەوەی سیستەمی سەڵتەنەتە بۆ داهاتووی ئێران؟**

سەبارەت بە سەڵتەنەتخوازی، ئەزموونی سیستمی پاشایەتی ئەزموونێکی تاڵ و شکست خواردووە و گەلانی ئێران لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا وەلایان ناوە. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە و دەوروبەرییان ئێستاش بە ئەو عەقڵییەتەوە دەیانەوێ سیاسەت بکەن و ڕێبازی شۆڕشی ژینا بە لاڕێدا ببەن، شۆڕشێک کە لەسەر بنەمای هەمبەستگی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی مافە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران و هەڵگرتن و لابردنی یاسا و ڕێسا دژەمرۆییەکان بەرامبەر بە ژنان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قوربانیی بۆ دراوە، کەچی دەبینین لایەنگرانی ئەو بیرە کە هەر ئێستا ڕێگە خۆشکەرن بۆ ڕێکخستنەوەی سپای پاسداران و قاتڵانی خەباتگێڕانی شۆڕشی ژینا.

بۆیە ئامانجی شۆڕشی ژینا ئامانجێکە کە بانگەشە بۆ ڕزگاریی ئێران لە چنگ دیکتاتۆریی و دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، سێکۆلار و فێدراڵ دەکات. ئێمە پێمان وایە ئامانجەکانی خەڵکی ئێران لەو جۆرە سیستمە حوکمڕانییەدا وەدی دێ و ئەرکی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و خەباتگێڕەکانە کە ئەم سیاسەتە بگرنە بەر. چونکە ئەزموونی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە سیستمێکی ناوەندگەرا و پاوانخواز ناتوانێ ویستی خەڵک دابین بکا، سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش زۆر ڕوون و ئاشکرا پشتبەستووانە بە ئیرادەی گەلی کورد پێداگری لەسەر شوناسی نەتەوەیی و هاوخەباتی لەگەڵ ئەو حیزب و لایەنانەیە کە باوەڕمەند بە ئەو سیستمە حوکمڕانییەن کە خەڵک لە سێبەریدا بە ئاسوودەییەوە بژین.

**کاک محەممەدنەزیف لە ئێستادا دەزگای پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات وای بنوێنێت شۆڕشی ژینا کۆتایی هاتووە و لێدوانی بەرپرسانی باڵای ئەو ڕێژیمە بە جۆرێکە کە گوایە دوژمنێکی دەرەکییان شکست داوە. ئەمەش بەئاشکرا بووەتە هۆی تووڕەیی خەڵک. بە گشتی خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم دۆخەی ئێستا چۆنە و داهاتووی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و ئێران چۆن دەبینن؟**

من پێچەوانەی پڕوپاگەندەکانی سەرانی ڕێژیم، لەو باوەڕەدام شۆڕشی ژینا پەیامێکی بە کۆمەڵانی خەڵک داوە لە خەبات و بەرخۆدان بەردەوام بن، ئیرادەی خەباتگێڕیی کوڕان و کچان و ژنانی بەهەڵوێست نیشانیان دا لە هیچ هەڕەشەیەکی ڕێژیم سڵ ناکەن و تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان و بە چۆکداهێنانی ڕێژیم لە خەبات بەردەوام دەبن. پەیامی شۆڕشی ژینا یەکیەتی و هەمبەستەگییە بە ئامانجێکی مرۆڤدۆستانە و یەکسانیخوازانەوە. دروشمەکانی ئەم شۆڕشە دژی هەر جۆرە هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریی و کۆنەپەرستی. بە ئەو هیوایەوە گەلی کورد و گەلانی ئێران و هەموو ڕۆڵە مافخوازەکانی وڵات لەژێر سێبەری شۆڕشی ژن، ژیان. ئازادیدا بە ئاواتەکانییان بگەن.

# کوێریان دەکەن، قڕیان دەکەن، قوڕتان بەسەر


عەلی بداغی



پرۆژەی دەرمانداوکردنی قوتابییانی کچ لە خوێندنگەکانی ئێران وەک تاوان و جینایەتی دژی مرۆڤایەتی قۆناغی حاشاکردنی تێپەڕاندووە و ئێستا دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ناوەندە ئەمنییەتییەکان لە تەنیشت ڕاکردن لە بەرپرسایەتیی جینایەتەکانیان دەستی چەوری خۆیان بە کێ دەسڕن و بڕیارە کێ ببێتە قوربانیی سیناریۆی نویی ڕێژیم بۆ کپکردنی شۆڕش و لەباربردنی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک.

لەبیرمانە کە خامنەیی لە یەکەم کاردانەوەی بە خۆپێشاندانەکاندا گوتی ئەم سەربزێوییە! دەستی دەرەکیی لەپشتە و سەبارەت بە بەشداری و نۆرمشکێنیی قوتابییان، بەتایبەت کچان بەرپرسانی ڕێژیمەکەی ڕاسپارد کە پێویستە بەگژ ئەو منداڵانەدا بچنەوە و گوێیان بادەن، کەچی دەبینین ئێستاکە چەشنی تەیموورەشەل و چەنگیزخان بەربوونەتە گیانیان.

دوای ئەوەی لە ماوەی پتر لە سێ مانگدا زیاتر لە ٥ هەزار قوتابیی زیاتر لە ٢٣٠ قوتابخانەی ٢٥ پارێزگای وڵاتدا ژەهرخواردوو کران، و پاش ئەوەی بەردەوامیی هێرشەکان و سیاسەتی دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەو بابەتە لەلایەن بەرپرسانی حکوومەتییەوە قەیرانێکی ئەمنییەتیی دیکەی بۆ خەڵک دروست کرد و، لەسۆنگەی ئەوە کە بیروڕای گشتی بە زۆر هۆ بەرپرسایەتیی ئەو جینایەتانەیان خستە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی؛ دواجار خامنەییش وەدەنگ هات. ڕێبەری ڕێژیم ڕۆژی ١٥ی ڕەشەممە وێڕای دانانی بەوە کە بابەتی ژارخواردووکردنەکان لە ئێستادا بابەتێکی ڕۆژەڤی هەستیاری کۆمەڵگەیە، ئەو کارەی بە "جینایەت"ێکی گەورە ناو برد و گوتی کە نابێ لە "بکەران"ی خۆش بین. بەڵام دوو حەوتوو دوای دژکردەوەی خامنەیی هێشتا ناوەندە ئەمنییەتی و پۆلیس و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی ڕوونیان نەکردۆتەوە کە کێ لە پشتی جینایەتی گۆرینە و بکەران و بڕیادەرانیشی کێن؟ هەڵبەت لەجێدا ئەوە ناتوانێ پرسیارێکی دژوار بێت، چونکی هەمووان دەزانن خەتی خوار لەبن سەری گای پیر دایە.

کێیە نەزانێ کە بە بڕیاری خامنەیی پێش بە پەسندکران و جێبەجێکردنی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی یۆنێسکۆ گیرا. خۆ ئەگەر چاوێک بە ١٧ خاڵەکەی بەڵگەنامەی یۆنێسکۆدا بگێڕین، دەبینین کە بەشێکی ئەو خاڵانە پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆیی کچان دەگرێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بەتەواوی دژیانە. "سلامەتی"، "پەروەردە"، "یەکسانیی ڕەگەزی" و "نەهێشتنی نابەرابەری" وەک بەشێک لە ئامانجەکانی یونێسکۆ و بەها و بایەخەکانی شۆڕشی ژینا، ئەو چەمکانە نین کە ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەلایانەوە گرینگ بێت.

ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کە لە سەرەتاوە بە پشتبەستن بەو خەڵکە ئایینییە ئاساییەی ڕێژیمی پاشایەتییان ڕووخاندبوو، هەروەها بە یارمەتیی هێزی ئێلیت و بژاردەی ئایینیی دژی کولتووری ڕۆژئاوا، توانیبووی زۆر بنیات و دامەزراوەی وەک ڕۆژنامە، حیزب، ناوەندە حکوومەتییەکان، کۆمپانیای بازرگانی دابمەزرێنێ و سیستمی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک بەسەر وڵاتدا بسەپێنێت؛ بە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە لە ماوەی چوار دەیەدا کۆمەڵگەی لە دامەزراوەی مەدەنی و کولتووریی سەربەخۆ داماڵی. بەمجۆرە ئەندازیاریی کولتووریی حکوومەت لە ڕێگەی هەموو ئامرازەکانی دەسەڵاتەوە بۆ ئەو مەبەستە بوو کە هەموو دەنگێک لە بیاڤەکانی پەروەردە، فەرهەنگ، هونەر و یەکسانخوازیی ڕەگەزیدا کپ و بێدەنگ بکەن. بەڵام ئاکامی پێچەوانەیان وەرگرت و لە ئێستادا کچان و ژنان پێشەنگی شۆڕشێکن کە دژی ئیسلامی سیاسی و نەهێشتنی کەلێن و جیاوازیی ڕەگەزی ڕاپەڕیون. لەو سۆنگەیەشەوە کە ڕێژیم دەسەڵاتەکەی لە دارماندا دەبینێ، بۆ تۆڵەکردنەوە سێرەی لە قوتابخانە و خەوتنگەکانی کچان گرتووە.

لە تازەترین کاردانەوەکاندا ٣٢٦ کەس لە مامۆستایانی زانکۆکانی وڵات هێرشە شیمیاییەکانیان بە کارەسات شوبهاندووە و لە پەیامێکدا ڕوو بە کاربەدەستانی حکوومەت و بەرپرسانی ناوەندە ئەمنییەتییەکان گوتوویانە جێی شەرمە بۆ حکوومەتێک کە ئیدیعاکانی لەمەڕ پاراستنی ئەمنییەتی خەڵک لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانی وڵات گوێی دنیای کەڕ کردووە، ئاوا لەهەمبەر ئەو قەیرانەدا دەستەوەستان ماوەتەوە؛ هاوکات پووشبەسەرکردنی ئەو جینایەتانەش هیچ مانایەکی دیکە جگە لە هاودەستی و هاوڕایی لەگەڵ ئەو جینایەتانە بەدەستەوە نادات.

هەروەها کۆمەڵێک لە پزیشک و پیراپزشیک و چالاکانی بەشی دەرمانیی وڵاتیش لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی نیزام پزیشکی لەگەڵ دانە بەر ڕەخنەی پرسی ئەمنییەتی گیانیی منداڵان بەتایبەت قوتابییانی کچ، ئەو پرسیارە بەرجەستە دەکا بۆ مەگەر ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتیی نیزام پزیشکی، بێهداشت و دەرمان و پزیشکی دادی وڵات نییە هەتا هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو هێرشانە بدۆزنەوە؟ لە بەشێکی دیکە ئەو نامەیەدا ئەو پرسیارەش کراوە کە ئاخۆ ناوەندە بەرپرسیارە پزیشکی و دەرمانییەکانی وڵات پێیان وانییە ئەو هێرشە ژەهراوییانە بۆ سەر خوێندنگەکان، سبەی و لە دوارۆژی نزیک بە شێوازی نوێتر و ئاڵۆزتر بکرێتە سەر بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەش؟

ئاکامگیریی چاودێرانی سیاسیش ئەوەیە ئەگەر سەرەتا وا وێدەچوو ئەو هێرشانە لەلایەن گرووپە توندئاژۆیە ئایینییەکانەوە کە دژی خوێندن و چالاکیی کچان و ژنان لە کۆمەڵگەدان ڕێک خراون، بەڵام دوای بێدەنگی و دەست لەسەر دەستدانانی مەجلیس و دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئیدی ڕوون و ئاشکرایە کە ئاستێکی بەرفراوانتری دەسەڵات بە بڕیاری کەسانی هەرە سەرووی ڕێژیم و بە پشتیوانیی زۆربەی ئۆرگانە حکوومەتییەکان لە پشتی ئەو ڕووداوگەلەن. ڕوون و ئاشکرایە کە تەنانەت ئەو کارە لە توانای چەند دە کەس و دە گرووپی سەرەڕۆشدا نییە کە بتوانن ئاوا ڕێکوپێک ئەو هێرشانە ڕێک بخەن. ئەگینا چۆن دەکرێ کەسانێک بێ هیچ ڕێگرییەک دەستیان بە کەرەستە خاوەکانی ئەو جۆرە ژارانە کە دوورە لە دەستی کەس و لایەنە ئاساییەکان ڕابگا و لە زیاتر لە ٢٠ پارێزگادا بتوانن هێرش بکەنە سەر قوتابخانەکان و منداڵان ژارخواردوو بکەن و پاش سێ مانگیش هێشتا هیچ ناوەندێکی حکوومەتی کارێکی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دەسبەسەرکردنی بکەرانی ئەو جینایەتانە نەکردبێ؟ یان چۆنە لەسۆنگەی دروشمدان و لەچکفڕێدانی چەند کچە قوتابییەک ناوەندە ئەمنییەتی و سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم مەغولئاسا دەڕژێنە نێو خوێندنگەکان، بەڵام لە کاتی ئاوادا هەموو قڕوقەپ لە دوورەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن؟

لەو بارودۆخەدا بابەتێکی دی کە مێدیاکانی ئێران لەسەری دەڕۆن، دانانی کۆمیتەیەکی بەدواداچوونی ڕاستییەکانە. بەڵام کاتێک لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە ناوەندە ڕەسمییەکان قەت لەگەڵ خەڵک ڕاست نەبوون و درۆ و چەواشەکاریی سیستماتیک تانوپۆی تەواوەتیی ڕێژیمی تەنیوە و کۆمەڵگەی مەدەنییش بۆ بەدواداچوونی ڕاستییەکانی لەو چەشنە کەمترین دەرەتانی بزواوتنیان نییە؛ هەمووان دەزانن نە نهێنیی ڕاستەقینەی لەو جۆرە ئاشکرا دەبن و نە خەڵک متمانە بە ڕاپۆرتی هەر کۆمیسیۆن و ناوەندێکی بەدواداچوون دەکەن کە لەلایەن حکوومەتەوە دەستنیشان کرابێت. مەگەر ئەوەی گرووپێک لە کارناسان و پزیشکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، نوێنەرانی ئەنجوومەنی دایکان و باوکان بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەک خاچی سوور و یونیسێف بیانەوێ کاری لەسەر بکەن کە بەپێی ناسینێک کە هەمووان لە کۆماری ئیسلامیمان هەیە؛ وەها قەرارێک شتێکی مەحاڵە.

هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە ئامانجی یەکەم و قوربانییانی سەرەکیی ئەو هێرشانە یەک لە کۆڵەکەکانی شۆڕشی سەرانسەری ئێستای ئێرانن، کەمتەرخەمی، بیانووهێنانەوە و قسە دژبەیەکەکانی کاربەدەستان هەر زۆر زوو بیروڕای گشتیی ئێرانی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە ڕێژیم خۆی هۆکاری ئەو دۆخە و بکەری ئەو جینایەتانەیە کە لە ئێستای ئێراندا ڕوو دەدەن. ئەوەش واتای پەڵەیەکی دی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوەیە. ئەوەش دەخوازێ کە کۆمەڵگەی جیهانی بەپێی "کۆنڤانسیۆنی پێشگرتن بە کوشتار" لەهەمبەر پاراستنی گیانی ئەو خەڵکەی لەلایەن حکوومەتێکەوە مەترسیی گیانییان لەسەرە؛ هەنگاوی بەکردەوە هەڵێنن. چونکی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان سەروەریی دەوڵەتەکان تەنیا بۆ بەگژداچوونەوەی هێرشە دەرەکییەکان نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەمنییەت و ژیانی خەڵکەکەی خۆیانە. بۆیە هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێک نەیهەوێ یان نەتوانێ لەپێناو پاراستنی ژیان و ئەمنییەتی خەڵکەکەی خۆیدا تێبکۆشێ یان تەنانەت بۆخۆی دەرحەق بە خەڵکی وڵاتەکەی جینایەت دەکات، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە تەواوەتیی خۆیدا ئەرکی سەرشانیەتی کە خەڵکی ئەو وڵاتە بپارێزێت.

لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی هەموو بەڵگەکان دەتوانین بڵێین ئەوەی کۆماری ئیسلامیی لەو پیلانەدا دەرحەق بە بەشێک لە خەڵکی وڵاتی دەکات جینایەت دژی مرۆڤایەتییە، کە بەپێی مادەی حەوتی ئەساسنامەی ڕۆم بریتییە لە هەر هێرشێک کە لە ئاستێکی بەربڵاو و سیستماتیکدا سێرەی لە کەسانی مەدەنییان گرتبێ و بکەرانی کوشتارەکە بزانن کە خەڵکی سڤیلیان بەئامانج گرتووە. ڕێک وەک ئەو هێرشانەی لەو ماوەیەدا لە تەنیشت کوێرکردنی خەڵکی نارازی و کوشتنی کەوکوژیی خۆپێشاندەران و لە ئێستادا دەرمانداوکردنی کچان لەلایەن ڕێژیمەوە دەکرێتە سەر خەڵکی وڵات.

**پوختەی مەبەست:**

مەبەستی سەرەکی لەو جینایەتە قێزەونە ڕێژیم کوشتنی کات و دواخستنی تەقینەوەی نارەزایەتییەکان بەهۆی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانە و بەڕوونی دەکرێ چەند ئامانجی لە پشت بێت، وەک: بەلاڕێدابردنی سەرنجی بیروڕای گشتی لە قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان و ڕێگری لە مانگرتن و خۆپێشاندان. هەروەها بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و وێناکردنی دێوزمەیەک لە خۆی کە لە کوشتن و جینایەت سڵ ناکات بۆوەی بە تۆقاندنی خەڵک پێش بە جموجۆڵە نارەزایەتییەکانیان بگرێت.

ماوە بڵێین بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کۆماری ئیسلامیی وەک گورگی بریندار و هار تینوو بە خوێن کردووە و بەدوای تۆڵەکردنەوەیە. ئەمڕۆ لە کچان، سبەی لە کوڕان و ئەگەر دەرفەتی پێ بدرێت دووسبەی خوێندکاران و دواتر بازاڕی و هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ. بۆیە خەڵکی ئێران نابێ ئەو دەرفەتە بە ڕێژیمی مرۆڤکۆژ و جینایەتکار بدەن.

# شەهیدکردنی ١٢٦ خۆپێشاندەر، کوژران و برینداربوونی ١٢٨ کۆڵبەر و دەسبەسەرکرانی ٧٥٠٠ کەس لە کوردستان لە ساڵی ١٤٠١دا

**چاونیوز**

کوژرانی ژینا ئەمینی لە ٢٥ی خەرمانان و کاردانەوەکان لە کوردستان بووە چەخماغەی شۆڕشێک کە تا ئێستاش بەردەوامە.

سەرەتای کاردانەوەکان مانگرتن بوو، بە جۆرێک کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران وەک، سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، شنۆ، پیرانشار، مەهاباد، گوێکتەپە، محەممەدیار، دێولان، بیجاڕ، بۆکان، بانە، کامیاران، ئیلام، ئاودانان، کرماشان، قوڕوە، نەغەدە، ورمێ، پاوە، ڕەبەت، سەردەشت، جوانڕۆ، سەلاسی باوەجانی، شاباد، سەحنە، میاندواو، خۆی، تکاب، بلۆناوا، ڕوانسەر، سەرابلە، سەرپێڵی زەهاو، دێهلۆران، قەسری شیرین، دەرەشار(درەشهر) سەوڵاوا، مووژەژ(موچش)، مورمووری(ئیلام)، گاوارە(دالاهۆ، کرماشان) و... ڕۆژانە و بەشێوەی جۆراوجۆر و بڵاو، مانگرتن(لانیکەم ١١ جار مانگرتن و داخستنی دووکان و بازار بۆ ماوەی نزیک ٣٥ ڕۆژ) و هەروەها خۆپێشاندان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی پێ کرد و ئەم بەربەرەکانییە هەتا ئێستاش بەردەوامە.

لە ئاکامی توندوتیژیی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام لانیکەم ١٢٦ کەس لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆ، لێدان و کوتان یان ئەشکەنجەدرانیان لە گرتنگەی ناوەندە ئەمنییەتییەکاندا گیانیان لێ ئەستێندرا کە ١٣ کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵە، یەکیان تەمەنی سەروو ٧٠ ساڵە و ٥ کەسیشیان کچ یان ژن بوون. هەروەها زیاتر لە ٥٠٠٠ هاونیشتمانییش بە تەقەیی هێزەکانی ڕێژیم بریندار بوون کە بەشی هەرەزۆریان لە ترسی بەندکران و کوژران لەژێر ئەشکەنجەدا سەردانی نەخۆشخانەکانیان نەکردووە لە ماڵەکان و لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە دەرمان دەکرێن. شایانی باسە کە ١٥ هاونیشتمانی بە تەقەی ڕاستەوخۆی چەکی ساچمەیی هێزەکانی ڕێژیم بینایی چاوێک یان هەردووک چاویان لە دەست داوە کە چاونیوز توانیویەتی هەتا ئێستا ناوی ٧ کەسیان تۆمار بکا.

لەو ١٢٦ کوژراوە کە لە ئامارەکەدا باس کرا، لانیکەم ١٠ کەسیان لە ژێر ئەشکەنجەی هێزە سەرکوتکەرەکان گیانییان لەدەست داوە کە ناوەکانییان بریتین لە: ئیسماعیل دزوار خەڵکی سەقز، محەممەد عەبدوڵڵاهی خەڵکی ئیلام، ڕامین فەتحی خەڵکی سنە، سامان قادرپوور خەڵکی شنۆ، ئومید حوسێنی خەڵکی سنە، هێمن ئامان خەڵکی بۆکان، شادمان ئەحمەدی خەڵکی دێولان، شەهریار عادڵی خەڵکی سەردەشت، محەممەد حاجی ڕەسووڵپوور خەڵکی بۆکان و شێرزاد ئەحمەدی نیژاد خەڵکی بۆکان.


لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینادا جگە لەو هەمووە جینایەت و کوشتارەی هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، چوارجار (چوارشەممە ٦ی ڕەزبەر، دووشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، دووشەممە ٣٠ی خەزەڵوەر و سێشەممە ١ی سەرماوەز) بارەگای و شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەماڵەی حیزبە کوردییەکان و خەڵکی ئاسایی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەوانە "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە و پاک" لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان بە مووشەک و دڕۆن کەوتنە بەر پەلامار و بەو هۆیەوە ٢١ هاونیشتمانی لەوانە ٢ ژن و منداڵێکی یەک ڕۆژە گیانیان لەدەست دا. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین جار بەئاشکرا ڕایگەیاندبوو کە ئەو هێرشە مووشەکی و پەهبادییانە بە تۆڵەی ڕۆڵ و کاریگەریی حیزبە کوردییەکانە بەتایبەت لەهەمبەر ئەو بانگەوازانەی خەڵک بە پیلیانەوە دەهاتن؛ ئەو هێرشانەی کردووە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو (١٤٠١) زیاتر لە ٧٥٠٠ کەس لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون کە "چاونیوز" توانیویەتی ناوی تەنیا ٢٧٠٠ کەس لای خۆی تۆمار بکا کە لەو ژمارەیە پتر لە ٢٢٠ کەسیان ژن و ١٩٠ کەسیشیان منداڵ_مێرمنداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵانە بوون، بەشێکی زۆر لە دەسبەسەرکراوان لە چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی، ڕۆژنامەنووس، ئەندامی دامەزراوە کۆمەڵایەتی، شاخەوانی و زمانییەکان و خەڵکی ئاسایی کوردستان پێک دێنن کە بەشی هەرە زۆریان ئەشکەنجەی ڕوحی، ڕەوانی و جەستەیی کراون بەجۆرێک بەشێکی زۆر لەو هاونیشتمانییانە تووشی نەخۆشی دەروونی و برینی قورسی جەستەیی بوونە و تەنانەت حاڵەتی خۆکوژیش هەبووە.

هەر لەو ماوەیەدا ٦٦ کەس لە دار دراون کە ٦٢ کەسیان بە تۆمەتی پێوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکان و کووشتنی بەئانقەست لە سێدارە و چوار هاونیشتمانییش بە تۆمەتی سیاسی ئێعدام کراون کە ناوەکانیان بریتین لە: "فیروز موسالوو" خەڵکی کوتوڵی شاری خۆی، "سەرکەوت ئەحمەدی" خەڵکی ڕوانسەر، "محەممەد مەهدی کەرەمی" گیراوی پێوەندیدار بە ڕاپەڕینی نارەزایەتی سەرتاسەری خەڵکی بیجاڕ، و محێیەدین مەلائیبراهیمی خەڵکی شنۆ.

هەر لەو ماوەیەدا لانیکەم ١٢٨ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە سنوورەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی هەنگی مەرزی، سەرمابردوویی، هەڵدێران، ڕاوەدوونان و... کوژراون و بریندار بوون کە لەو ژمارەیە ١٨ کۆڵبەر و کاسبکار بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان کوژراون و ١١٠ کۆڵبەریش بریندار بوون.

جێگای ئاماژەیە کە، لەدوای سەرهەڵدانی دیاردەی دەرمانداوکردن و هێرشی شیمیایی و گازی بۆسەر قوتابییان بەتایبەت قوتابیانی قۆناغە جۆراوجۆرەکان کە شیمانەی ئەوە دەکرێ بە مەبەستی تۆڵەلێکردنەوە لە هەمبەر بەشداری قوتابیان بە تایبەت کچان لە ڕاپەڕینی ژینادا بووبێ، لە کوردستان زیاتر لە ٤٠ قوتابخانەی ٢٨ شار و ٢ زانکۆی کرماشان و ورمێ هێرشی شیمیایی کرایە سەر کە مەزندە دەکرێ پتر لە ٧٠٠ قوتابی ژارخواردووو بوووبن.



# جۆری سیستمی سیاسی و داهاتووی ئێران



ئەلبورز ڕووبین‌تەن

### لە بری پێشەکی

جۆری سیستمی سیاسی یەکێک لەو بابەتە گرینگانەی دونیای سیاسەت و زانستی سیاسەتە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاک و کۆمەڵگە هەیە، پسپۆڕانی زانستی سیاسی لەو بوارەدا بەردەوام کەڵک لە نموونەی کۆریای باکور و باشور وەردەگرن، لە وەڵامی پرسیاری بۆچی خەڵکی کۆریای باکوور لە هەژاری و دۆخێکی زۆر خراپدا دەژین دەگوترێ چونکە کۆریای باکوور خاوەنی سیستمێکی دیکتاتۆرییە؟ بەپێچەوانەشی کە دەپرسن چۆن کۆریای باشوور توانی ئەو گەشەسەندنە و پێشکەوتنە بە خۆیەوە ببینێ کە خەڵکەکەی بەو شێوەیە لە خۆشبژیوی و ئازادیدا دەژیت، دەگوترێ چونکە جۆری حومکڕانی لە کۆریای باشوور دێموکراسی هەیە. لێرەدا ناچینە سەر ئەو بابەتە کە بۆچی لەوێ دێموکراتیک لەوێ دیکتاتۆریە کە بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی لێکۆڵینەوە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵکوو تەنیا بە چاوخشاندنێکی خێرا باس لە پۆلێنبەندیی جۆری سیستمی سیاسی لە زانستی سیاسەتدا دەکەین و لە کۆتاییدا بە لێکدانەوەیەک لە دۆخی داخوازیارانی نەهێشتنی کۆماری ئیسلامی و بونیادنانی حکوومەتێکی نوێ باس لە جۆری سیستەمی داهاتووی حکوومەت لە ئێراندا دەکەین.

### پۆلێنبەندیی سیستمی سیاسی لە ئەرەستووڕا هەتا ئەمڕۆ

پۆلێنکردنی سیستەمی سیاسی و جۆرەکانی حکوومەت بەشێکە لەو لێکۆڵینەوە سیاسییەی کە لە کۆنەوە تا ئێستا بەردەوام بووە. بەپێی شیکارییە جیاوازەکانی جۆری سیستمی سیاسی، دەکرێت بڕیار بدرێت کە حکوومەت تا چەند سەرکەوتووە لە بوارە جیاوازەکاندا، بەشێک لە پۆلێنکردنەکەش بۆ دیاریکردنی ڕەوایییەتی حکوومەت یان ڕادەی خزمەتکردن بە خەڵک دەکرێت.

لە پۆلێنکردنی سیستەمی سیاسیدا چەندین هۆکاری جیاواز هەیە. هەروەها لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا گۆڕاوە. شایانی باسە لەم سەردەمەدا زیاتر لە پۆلێنکردنەکان لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی دامەزراوە جیاوازەکان لەسەر وڵاتان دامەزراون. بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی وەک ماڵی ئازادیی وڵاتان بەپێی داتای جیاواز دەپێون و ڕیزبەندی دەکەن. زۆرێک لەم جۆرە پەیمانگایانە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە وڵاتان ئامادە دەکرێن، وڵاتان بە گشتی یان تەنها لە بوارێکی دیاریکراودا ڕیزبەندی دەکەن.

سەرەڕای ئەوەش پۆلێنکردنی سیستەمی سیاسی لە زانستی سیاسیدا بەردەوامە، تەنانەت لەنێو هەر سیستەمێکی دیاریکراودا. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی سیستەمی سیاسی پۆلێن دەکەین، ئەندرۆ هیوود دوو هۆکار باس دەکات: یەکەم: پۆلێنکردن هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و حکوومەت؛ دووەم: بەراوردکردن ئاسان دەکات نەک شیکاری، ئەمەش باشترە. (Heywood ٢٠١٩)

ئەوە تەنها زانینی سیستمە سیاسییەکانی وڵاتان نییە کە زانیاریی زۆر باش لەسەر وڵاتەکەمان پێ دەدات بەڵکو بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی شیکارییەکی ورد لەسەر چۆنیەتی و سەقامگیری سیستەمێکی سیاسی بدرێت. بە گوتەی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی ئەلێکس تۆکڤیل کە لەبارەی دێموکراسی لە ئەمریکا نووسیویەتی، تاکە ڕێگە بۆ باشتر تێگەیشتن لە سیستەمەکەمان ئەوەیە کە بەراوردی بکەین لەگەڵ سیستەمەکانی دیکە. (Powell, Dalton, Strom,٢٠١٥)

لەلایەکی تریشەوە خوێندنەوەی سیستەمی سیاسی تەنها بەشێکی بچووکی سیاسەت نییە بەڵکو بەشێکی گرنگە کە پێویستە هەموو ئەو کەسانەی لە سیاسەت دەخوێنن خوێندنەوە بۆ سیستەمی سیاسی بکەن. بەگوێرەی نووسەری کتێبی تێگەیشتن لە جیهانی سیاسی جەیمس ئێن دانزیگەر، مۆدێلێکی فەرمی کە کاریگەری هەبووە لەسەر شێوازی تێگەیشتنی زۆرێک لە زانایانی سیاسی (بە دانزیگەر) لە دینامیکی سیاسەت، لەسەر بنەمای چەمکێکە کە پێی دەوترێت "سیستەمی سیاسی". (Danziger ٢٠١٤)

لە پۆلێنکردنی سیستمە سیاسییەکاندا تەنیا جۆری سیستەمی سیاسی نییە کە کۆتایی ڕێگاکەیە، بەڵکوو تایپۆلۆژی و میتۆدۆلۆژیای لێکۆڵینەوەکەش گرینگە. چونکە دەکرێ بە میتۆدی جیاواز ئاکامی جیاواز یا یەکسان بە دەست بێنین، هەربۆیە بە کام میتود بەو ئاکامە گەیشتوون دیسان هەر گرینگە.بۆ نموونە ئەگەر حکوومەتێکی پاوانخواز بێت، کام جۆرە حکوومەتی تاکڕەو بۆ ئەو حکوومەتە گونجاوترە؟ یان ئەگەر دێموکراسی بێت، چەندە دێموکراسییە، چ جۆرە دێموکراسییەکە؟

یەکێک لە تیۆرییە سەرەتاییەکانی پۆلێنکردنی سیستەمی سیاسی لەلایەن ئەرستۆوە دانراوە کە بە پشتبەستن بە خوێندنەوەی دۆخی حکوومەتی شارە کۆنەکانی یۆنان و وڵاتانی دەوروبەری ئامادە کراوە، ڕەنگە ئەم پۆلێنکردنە نەتوانێت وەڵامی هەموو فۆرمە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسی لە دونیای ئێستادا بداتەوە، بەڵام سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ ئەوەی لە گرینگیی پۆلێنکردنی سیستمی سیاسی و جۆرەکانی پۆلێنکردن باشتر تێبگەین.

پۆلێنکردنی ئەرستۆ بەو پرسیارە دەست پێ دەکات کە ژمارەی ئەو کەسانەیە کە حوکم دەکەن چەندن و لەسەر بنەمای ژمارەی فەرمانڕەواکان فۆرمی سیستەمی سیاسی دیاری دەکات. ئامانجی سەرەکیی ئەرستۆ لەو لێکۆڵینەوە لە پۆلێنکردنی سیستەمی سیاسییەوە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە کام جۆری حکوومەت سەقامگیرە. (,Hague Harrop, and McCormick ٢٠١٩)

لێکۆڵینەوەکەی ئەرستۆ لە زۆر ڕووەوە گرنگە، چونکە نووسینەکانی ئەرستۆ تەنها بەرهەمی بیروبۆچوونی ئەو نین، بەڵکوو هەموو نووسینەکانی بەتایبەت لەسەر سیاسەت، لە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی یاساکانی زیاتر لە سەد شار-دەوڵەتی یۆنانی سەرچاوەی گرتووە، لە هەمووشی گرینگتر ئەو پۆلێنبەندیی زانستی دەست پێ کردوە و پۆلێنبەندیی سیستەمی سیاسییش لە چوارچێوەی زانستی سیاسی بە داهێنانی ئەو دادەنرێت.

دوای ئەرستۆ پۆلێنبەندییەکی تر لەلایەن باروچ سپینۆزا کرا کە زیاتر لەبارەی جۆری سیستەمی حوکمڕانییەوە ڕوونی کردەوە. (بێنێدیکتوس دی سپینۆزا ١٦٣٢-١٦٧٧)

پۆلێنبەندییەکی تر بەتایبەت دوای شەڕی سارد دەرکەوت لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای حکوومەت وەک سیستمێکی جیهانی سێهەم بەپێی ئەم پۆلێنکردنە هەموو وڵاتێک دابەش بووە بەسەر سێ جۆر دێموکرات و دەوڵەمەند، وڵاتانی کۆمۆنیستی و ڕۆژهەڵاتی، و هەژارتر و کەمتر دێموکراسی. (,Hague, Harrop and McCormick ٢٠١٩)

ڕەنگە پۆلێنکردنی ماکس وێبەر زیادتر یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی یان جۆری ڕێژیم. بەگوێرەی کۆمەڵناس ماکس وێبەر "دەتوانرێت لە چەمکی شەرعیەت کە پێکهاتووە لە یاساییبوون، پاساوی نۆرماتیڤ کەڵک وەربگیرێت بۆ دابینکردنی بنەمایەکی یەکگرتووتر بۆ جیاکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی ڕێژیمی سەدەی بیستەم: نەریتی، فاشیست ، کۆمۆنیستی، لیبراڵ-دێموکراسی و تیۆکراتی." (Bevir Mark ٢٠١٠))

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بەپێی پۆلێنکردنی وێبەر، ڕێژیمێک دەتوانێت هەم تیۆکراتی و هەم فاشیست بێت یان بە شێوەیەکی نەریتی لە یەک کاتدا بەڕێوە بچێت.

بە گوێرەی ئەندرۆ هود لە کتێبی (سیاسەت)دا، تەنها دوو جۆر ڕێژیم لە دوای سەدەی هەژدەهەمەوە بوون بە جەماوەری، یان پاشایەتی یان کۆماری و لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەنجامی شەڕی سارد، وڵاتانی جیهانی سێیەم خەباتیان کرد بۆ دەرچوون لە تۆتالیتاریزم و دێموکراسی، لەوەدا پۆلی "جیهانێکی یەکەمی سەرمایەداری، 'جیهانی دووەم'ی کۆمۆنیست، جیهانێکی سێیەمی گەشەسەندوو'. بەڵام دواتر لەگەڵ ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی ئەم پۆلێنکردنە بێوەڵام مایەوە. (Heywood ٢٠١٩)

بە گوتەی ئەندرۆ هیود، پۆلێنکردنی سیستمە سیاسییەکان لە سەردەمی نوێدا بە تەواوی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و ئەم ڕێژیمانەی خوارەوە بریتین لە "دێموکراسییە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوا، دێموکراسیی نالیبراڵی ڕێژیمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕێژیمە ئیسلامییەکان و ڕێژیمە سەربازییەکان".

دێموکراسی لیبراڵ ئەو وڵاتانە (ئەمریکای باکوور، ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئوسترالیا) دەگرێتەوە کە توانیویانە هاوسەنگییەکی باش لە نێوان لیبرالیزم وەک تاکگەرایی و ئازادی و دێموکراسی وەک حکوومەتی گەل دروست بکەن، وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا کە زیاتر بە وڵاتی پێشکەوتووی ئابووری ناسراون نەک گەشەی سیاسی، لە هەمان کاتدا بەها نیشتمانییەکانیان لە ڕووی ئابوورییەوە دەپارێزن، وڵاتانی وەک کۆریای باشوور.

ڕێژیمە ئیسلامییەکان لە دوای گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی و بناژۆخوازەوە لە سەدەی ڕابردوودا پەرەیان سەندووە، بەتایبەتی لە باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەشێک لە ئاسیا، بەپێی ئەو ڕێژیمانە قورئان و شەریعەت سەرچاوەی یاسان.

پۆلێنکردنێکی تری جۆرەکانی ڕێژیمەکان دەگەڕێتەوە بۆ س.کایلیتز لە وتارێکدا بەناونیشانی "پۆلێنکردنی ڕێژیمە سیاسییەکان، ڕەوای و سەقامگیری"، ئەم پۆلێنکردنە ئاماژە بە دوو جۆری بەهێزی دابەشبوون دەکات لەسەر بنەمای ئەو پرسیارەی کە بۆچی دەبێت پەیڕەوی لە فەرمانڕەواکان بکەین، کە... سەرەتا "بە هۆی ئەوەی خودا ئەو مافەیان بەوان بەخشیوە" یان بە پرۆسەیەک کە خەڵک خۆیان دەتوانن فەرمانڕەواکان هەڵبژێرن.(kailitz ٢٠١٣)

بەپێی پۆلێنبەندیی (S. Kailitz) ئایدۆکراسیی کۆمۆنیستی و پاشایەتی تەقلیدی جۆری یەکەمن، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خەڵک دەسەڵاتیان هەیە، جۆری دووەمیش دێموکراسیی لیبراڵە، کە خەڵک حکوومەتەکەی هەڵدەبژێرێت(S. kailitz ٢٠١٣).

هەرچەندە سنوورێکی ڕوون لە نێوان دێموکراسیبوون و پاوانخوازیدا نییە، بەڵام بە پێوەرە جیاوازەکان دیاری دەکرێت کە ڕێکخراوە جیاوازەکان بەکاریان دەهێنن بۆ دیاریکردنی وڵاتێک تا چەند دێموکراسییە، ئایا وڵاتێک بەرەو دێموکراسی هەنگاو دەنێت یان تا چەند پاوانخوازە. لە هەمان کاتدا هەریەک لەمانە بەسەر چەند بەشێکی تردا دابەش دەکرێن. ئێمە چەند جۆرێک حکوومەتی دێموکراسی یان تاکڕەومان هەیە. "دێموکراسی سیستەمێکی سیاسییە کە تێیدا حکوومەت لەسەر بنەمای ویستی خەڵک و دامەزراوە" (Hague, Harrop, and McCormick ٢٠١٩)

ڕەگ و ڕیشەی دێموکراسی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتەکانی پێش مەسیحی ئەسینای پایتەخت، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە ئەو دێموکراسیەی ئەوکات هەبوو جیاواز بوو لە ئەمڕۆ، کە بە دێموکراسی ڕاستەوخۆ ناسراوە واتە بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بڕیاردانی سیاسەتدا دان بە نوێنەرایەتیدا دەنێت چونکە خەڵک لە ڕێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە کاریگەرییان لەسەر بڕیاردان هەیە.

جگە لەم پۆلێنکردنەی دێموکراسی، جۆرێکی تری پۆلێنکردنی دێموکراسیەکان بەپێی ئایدۆلۆژیا هەیە، کە زیاتر بە لیبراڵ دێموکراسی یان سۆسیال دێموکراسی ناسراوە، بەڵام لەڕووی دێموکراسیەوە جیاکردنەوەیان ئاسان نییە، جیاوازی نێوانیان... سێ لقی حکوومەت دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەرییە، هەروەها ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە لە حکوومەتە تاکڕەوەکاندا نابینرێت. بەگوێرەی لاهای، هارۆپ و مەککۆرمیک "ڕێژیمە دیکتاتورەکان لەسەر بنەمای ملکەچبوون بۆ دەسەڵات، کە تایبەتمەندن بە نوخبەی دەسەڵاتدار،هەبوونی کەشی سیاسی سنووردار، کۆنترۆڵی ناوەندی سیاسەت، نەبوونی لێبووردەی بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دامەزراون. هەر بۆیە لە حکوومەتێکی پاوانخوازدا بەردەوام باس لە بابەتگەلێکی جۆراوجۆری وەک نەبوونی ئازادی و مافی مرۆڤ دەکرێت.

حکوومەتی پاوانخواز چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە دەسەڵاتی پاشایەتی یان تیۆکراسی، کە باشترین نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لەلایەن ڕێبەرێکی ئایینییەوە بەڕێوەدەبرێت. جۆرێکی تری حکوومەتی پاوانخوازی، تۆتالیتاریزمە، کە هەوڵ دەدات ئایدۆلۆژیای دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت. (Hague, Harrop, and McCormick ٢٠١٩)

سەختییەکی دیکەی پۆلێنکردن ئەوەیە ئەگەر بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم جۆرە دەسەڵاتە بە دێموکراسی دادەنرێت، مەسەلەیەکی زۆر جددییە چونکە کام پێوەر کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی دەسەڵاتێک تا چەند دێموکراسییە، هەمیشە باسی لێوە کراوە.

پۆلێنکردنێکی دیکەی ئاسان و بەسوود بریتییە لە دێموکراسیکردن یان دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتەکان. لەهەر یەکێک لەم پۆلانەدا دەتوانرێت پۆلێنبەندیی جیاواز هەبن کە لە ڕێگەی هەندێک پێوەرەوە باس دەکرێن. ئەم پۆلێنکردنە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەلڤارێز لە ساڵی ١٩٩٩ کە هەموو وڵاتانی سەربەخۆی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم پۆلێن کردووە. (,Cheibud, Ghandhi Vreeland ٢٠٠٩) بەپێی ئەم پۆلێنکردنە، "دێموکراسییەکان ئەو دەسەڵاتانەن کە بەهۆی هەڵبژاردنە کێبڕکێکارەکانەوە فەرمانگە حکومییەکان تێیدا پڕ دەکرێنەوە".

لە بەشی دووەمی وتارەکەدا ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان پۆلێنکراون بۆ دیکتاتۆرییەتی یا پاشایەتی، سەربازی و مەدەنی. تاکە هۆکارێک کە لەبەرچاو گیراوە ئەوەیە کە حاکم هەڵنەبژێردرێت، بەڵام جیاوازی ئەوەیە کێ حوکم دەکات. دیکتاتۆریەتەکان دابەش دەبن بەسەر پاشایەتی، سەربازی و مەدەنی. (Cheibud, Ghandhi, Vreeland ٢٠٠٩)

### داهاتووی ئێران

ئەگەر سیستمی کۆماری ئیسلامی نەما سیستمێکی نوێ دێتە ئاراوە کە چۆنیەتیی ئەو سیستەمە لە ئێستادا باسێکی گەرمی دونیایی سیاسەتە. بەڵام لە چوارچێوەیەکی زانستی و پێشنیارکردنی گەڵاڵەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو باسە نییە، هەر ئەوەش وایکردوە کە بەرچاوڕوونیەکی تەواو بۆ خەڵک نەبێت، هەر ئەوە بۆ خۆی بە یەکێک لە گەورەترین خەساری ئۆپۆزیسیۆن دادەنرێت، ئەوە بەشێکی بۆ کەمترخەمی و کەموکوڕی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی ئایدیایەکی ڕوون لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکە بەشێکی بەرچاوی ئۆپسزیون مەبەستیان لە ناڕوونیە ئەوەیە کە ویستی دەروونی خۆیان تا کاتی کە بە دەسەڵات دەگەن نەخەنە ڕوو زیاتر بە هەندێ وشەی پۆپۆلیستی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە واتە زیاتر لە نەهێشتنی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئازادی بۆ خەڵک، بە دوای بە دەستهێننانی دەسەڵات لەژێر گوتارێکی فریودەرانەن، هەر ئەوەش وایکردوە کە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە خاوەن پێگەیەکی ئەوتۆ لە نێوخۆ نەبێت، بۆیە ئەگەر بڕیار وابێ کە ئێران وەک وڵات بمێنێتەوە یا لانی کەم بۆ ماوەیەکی دیکە:

سەرەتا دەبێ بڕیار بدرێت حوکمڕانی داهاتوو بە ناوی خەڵک دەبێ یا بە ناوی مافی پێبەخشراو لە لایەن خوداوە، لایەنگرانی حکوومەتی بە ناوی خەڵک دێموکراسیخوازن، واتە ئەوان دەسهەڵاتێکیان دەیەوێت کە خەڵک لەوێدا بڕیاری بدەن لە سەر جۆری حکوومەت و حوکمڕانان، بە پێچەوانە ئەوانەی بە دوای بە دەسەڵاتگەیشتنی شا و یا شێوازی دیکەی حکوومەتن واتە حکوومەتی بە ناوی خەڵکیان ناوێ، بەڵکوو حکوومەتیان بە ناوی مافی پێبەخشراو بە هەندێک کەسیان دەوێ و بە دوای دیتنەوەی ڕۆڵ بۆ ئەو کەسانەن بە هۆی ئەو مافە پێبەخشراوانە لە لایەن خوداوە.

لە جەوهەری حکوومەتی ئەوانەی بە ناوی خوداوە حکوومەتیان دەوێ، شتێک ناگۆڕێ کە ئەو کەسەی واتە ئەوەی ئەو مافە بە خۆ ڕەوا دەزانێ سەر بە چ ئایدۆلۆژیایەکە، دەکرێ لائیک یا ولایەتی فەقیهـ یا کۆمۆنیست یا هەر ئایدۆلۆژیایەکی دیکە بێ، مەبەست بە دەسەڵات گەیشتن و دیکتاتۆریە نەک ئازادی و دێموکراسی.

دووەم بە پێی پێناسەی سەرەوە زۆربەی ئەوانەی داوای نەمانی کۆماری ئیسلامی دەکەن خۆیان بە لایەنگری حکوومەتی بە ناوی خەڵک دەزانن بەڵام ئەوە بە تەنیا بەس نییە بەڵکوو دەبێ ڕوون بێ مەبەست لە خەڵکە کێیە، لە ئێرانی ڕابردوو پێناسە و ئایدۆلۆژیای خەڵک لە سەر بنەمایەکی فاشیستی و لابردنی ئەوانی دیکە دانراوە هەر بۆیەش زۆرینە نەک خۆیان لەنێو ئێران و حکوومەتی ئێراندا نەدیتۆتەوە بەڵکوو بەرەوڕووی جینایەت، ژێنوساید و ئاسیمیلەکردن و سڕینەوە بە ناوی پاراستنی ئێران بوون، بۆیە ئەگەر دەگوترێ حکوومەت بە ناوی خەڵک دەبێ دان بەوە دابنرێت کە ئێران فرە نەتەوەیە و ئەو نەتەوانە لە جوغرافیای تایبەت بە خۆیان و بە هەموو تایبەتمەندیەکانیەوە دەژین. بەبێ پەسەندکردن و دانانی بەو ڕاستیانە، ناکرێ بگوترێ خەڵک بڕیاری لە سەر جۆری سیستەم وداهاتووی خۆی داوە، واتە تەنیا دێموکراسیمان دەوێ و هەموو وەک یەکین دێموکراسیخوازی نییە، چونکە مێژوومان، جوغرافیمان، زمانمان، کولتوورمان و ویستمان یەک نییە؛ کەواتە دێموکراسیی ڕاستەقینە ئەو دێموکراسیە دەبێ کە دان بەو فرەڕەنگیە وەک خۆی نەک لەژێر هەندێک چەمکی فریودەرانە بنرێت. دێموکراسیی زۆرینە و کەمینە بۆ پێکهاتەیەکی فرەنەتەوە وەک ئێران نەک دێموکراسی نییە بەڵکوو ڕوویەکی دیکەی ڕاستەقینەی دیکتاتورییە کە نموونەکانی هەر لە نزیکی خۆمان دەبینین.

سێیەم لە حکوومەتی بە ناوی خەڵک کە خەڵکەکە بەگوێرەی ویستی خۆیان پێناسە کراون کاتێک دەتوانێ لە تیۆرییەوە ببێت بە ڕاستی کە هەر یەک لەو نەتەوانە ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، واتە لە گرنگترین بابەتەکان کە دیاریکردنی جۆری سیستمی سیاسی و داهاتووی ئەو نەتەوەیە دەبێ بۆخۆی بڕیار بدات، کەس ناتوانێ بڵێ ئێمە ئەوەمان بۆ کورد و کوردستان دەوێ، کوردستان بۆ خۆی دەبێ بڕیار بدات کە چیی دەوێ.

ئەو خاڵانە وەک بنەمای دروستبوونی حکوومەت بەناوی خەڵکن بەبێ ئەوانە دێموکراسی لە ئێران هەبوونی خودی ئێران مومکین نییە، لە هەمووشی گرینگتر پەسەند نەکردنی ئەو پرەنسیپە سەرەکییانە و یا ڕەتکردنەوەی نیشانەی سەرەتای دیکتاتوریەکی زۆر خراپتر لەوەیە کە ئێستا هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەڵێن کە کاتی ئەو جۆرە باسانە نییە واتە هەبوونی ئەو ڕاستیانە ڕەت دەکەنەوە بەبێ ئەو ڕاستییانەش دێموکراسی مومکین نییە.

دوای ئەو قوناغە پێویستی بە باسکردنی تایبەتمەندی دێموکراسییە ڕاستەقینەکان واتە هەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و داد، هەروەها دابینکردنی ئازادییە سیاسی و تاکەکەسیەکان و زۆر بابەتی دیکە دێت کە پێویستی سەرەتایی هەر دێموکراسیەکی سەرکەوتوو و پێشکەووتون.

هەر بۆیە ئەگەر سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران لەسەر ئەو بنەمایە سەرەکییانە نەبێت، ئەوە سیستمەکە بە ناوی خەڵک نییە بەڵکوو بە ناوی دیکەیە، کە دیکتاتوریی جۆراوجۆری لێ دەکەوتەوە و ئاکامەکەشی باشتر لە کۆماری ئیسلامی نابێت. هەروەها پێویستە سەرەتا بڕیار لەسەر حکوومەت بە ناوی خەڵک و پێناسەی فرەنەتەوەیی ئێران و هەروەها هەبوونی مافی بڕیاردان لە چارەنووس بۆ ئەو نەتەوانە دەست پێ بکات، دواتر باس لە پێداویستیەکانی دیکەی دێموکراسی بکرێت، بەبێ ئەو ڕێزبەندیە دێموکراسی بەدی نایە چونکە ڕاسیتیەکانی ئێران ئەوە دەخوازێ.

جۆری سیستمی سیاسی لە هەر وڵاتێک وێڕای ئەوەی کە پەیڕەوی لە هەندێ بنەمای گشتی دەکات، بەڵام هەر دێموکراسیەکیش خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی کە لە وڵاتەکەی خۆی و تایبەتمەندیەکانی ئەو وڵاتە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیەش بە بێ ڕەچاو کردنی ئەو تایبەتمەندییانە ناتوانین لە بونیادنانی دێموکراسی سەرکەوتوو بین، واتە سیستەمەکە چەندیش باش بێت کۆپی کردنی سیستەمەکان سەرکەوتوو نابێ و نەبووە.

***

# پێویستیی فیدراڵیزم لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە



د. محەممەد حوسێن‌زادە


زاراوەی فیدراڵیزم لە بنەڕەتدا لە وشەی Foedusی لاتینی بە واتای پەیمان، بەڵێن، ڕێککەوتن، یەکانگیری و یەکگرتن وەرگیراوە. لە ڕووی واتاییەوە زیاتر ئاماژەیە بۆ جۆرە سیستەم و پێکهاتەیەکی حوکمڕانی کە تێیدا دەسەڵات لە نێوان یەکەی نیشتمانی (حکوومەتی ناوەندی) و یەکەی لۆکاڵی یان هەرێمییەکان (ویلایەتەکان، پارێزگا یان کانتۆنەکان) دابەش کراوە؛ بە جۆرێک کە هەر یەک لەو دوو یەکەیە لە هەندێ بواردا دەسەڵات و سەربەخۆیی ڕێژەییان هەیە. ئەوەی کە ئایا سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتە هەرێمییەکان چەندەیە و چۆنە (چۆنیەتیی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان) پرسێکە کە یاسا یەکلایی دەکاتەوە. لە زۆربەی وڵاتانی فیدڕاڵدا دەسەڵاتەکانی حکوومەتی ناوەندی بەڕوونی لە یاسای بنەڕەتیدا دەنووسرێن و باقی دەسەڵاتەکان تایبەتن بە حکوومەتە هەرێمییەکان. بەڵام بە گشتی دەکرێ بڵێین ئەو دەسەڵاتانەی کە پەیوەندییان بە بەرژوەندیی هەمووانەوە هەیە، وەک سوپا، پارە و دراو، سیاسەتی دەرەکی، سەرچاوە و سامانە سرووشتی و نیشتمانییەکان دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵ و باقی بابەتەکان دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکوومەتە هەرێمییەکان و، ئەم حکوومەتانە مافی یاسادانان سەبارەت بە کاروباری نێوخۆیی خۆیان هەیە. هیچ یەک لەو دوو حکوومەتە ناتوانن لایەنی بەرامبەر لە مافی بڕیاردان بێبەش بکەن. هەڵبەت سەرەڕای ئەوەی هەم حکوومەتی فیدڕاڵ و هەم یەکە هەرێمییەکان خاوەن دامەزراوەی حکوومیی و دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی، پارلەمان و دەزگای دادوەرین، بەڵام هاوکات هەموویان پێکەوە یەکەیەکی سیاسی پێک دێنن. بەم چەشنە، فیدڕاڵیزم بریتییە لە تێکەڵاوێک لە خودمۆختاری، حکوومتی سنووردار و حکوومەتی هاوبەش کە دەسەڵاتەکان بەپێی ڕێککەوتن یاخود پەیمان یان پەیماننامەیەک دابەش کراون.

فیدڕاڵیزم لەسەر هەندێ بنەما و بەتایبەت بڕوا بە فرەچەشنی کۆمەڵگەکان و یەکانگیری بەبێ ئاسیمیلاسیۆن و توانەوە دادەنرێت. ئەو سیستەمە دەرهاوێشتەی کۆمەڵێک هزر، بەها و بایەخ و جیهانبینییە کە هەڵقوڵاوی فەلسەفەیەکە کە هەم جەخت لەسەر فرەچەشنی و هەمەڕەنگی دەکاتەوە و هەم یەکانگیری. پێکهاتەیەکە بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان کە تێیدا دەسەڵات ڕێژەییە و لەلایەن دەسەڵاتەکانی ترەوە سنووردار دەکرێت.(١) هەڵبەت سیستەمە فیدڕاڵەکان لە ڕووی شێوازی پێکهاتن و تایبەتمەندییە گشتییەکانەوە چەندین جۆری جیاوازییان هەیە. جۆرێکیان کە بە فیدڕاڵیزمی سەرزەمینی ناسراوە، زیاتر لە وڵاتانێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، برێزیل، ئارژانتین، ئوستڕالیا و ڕووسیە دامەزراوە کە لە ڕووی مێژووییەوە خاوەن سیستەمێکی لامەرکەزی بوون و بە هۆی پان و بەرینی جوغرافیاییەوە حکوومەتێکی ناوەندییان نەبووە. جۆری دووەمی فیدڕاڵیزم وەک ئەوەی لە ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەهەم دوای یەکگرتنەوەی چەندین میرنشین و لە سوئیسڕای ئێستادا دەبنیرێ بەرهەمی یەکگرتنەوەی چەندین یەکەی بچووک و کەم حەشیمەتە کە بەمەبەستی مانەوە یاخود گەشەی زیاتری ئابووری سەبارەت بە دامەزراندنی یەکەیەکی گەورەتر پێکەوە ڕێککەوتوون. لە کۆتاییدا، فیدڕاڵیزمی فرە-نەتەوەیی یاخود نەتەوەیی-جوغرافیایی لە وڵاتانێکی وەک کانەدا، بۆسنی و هێرزەگۆڤین، ئیسپانیا، بلژیک و عێراق دامەزراوە کە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی و دابینکردنی مافی کەمینە نەتەوەییەکان ناچار بوون سیستەمی فیدڕاڵ لە جیاتی سیستەمی ناوەندگرا دابنێن؛ ئەم مۆدیلە لەسەر بنەمای دێموکراسی و فرەچەشن‌خوازی داندراوە و ئەو مافە بە نەتەوەکان دەدات لەسەر خاکی خۆیان سیستەمی حوکمڕانی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

لە ڕووی تیۆرەوە جۆنز ئالتوسیوس (١٦٠٣) یەکەمین دەقی سەبارەت بە فیدڕاڵیزم نووسی. هەر بۆیە وەک داڕێژەری تیۆری فیدڕاڵیزم دەناسرێتەوە.(٢) بەڵام زۆر جار ئاماژە بە مۆنتێسکیو و پرۆدۆن وەک بیرمەندانی سەرەکی ئەو سیستەمە دەکرێت. مۆنتێسکیو کە پێش شۆڕشی مەزنی فەرەنسا دەژیا دوای گەشتێک بۆ ئاڵمان لە ساڵی ١٧٢٨ و بینینی پێکهاتەی حکوومەتە بچووک و سەربەخۆکان کە پێکەوە دەوڵەتێکی گەورەتریان پێک هێنابوو، ئەو دەوڵەتەی ناو نا دەوڵەتی فیدڕاڵی ئەڵمان و بەو جۆرە باسی لە فیدڕاڵیزمی سیاسی کرد. پرۆدۆن کە دوای ئەو شۆڕشە دەژیا باسی لە فیدڕاڵیزمی ئابووری کرد.(٣)

- دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بیرۆکراسی و بەگشتی کەمبوونەوەی تێچووی بەڕێوەبردنی وڵات و حوکمڕانی.
- ڕێگرە لە دیکتاتۆریی زۆرینە و ئیستیبدادی ناوەند.
- دەتوانێت ئەو دڵنیاییە بە کەمینەکان بدات کە لە ڕەوتی چێکردنی ناسنامە و بەرژوەندییە هاوبەشەکانیان گرنگییان پێ دەدرێت.
- ڕێگاچارەیەکی نێونجییە لەنێوان توانەوە و سەربەخۆییخوازیدا.
- دەبێتە هۆی زیاتربوونی ڕێژەی بەشداری و ڕەزامەندیی سیاسی و بەرزبوونەوەی ڕەوایی حوکمڕانی.

نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی ئێراندا ناساند.(٥) لەو کاتەدا لێکدانەوەی بڕیاردەرانی حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە هەم ئەو گۆڕانکارییە نێونەتەوەییانە و ڕووداوە ناوچەییەکان و هەم قەیرانی کێشە نەتەوەییەکان لە ئێران و هەم ویستی نەتەوەی کورد زەمینەی گۆڕانی دروشم و پێویستیی تێپەڕین بۆ فیدڕاڵیزم‌خوازی ڕەخساندووە. ئەو حیزبە لەوە بەدوا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە هەموو شێوازە ڕەواکانی خەبات کەڵکی وەرگرتووە و زۆر جاری بە بیانووی جوداییخوازی بووەتە ئامانجی پلان و پیلانە سیاسی-سەربازییەکانی ڕژیمی تاران.



لەڕووی کردەییەوە، سیستەمی فیدڕاڵیزم بە تێپەڕینی کات سەرنجی زیاتری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و پێشوازی لێکراوە. سویسڕا نموونەیەکی کەموێنەیە کە لە ساڵی ١٢٩١ بەملاوە کۆنفێدراسیۆن بووە و لە ساڵی ١٨٤٨وە بە شێوەیەکی مودێرنتر نوێ کراوەتەوە. بەڵام ئەم سیستەمە لە فۆڕمی نوێ و واتای ئەمڕۆیی خۆیدا، لە ساڵی ١٧٨٧دا، واتە ئەوکاتەی کە ویلایەتەکانی ئەمریکا دوای "کۆنفڕانسی فیلادلفیا" یەکیان گرتەوە، پێک هات. باقی وڵاتە فیدڕاڵەکان بە جۆرێک لاسایی‌کردنەوەی ئەم مودێلە بوون، هەرچەندە ناچار بوون بۆ گونجاندنی ئەو سیستەمە لەگەڵ بارودۆخی وڵاتی خۆیان هەندێ گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدەن. لەنێوان ساڵانی ١٨٥٠ تا سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم وڵاتانی کانەدا(١٨٦٧)، ئەڵمان(١٨٧٠) و ئۆتریش(١٨٩٠)، ئارژانتین، برێزیل، مەکسیک، ڤێنزۆئیلا و ئوسترالیا(١٩٠١)، یەکێتی سۆڤیەت، یوگسلاڤیا و هیندستان (١٩٥٠)، پاکستان (١٩٥٦)، نەیجیریە(١٩٦٠)، کامرۆن(١٩٦١)، تانزانیا(١٩٦٤)، مالزی(١٩٦٣)، ئیماراتە یەکگرتووەکانی عەرەب(١٩٧١)، ئیسپانیا (١٩٧٨)، بلژیک(١٩٩٣)، ئەفریقای باشوور(١٩٩٦) و عێراق (٢٠٠٣) وەک سیستەمی فیدڕاڵی سەریان هەڵدا. زۆربەی ئەم وڵاتانە یان لە سێ تایبەتمەندی واتە جوغرافیای بەرین، فرەچەشنی کولتووری-کۆمەڵایەتی و حەشیمەتی زۆر یان لانیکەم لە یەک یاخود دووان لەو تایبەتمەندیانەدا هاوبەش بوون. بە هەر حاڵ، ئەمڕۆکە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی جوغرافیاییەوە بەرینن، خاوەن حکوومەتی فیدڕاڵن. لە زۆرێک لە وڵاتانی بچووکیشدا کە فرەچەشنی و کەلێنی کۆمەڵایەتییان تێدایە کەڵک لە فیدڕاڵیزم وەر دەگیردرێت. ئەم مودێلەی حوکمڕانی هێندە بەربڵاوە کە وڵاتانی فیدڕاڵ بەسەر نزیکەی ٥١/٨٢ خاکی جیهاندا حوکمڕانی دەکەن و نوێنەرایەتیی نزیکەی ٣٩/٥٨ خەڵکی جیهان دەکەن. هەربۆیە، سەدەی بیستەم بە سەدەی فیدڕاڵیزم ناسراوە. تەنانەت وڵاتانێکی یەکپارچەی وەک ئیتالیا و فەڕانسە لەم ساڵانەی دواییدا مەیلیان بەرەو پێدانی دەسەڵاتەکان بە هەرێمەکان بووە.(٤) ئەمانە بەڵگەن بۆ پێشوازیکردن لە فیدڕاڵیزم؛ سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەم پێشوازییە دەکرێت ئاماژە بە لایەنە ئەرێنی و باشییەکانی ئەم سیستەمە بکرێت. لەم بارەوە دەکرێت بڵێین بە گشتی فیدڕاڵیزم:

- ئەگەری بەکارهێنانی ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکییە نەتەوەیی، ئێتنیکی، ئایینی و کلتوورییەکان لە وڵاتاندا زیاد دەکات.
- ڕێگرە لە کەڵەکەبوونی ئەرکەکان لە ناوەند و پووکانەوەی توانای حکوومەتەکان.
- زیاترین ڕێژەی دادپەروەری بە هۆی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی زۆریبە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دابین دەکات؛
- بەرپرسانی حکوومەت ناچار دەکات زیاتر خزمەتی هاووڵاتییان بکەن؛
- ڕووی لە داهاتووە؛ بەم واتایە کە کاتێک بەها و بایەخە کۆنەکان وەڵامدەر نەبن، پاژە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵ مەیلی زیاتریان بۆ وەرگرتنی بەها و بایەخە نوێیەکان دەبێت؛
- دەبێتە هۆی زۆربوونی کێبڕکێی ئەرێنی لە نێوان هاووڵاتییان و حکوومەتە هەرێمییەکان بۆ گەشەپێدانی زیاتری وڵات.

بێگومان دەکرێت ئەو لیستە درێژتر بکرێتەوە؛ هەر بۆیە باسی گۆڕانی پێکهاتەی حکوومەت لە ناوەندییەوە بۆ فیدڕاڵی لە ئێرانیش، وەک وڵاتێک کە چەندین نەتەوەی لە جوغرافیای ئێستای خۆیدا دەورە داوە، لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەردەوام لە ئارادا بووە و هەندێک بە ڕوانگەی جیاجیاوە هەوڵیان داوە ئەو پێکهاتەی حوکمڕانییە جێگیر بکەن. لە بەرامبەردا، ئەو سیستەمە دژبەری سەرسەختیشی هەیە کە تا ئێستا ویستی ئەوان داسەپاوە. لەم نێوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە تا بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆی لە مانگی پووشپەڕی ١٣٨٣، هەوڵی جێبەجێکردنی "دموکراسی بۆ ئێران و خودمۆختاری بۆ کوردستان"ی دەدا، لەوە بەدوا درووشمی ستراتیژیکی "دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵ و پلۆرالیستیی لە ئێران و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستان"ی کردە ماکی بەرنامەکانی خۆی. ڕادیۆ دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٨٣ ڕایگەیاند، ئەندامانی ڕێبەریی ئەو حیزبە لە دوایین کۆنگرەی خۆیاندا دوای لێکدانەوەی دۆخی نیونەتەوەیی، ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بارودۆخی ئەفغانستان و عێراق و هەروەها پێکدادانەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین کە بووەتە هۆی گۆڕانکارییە سیاسییە سەرەکییەکان و هەروەها وێرای ئاماژەدان بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن یەک جەریانی سیاسی لە ئێران دوای هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەم، هەوڵی ئەو ڕێژیمە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و پەرەپێدان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی و بە جەختکردنەوە لەسەر بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و گرنگیی پێگەی کوردەکان لە هاوکێشە نوێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، فیدڕاڵیزمیان بە باشترین مودیل بۆ چارەسەرکردنی کێشە

لەسەرەوە باسمان لە لایەنە ئەرێنییەکانی فیدڕاڵیزم کرد؛ دەکرێت ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانە بە هۆکاری گرینگیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە فیدڕاڵیزم بزانین؛ بەو واتایە کە لە ڕوانگەی ئەم حیزبەوە هەمان ئەو قازانجەی فیدڕاڵیزم بۆ وڵاتانی تر، قازانجی فیدڕاڵیزم لە ئێرانیش دەبن. بەو جۆرەی لە ئەساسنامە و پرۆگرامی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاماژەی پێ کراوە، دابەشکردنی سەروەری و دەسەڵات بنەمای سیستەمی فیدراڵیی دڵخواز لە ئێراندان. لە ڕوانگەی بڕیاردەرانی ئەم حیزبەوە پێکهاتە ناوەندگەرا و ئیستیبدادییەکانی پێشوو لە ئێراندا بۆ هەلومەرجی ئەم وڵاتە فرە-نەتەوە گونجاو نەبوون و لەم ڕووەوە، بوونەتە هۆی ناسەقامگیری و قەیران و بەتایبەت باڵادەستی گرووپێکی تایبەت (فارسەکان). هەربۆیە پێویستە هەوڵ بۆ دابەشکردنی سەروەری لە نێوان هەرێمە نەتەوەیی- جوغرافییاییەکاندا لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و یاسایەکی نووسراوە بدرێت.(٦) داڕێژەرانی ستراتێژیی ئەو حیزبە بە لەبەرچاوگرتنی حەقیقەتی فرەنەتەوەیی‌بوونی ئێران و داخوازییە نەتەوەییەکان لە کوردستان، ئازەربایجان، بەلووچستان، ئەهواز و تورکمەن سەحرا کە هەر یەک لەو نەتەوانە خاوەن خاک و جوغرافیای تایبەت بە خۆیانن، فیدڕاڵیزمی نەتەوەیی- جوغرافیایی بە گونجاوترین مودیل بۆ ئێران دادەنێن کە مافی نەتەوەکان مسۆگەر بکات و زەمینەی دێموکراسیی ڕاستەقینە کە دان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەر یەک لە نەتەوەکاندا بنێت، فەراهەم بکات.(٧) ئەوان ئەم بژاردەیە وەک میکانیزمی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەزانن کە حکوومەتە ناوەندییەکانی پێشوو و ئێستا بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانیان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕوای وایە لەو سیستەمەدا گرۆپێک ناتوانێت دەسەڵاتی ڕەها بەدەستەوە بگرێت و وەک میراتی خۆی چاوی لێ بکات و خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت؛ بەمجۆرە دەرفەت بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان دەڕەخسێت و مافە نەتەوەییەکان دابین دەبن و هەمووان ئەوپەڕی ڕەزامەندییان لەو سیستەمە دەبێت. حیزبی دێموکرات فیدڕاڵیزم و دێموکراسی بە تەواوکەری یەکتری دادەنێت و پێی وایە دووره یەکیان بەبێ ئەوی تر جێگیر ببێت. ئەو حیزبە لەبەر ئەوەی کە گرنگییەکی ئێجگار زۆر بە دێموکراسی وەک شێوازێکی حوکمڕانی دەدات، لەو بڕوایەدایە کە دێموکراسی بەبێ فرەچەشنخوازی کە دەرکەوتە سەرەکییەکەی فیدڕاڵیزمە جێگیر نابێت. لەم ڕوانگەوە، تا کاتێک فیدراڵیزم جێگیر نەبێت نە ئێران دەبێتە وڵاتێکی دێموکرات و نە نەتەوەکان لە ستەمی نەتەوەیی ڕزگاریان دەبێت. لەم ڕوانگەوە، نەبوونی سیستەمی فیدڕاڵی بۆ نەتەوەکانی ئێران هۆکارە بۆ نەبوونی دێموکراسی بۆ هەمووان.(٨)

حیزبی دێموکرات بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە بۆ نەتەوەی کورد گرنگە کە لەسەر خاکی خۆیان حوکم بکەن. دابینکردنی ئاسایشی نێوخۆیی کوردستان، سیاسەتی پەروەردە، و داڕشتنی سیاسەتی کلتووری، کۆمەڵایەتی و کاروباری ئابووری کوردستان دەبێت لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمیی کوردستان بێت.(٩) لە نەبوونی ئاوا سیستەمێکدا کێشە سەرەکییەکانی وڵات چارەسەر ناکرێن. بە بڕوای ئەو حیزبە، نیگەرانییەکان سەبارەت بە دابەشبوونی ئێران دوای فیدڕاڵیزم بێبنەما و پڕوپووچن، لە ڕاستیدا نەک هەر نابێتە هۆکاری دابەشبوونی ئێران، بەڵکوو بە هۆی دادپەروەرانەبوون و توانای ئەو سیستەمە لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان بۆ کێشە بنەڕەتییەکان و کەمکردنەوەی کەلێنە نەتەوەیی-ئێتنیکییەکان تاقە هۆکاری پێکەوەگرێدان و مسۆگەرکردنی یەکپارچەیی ئێرانە. ئەم میکانیزمە بەبایەخە لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتاندا ئەزموون کراوە.

وەک کۆبەندی ئەم باسە ئاماژە بەو خاڵە دەکەمەوە کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە لەبەرچاوگرتنی کێشە سەرەکی و چارەسەرنەکراوەکان کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتە سیاسییانەی تا ئێستا لە ئێراندا ئەزموون کراون، گونجاوترین مودیل بۆ ئێرانی ئێستا بریتییە لە فیدڕاڵیزمی جوغرافیایی- نەتەوەیی. بەو واتایە کە سنووورە جوغرافیاییەکان لەگەڵ هێڵە نەتەوەییەکان یەک بگرنەوە. جێگیرکردنی ئاوا سیستەمێک بە واتای دانپێدانان بە دێموکراسی و فرەچەشنخوازییە. لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت ئەم جۆرە حکوومەتە نە مودیلی دڵخوازی ڕاستەقینە، بەڵکو بژاردەی دڵخوازی بەردەستە بۆ نەتەوەی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت؛ حیزبی دێموکراتیش لەو بڕوایەدایە لە هەلومەرجی ئێستادا مودیلێکی شیاوی جێبەجێکردن بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی ناکۆکییە نەتەوەیی-کولتوورییەکانە لە ئێراندا. دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا حکوومەتێک دێتە سەر کار کە بە گەڕانەوە بۆ ژیریی سیاسی و بە دانپێدانان بە شیاوێتی شێوازی حوکمڕانی دێموکراتیک دەرفەتی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازنەی نەتەوەکان بڕەخسێنێت یاخود چارەنووسی ئێران ئەوەیە هێشتا گرفتاری ئیستیبداد و ستەمی نەتەوەیی بێت!

### سەرچاوەکان


١- بەراوردی بکەن لەگەڵ: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فیدڕاڵیزم لە وڵاتانی فرە نەتەوە، پاییز ١٣٩١، چاپی یەکەم،: بڕوانە لاپەڕەکانی ٣١ و ٣٢.
٢- ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، پێشوو، بڕوانە: ل ٢٤.
٣-محمد شریف روشن یوسفی ربابە اکبرزادە، "بررسی فرصتها و چالشهای فدرالیسم در افغانستان"، فصلنامە علمی- پژوهشی کاتب، سال ٦، شمارە ١٥، زمستان، ١٣٩٨، بنگرید بە: ص ١٢٢
٤.لەم بارەوە بڕوانە: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشوو، لل ٢١ ، ٢٢ و ١١٢ و هەروەها بڕوانە: محمد شریف روشن یوسفی ربابە اکبرزادە، همان، ص ١٢١.
٥- میدیا نێت، "کنگرە حزب دموکرات کردستان ایران :شعار فدرالیسم بە جای دموکراسی برای ایران، خودمختاری برای کردستان"، 11.07.2004، برگرفتە از:
http://www.mediya.net/siyaset/kongr-eye13-pdkiran.htm
٦-بەراوردی بکە لەگەڵ: بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەند کراوی کۆنگرەی شازدەهەم، بڕوانە: ل ١٣، لەو لینکەی خوارەوەدا لەبەردەستە:
https://kurdistanmedia.com/wenekan/2018-03/504294-89cc9e9f2b5a-8fa4612234fd2bda715a.pdf
٧- ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، ل ١١.
٨-بۆ خوێندنەوەی ڕوانگەیەکی هاوچەشن بڕوانە: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، پێشوو، ل ٧
٩- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، پێشوو، ل ٧.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



# بووکی ئازادیم دەوێ، خوێنم خەنەس بۆ دەستوپێی

### شەهید برایم باشوو



برایم چووکەڵی

ئەوە زیاتر لە ٣ چارەگە سەدەیە حیزبی دێموکرات ئێران خەباتی بێوچان بۆ گەیشتن بە ئازادی درێژە دەدا و، بە نێو گەردەلوول و گێژەڵووکە و تۆفانەکانی نێو مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا کاروانی خەباتی ئەم گەلە چەوساوەیە بۆ پێشەوە دەبا. لەهەر بستە ڕێگایەکی ئەم ڕێبازەدا، لەهەر سەرپێچێکی ئەم ڕێگایەدا، لەهەر جێگایەکی ئەم مەیدانی خەباتەدا، خوێنی یەکێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات ڕژاوە و ڕێبازی خەباتی حیزب و گەلی توندتر و ڕەنگینتر کردووە. کاروانکوژەکانی سەر ڕێگا لەبەر ڕووناکایی ئەو خوێنانەدا ناسراونەتەوە کە حیزبەکەمان لەبەری ڕۆیشتووە. دوژمنانی گەل و نۆکەرانی کۆنەپەرەستی و ناحەزانی حیزب بە بەهای ئەو خوێنانە بەربەرەکانییان لەگەڵ کراوە کە لە پەیکەرەی حیزب تکاون. ئاڵای ئەو خەباتە لە ئاکامی ئەو خوێنەدا سوور بووە کە لەبەر ڕۆڵەکانی حیزب و گەل ڕۆیوە و ئاسۆی سووری ئازادی نەخشاندوە. یەکێک لەو ڕۆڵە بەوەجانەی لە گۆشەی "هەگبەی شاخ شۆڕش"دا یادی دەکەینەوە، شەهید برایم حەسەنزادە ناسراو بە "برایم باشوو"یە.

شەهید برایم حەسەنزادە ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە ئاوایی نەڵۆسی شنۆ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای پڕ لە ڕەنجوکوێرەوری پشکووت. هێشتا منداڵ بوو لە نازی دایک بێبەش بوو، و هێشتا دەردی بێدایکیی بەتەواوی لەهەست و لەشی دەرنەکردبوو کە باوکیشی کۆچی دوایی کرد. برایم دە ساڵە بوو کە ملی وەبەر کار نا و بەمجۆرە ژیانی منداڵیی بە کارداری، شوانی، میراوی، کرێبارچیی‌یەتی تێپەر بوو. کە گەورە بوو، بیری ئازادیخوازی و فکری ڕزگاری لە چنگ ئەو ژینە تاڵە لە دڵیدا ڕیشەی داکوتابوو، بۆیە پێوەندیی لەگەڵ خەباتگێڕانی ئەودیوی سنوور گرت و زۆرجار یارمەتیی بۆ کۆ دەکردنەوە و بە چیاکانی سپیڕێز، کێلەشین و ڕندۆڵدا سەر دەکەوت بۆی ڕەوانە دەکردن.

ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات ئەو دەرفەتەی بۆ برایم باشوو ڕەخساند کە بەکردەوە بێتە مەیدانی خەباتەوە و بەئاشکرا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە خۆشی دەویستن خەبات بکا.

برایم بەرگی پێشمەرگایەتیی لەبەر کرد و چەکی شەرەف و دیفاع لە کەرامەتی گەلەکەی دەستدایە و لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆدا سازمان درا. ئەو زۆر زوو توانیی ببێتە خۆشەویستی خەڵکی ناوچە و هاوسەنگەرانی، چونکی لە هەموو وجوودیدا ئیمان و بیروباوەری پتەو بە خەباتی نەتەوەکەی، شۆڕشگێربوون و دڵسۆزی و لێبڕاوی و شێلگیربوون لەسەر درێژەپێدانی ئامانج و ڕێبازیدا بەدی دەکرا. کاتێکیش لە دوژمن سەنگەری دەگرت، کەس توانای خۆڕاگری لەئاست نەعرەتەی شێرانە و هەڵمەت و پەلاماری شۆڕشگێرانەیدا نەبوو. برایم باشوو بە هۆی کارلێهاتوویی و کارامەیی و هەڵسووری بە سەرپەل دیاری کرا و پاریزگاری لە بەندیخانەی حیزب لە "کانیەڕەش"ی پێ ئەسپێردرا. لە شەڕی بەناوبانگی "سەرگیز" کە دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری بۆ سەر ناوچەی شنۆ دەست پێ کردبوو، برایم لەگەڵ چەند کەس لە هاوسەنگەرانی پێشیان بە هورژمی دوژمن گرت و بە ئارپیجی تانکێکی تێک شکاند و دەستی بەسەر تانکێکی ساغدا گرت و بە قارەمانەتیی کەموێنە پاشەکشەیان بەهێزی ڕێژیم کرد. لەو عەمەلیاتە شۆڕشگێرانەیەدا ناو و ناوبانگی برایم باشوو وەک بۆمب تەقییەوە و لە تەواوی ناوچەدا دەنگی دایەوە.

پاییزی ساڵی ١٣٦٠ شەهید برایم لە شەڕێکی نابەرانبەردا بەتوندی بریندار بوو، بەڵام کۆڵی نەدا و پاش ماوەیەک بە فەرماندەری لکی شەهید فەرزەندە باقری دیاری کرا و لە زۆربەی شەڕەکانی لاجان، پەسوێ، قازیاوای مەهابادا فەرماندەیی شەڕەکانی کرد.

مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦١ برایم باشوو لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بۆ کارێکی حیزبی ڕوویان لە ئاوایی قەڵاتیان کرد، بەڵام کەوتنە کەمینی هێزێکی بەکرێگیراوانی ڕێژیم و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دران. برایم هەتا تەوابوونی فیشەکەکانی بەرد بەبن بەرد شەڕی کرد و دواتر لە کاتێکدا ٥ گوللەی وەزگی کەوتبوو، بە برینداری بە دیل گیرا و ڕادەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کران. دوای ئەم ڕووداوە ئینجا زیندان و چاڵەڕەشەکانی ڕێژیم بوو ببوون بە مەیدانی خۆڕاگری و بەربەرەکانی. شۆڕەسوارەکەی مەیدانی خەبات بە دوژمنانی سەلماند کە تەناف و زنجیر و ئازار و ئەشکەنجە چۆکی پێ دانادا و برایم لەو مەیدانەشدا ڕووسوور هاتە دەر. چەند جار داوایان لێ کرد لە مزگەوت قسە بۆ خەڵک بکا و پەژیوانی دەربڕێ، بەڵام ئەو ملی ڕانەکێشا و وەفادار بە ڕێبازی حیزبەکەی، حیزبی دێموکرات مایەوە. ئازار، ئەشکەنجە، بێحورمەتی، هەڵواسین، سووتان، داغکردن و دەیان جۆر ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕوحیی دیکە نەیانتوانی چۆک بە هەڵۆی زنجیرکراوی دێموکرات دابدەن. بۆیە جەلادانی ڕێژیم دواجار دەستیان بەر دایەوە و لە شەوێکی هاوینی ساڵی ١٣٦٢دا لە زیندان گوللەباران کرا.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبوونی برایم باشوو خەم و ماتەم شاری داگرت و خەڵک ڕەشی پۆشی و لە بەرامبەر گەورەیی و خۆڕاگری و فیداکاریی ئەم ڕۆڵە خەباتگێرەی دێموکراتدا، بە هەزاران سڵاو و ئافرینیان پێشکەش بە گیانی ئەو نەمرە کرد. ئازایەتی و خۆڕاگری و شۆڕشگێری شەهید برایم حەسەنزادە (برایم باشوو) سەرمەشق بوو بۆ هەموو هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەی شنۆ و ناوی هەمیشە بە زیندوویی مایەوە.



# ڕێککەوتنی ئێران و عەرەبستان



و: کەماڵ حەسەنپوور

*[لە کاتێکدا چین بە ڕێککەوتنی ئێران-عەرەبستان دنیای تووشی سەرسوڕمان کردووە، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هێمنی بە پەنایدا تێپەڕ دەبن]*

ئەو ئاشتییەی چین وەک ناوبژیوان لەنێوان ئێران و عەرەبستانی سعودی هێناویەتە ئاراوە، بۆتە هۆی هەناسەسواریی هێندیک لایەن لەمەڕ گۆڕانی پارادایم و تەنانەت باس لە سەرهەڵدانی پەرگالێکی نوێی جیهانیی دەکا کە لەویدا چین دەبێتە ناوەند.

بەڵام پوختەی کاردانەوەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەو شێوەیە: خەڵکینە، ئێرە هیچ شتێکی بۆ سەیر کردن لێ نییە.

کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە لێدوانی کورتی گشتیدا ویستوویانە لە گرینگیی ئەو دەستپێشخەرییە کەم بکەنەوە. کاتێک لە وتووێژەکاندا لەبارەی وردەکارییەکان پرسیار کراوە، لەنێو شتی دیکەدا ئەوان گوتوویانە: ئەوە دیاردەیەکی یەکجارەیە؛ ئەوە لە بەرژەوەندیی ئابووریی چیندا بووە نێوبژیوانیی ئەو ڕێککەوتنە بکات؛ ئەوە بە مانای هاوپەیمانیی درێژخایەن نییە و، هەر شتێک یارمەتی بە ئارامکردنەوەی ناوچەکە بکات لە بەرژەوەندیی ئەمریکادایە.

ئەو بەکەمگرتنە هەروەها نیشانەی ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان لەمەڕ بنکۆڵکرانی دەستڕۆیشتوویی جیهانیی ئەمریکا لەلایەن چینەوە، لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لەگەڵ هاوبەش و هاوپەیمانەکانی لە هەوڵی کۆکردنەوەی هاوپشتییە بۆ بەربەرەکانی دژی ئەوەی وەزیری کاروباری دەرەوە، ئانتۆنی بلینکەن، وەک هەڕەشەی بەیژینگ بۆ سەر "پەرگالی خاوەن ڕێسای نێونەتەوەیی" باسی دەکات، بەپەرۆشە.

لە ڕاگەیەندراوی ڕۆژی هەینیدا، کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتی، "لە کۆتاییدا، ئەوە شتێکی باشە،" کە بەیژینگ نێوبژیوانیی گرێبەستێکی کردووە تا بە گوێرەی ئەو، عەرەبستانی سعوودی و ئێران پەیوەندییە سیاسییەکانیان دەست پێ بکەنەوە. "ئێمە خوازیاری دامرکاندنەوەی قەیرانەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستین و بەرەو ئەو ئاراستەیە کارمان کردووە. خەڵک نابێ زۆر بەو شتەوە ماندوو بن کە لە کۆتاییدا ئەوە چینییەکان بوون کە جێبەجێیان کرد." چوار کاربەدەستی دیکەش لێدوانی هاوشێوەیان دا و لە گرینگیی ڕێککەوتنەکەیان کەم کردەوە.

خاڵێکی دیکە: کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێداگرن کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر چالاک دەمێنێتەوە و ئاماژە بە ڕاهێنانە سەربازییەکانی ئەو دواییانە، سەردانەکانی دیپلۆماتەکان و وتووێژی تەلەفۆنیی سەرکۆمار جۆ بایدن لەگەڵ سوڵتانی عوممان لە سەرەتای ئەو مانگەدا دەکەن. بە لەبەرچاو گرتنی ڕەوانبێژیی پەرەئەستێن لەمەڕ شەڕی ساردی وڵاتە یەکگرتووەکان-چین، شتێکی ئەقڵانییە کە وا دەرنەکەون کە پەشۆکاون، چونکە نیشانەی لاوازییە. بێجگە لەوە، هەردوو واشینگتۆن و بەیژینگ بەرژەوەندییان لە ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستی سەقامگیردایە، هیچ نەبێ لەبەر ئەوە کە ئەو ناوچەیە ناوەندی دابینکردنی وزەی جیهانە. وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرتر بەرژەوەندیی ئەمنییەتی هەیە، لە کاتێکدا چین زۆرتر بەرژەوەندیی ئابووریی هەیە.

ڕایان هاس، ئەندامێکی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و پسپۆڕی کاروباری چین لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتی ئۆبامادا، پرسیاری کرد: "بێتوو بەڕێوەبەرایەتییەکە بەتەواوی لەو ڕووداوە دەهەری بێ، چییان پێ دەکرێ؟" ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد: لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست "لە بەرزایی ٦٠ هەزار پێ، ئێمە لە بنەڕەتدا لەگەڵ یەکتر کێشەکمان نییە". بەڵام، لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئیدیعاکانی بایدن، کە وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ چین لە ئاستی جیهانیدا و لە ڕوانگەی ئابووری و لایەنی دیکەشەوە لە کێبڕکێدایە، ناتەبایە. لە کاتێکدا بایدن پێداگرە کە بەدوای کێشەدا ناگەڕێ، ئەو و تیمەکەی زەخت دەخەنە سەر هاوپەیمانە ئورووپایی و ئاسیاییەکانیان تا بەستراوەیی خۆیان بە چینەوە کەم بکەنەوە.

لە کاتێکدا بەیژینگ گوتوویەتی "هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی تاکی" لە ڕێککەوتنی سعودی و ئێراندا نییە، ئەو وڵاتە خەریکی چنینەوەی بەرهەمی ئەو ڕێککەوتنەیە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی واڵ ستریت جورناڵ لە ڕۆژی یەکشەممە، چین پلانی کۆبوونەی شەش نەتەوەی پێکهێنەری ئەنجومەنی هاوکاریی و ئێرانی، لە ئەوساڵدا هەیە. هەر بە گوێرەی هەواڵەکان ڕێبەری چین، شی جینپینگ، دوای سەردانەکەی لە مۆسکۆ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکۆماری ڕووسیە، ڤلادیمیر پوتین، بەرنامەی گفتوگۆ لەگەڵ سەرکۆمار ڤۆلۆدۆمیر زەلەنسکی لە حەوتووی داهاتوودا هەیە. چاوەڕوان دەکرێ ناوبراو لە هەوڵی جێبەجێکردنی پێشنیاری ئەو دواییانەی چین بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ دابێ. ئەو کۆبوونەوانە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئاگاداریی داون کە چین لەوانەیە چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە بنێرێ تا لە جەنگی ئوکراینیدا یارمەتیی بکات.

بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، عەرەبستانی سعوودی و ئێران پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانیان کە ماوەی حەوت ساڵە پچڕاون گرێ دەدەنەوە و لە ماوەی دوو مانگدا باڵوێزخانەکانیان لە خاکی یەکتردا دەکەنەوە. ئەوە هەروەها بەڵێنی هاوکاریی ئەمنییەتییش دەگرێتە، بەو مەبەستە کە هێرشی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ سەر بەرژەوەندیی یەکتر لە سەرانسەری ناوچەکەدا کەم بکەنەوە. کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی هیوادارن ئەوە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بەشمەینەتی لە یەمەن، شوێنێک کە سعوودییەکان و ئێرانییەکان خەریکی جەنگی ناڕاستەوخۆن کە هەنووکە ئاگربڕێک لە ئارادایە.

مایکڵ سینگ، بەڕێوەبەری پلەبەرزی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، پێشبینی دەکات دەستپێشخەریی بەیژینگ وێدەچی کەلێنەکانی نێو بەڕێوەبەرایەتیی بایدن ئاشکرا بکات.

سینگ گوتی، "لایەنێک دەڵێ ... "هێور کردنەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان باشە، بەڵێ، چینییەکان هەلی بانگەشەکردنی خۆیان دەست دەکەوێ، بەڵام ئەوە شتێکی کاتییە. لایەنێکی دیکە لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکەدا بەو ئاکامگیرییە وەڵام دەداتەوە کە بێهودەیە وەدوای ئەو دەوڵەتانەی کەنداو بکەوین، ئەوان خەریکی دوورکەوتنەوە لە ئێمەن، و تەنانەت بێتوو ئەوان نەبنە هاوپەیمانی چینیەکان ... ئەوەندە ناهێنێ ڕێککەوتنی ئەمنییەتییان لەگەڵ واژۆ بکەین."

لەگەڵ ئەوەشدا سینگ پێداگر بوو، "ئێمە نابێ تووشی پەشۆکان بین، سووککردنی کێشەی نێوان سعوودی و ئێرانییەکان بەڕاستی لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکاندایە."

ئەو ڕێککەوتنە بێگومان خاڵێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ چین چونکە لە هەوڵی دەسەڵاتی جیهانیی زۆرتر دایە. شی دەستپێشخەرییەکی ئاسایشی نێونەتەوەیی تایبەت بە خۆی ئاشکرا کردووە کە بەیژینگ خەریکی بانگەشە بۆکردن وەک جێگرەوەیەک بۆ سیستەمی نێونەتەوەیی بە ڕێبەریی ئەمریکایە کە بە هۆی ناسەقامگیریی وێران بووە.

هەنگاو هەڵێنانەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، قامکنان لە چاوی واشینگتۆن بوو. بەڵام چین لەو بارودۆخە تایبەتەشدا سوودی لە هێندێک لایەنی باش وەرگرتووە. بەپێچەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەیژینگ پەیوندیی سیاسی لەگەڵ ئێران هەیە، کە وابوو تاران گوێی لێ دەگرێ، پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش لەگەڵ ڕیاز، لە بەر ناکۆکییەکان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ، بەرهەمهێنانی وزە و شتی دیکە، لە دۆخێکی خراپدایە. لە هەمان کاتدا، سعودییەکان چەند ساڵە لە هەوڵی هێورکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئێران بوون، پرۆسەیەک کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیریی کردووە و چین لە پرۆسیەکدا کە هەر ئێستا لە ئارادابوو، لە بەئەنجام گەیاندنەکەی نزیکتر بۆوە.

هێندێک چاودێر دەڵێن کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەنگبێ خەریکی کایەیەکی درێژخایەنتر بن، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی بێمتمانەیی بە بەڵێنییەکانی ئێران و نیگەرانییە بەردەوامە جیهانییەکان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئەو وڵاتە.

دان شاپیرۆ، باڵوێزی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئیسرائیل گوتی، "کاتێک ئێران بێ ئەملا و ئەولا بەڵێنییەکانی ژێر پێ دەنێ، ئەوە چینە وەک لایەنێک دەردەکەوێ کە هیچ وەڵامێکی بۆ پێداویستییە ئەمنییەتییەکانی سعودی پێ نییە. ئەوکات لایەنە ئەقڵانییەکەی هاوبەشیی ئەمنیەتیی عەرەبستانی سعودی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان ئاشکرا دەبێ."

واشینگتۆن بۆ دەستپێشخەرییەکی دیکەی ئاشتی یەکلاکەرەوەیە کە بێگومان لە ناوچەکەدا ڕەچەشکێنە: بەرینترکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم، کە بووە هۆی پەیوەندیی سیاسی لەنێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، بە شێوەیەک کە عەرەبستانی سعوودیش بگرێتەوە. ئیسرائیل، کە تاران وەک هەڕەشەی سەرەکی سەیری دەکات، وێدەچوو بە دەوری چین لە ڕێککەوتنی سعودی-ئێران سەری سوڕ مابێ. بەڵام ئەوان لەمێژە دەزانن کە ڕیاز و تاران بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان هەنگاو دەنێن.

هێندێک کاربەدەستی ئەمریکایی دەڵێن سعودییەکان، بەو هەنگاوانەی ئەو دواییانە، ئەو پەیامە نانێرن کە ڕیاز دەیهەوێ بەرەو تاران، بەیژینگ، یان مۆسکۆ بڕوات.

سعودییەکان دوای هێرشی ساڵی ٢٠١٩ بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانیان، کە گریمانە دەکرێ ئێرانییەکان لە پشتی بوون، هەوڵەکانی بۆ چارەسەری کێشەکەی لەگەڵ ئێران خێراتر کردن. ئەوە نیشان دەدا ئەوان ملکەچی زەختی ئێرانییەکان بوون. ئێزندان بە بەیژینگ کە ببێتە مابەینی وتووێژە کۆتاییەکان، تەنانەت کاتێک کە مەترسیی ناردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە لە ئارادایە، بۆ زۆرتر هاوتەریبکردنی سعوودی لەگەڵ بەرەیەکی دیکتاتۆرییە کە لە ڕوانگەی هێندێک لایەنەوە هەڕەشە لە دێموکراسییەکانی ڕۆژاوا بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات.

کاربەدەستێکی بەڕێوەبەرایەتی بایدن گوتی، "مەترسییەکە ئەوەیە کە ئەوان بە تەوەرێکی بەدخواز دەبەسێتەوە کە هیچ سوودێکی هەستپێکراوی بۆیان نییە. مەترسیی ناردنی ئەو سیگناڵە هەیە کە بێتوو ئێران زەخت و هەڕەشەکانی چڕتر بکاتەوە، دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵی ڕێک بکەون."

کاربەدەستانی عەرەبستانی سعوودی و عەرەب لەو ساڵانەی دواییدا گلەییان کردووە کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ متمانەپێکردن نابێ. ئەوان ئاماژە بە خۆپاراستنی دۆناڵد ترامپ لە دانی یارمەتیی سەربازی و گفتوگۆکانی سەرکۆماری پێشوو باراک ئۆباما لە گەڵ ئێران لەبارەی بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتە دەکەن. کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتیان عەرەبستانی سعودی و هێندێک لە دەوڵەتانی عەرەب زۆر بە دەگمەن لە ڕادەی پشتیوانیی ئەمریکا لێیان ڕازین. کاربەدەستێکی پلەبەرزی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن گوتی، "هاوبەشەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمیشە شتی زۆرتریان لە ئێمە دەوێ، زەمانەتی ئەمنییەتیی بەهێزتر، ناردنی خێراتری چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بە پێشمەرجی کەمترەوە. ئەوان زۆرتریان دەوێ و کاتێک جێبەجێی ناکەین، گلەیی دەکەن." کاربەدەستێکی دیکە ئەوەشی زیاد کرد کە، بەو شێوە نییە کە چینییەکان یان ڕووسیەییەکان قەرەبووی لایەنی ئەمنییەتی بکەنەوە. ژێرخانی سەربازیی عەرەبەکانی کەنداو ئاراستەی ئەمریکایی هەیە و چین و ڕووسیە لە هەمان ئاستدا ناتوانن چەکوچۆڵیان پێشکەش بکەن.

ڕەخنەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەوری چین بۆ ناوبژیوانی ڕێککەوتنی نێوان ئێران-سعوودی، سەرەڕای بەڵگەهێناوەکان بۆ سوودی هەستپێکراو بۆ ناوچەکە، ڕەنگبێ بیانوو بداتە چین بۆ ئیدیعای بەردەوامیی ئەوان لەمەڕ ئەقڵییەتی شەڕی سارد لە ایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە.

ڕۆبەرت س. فۆرد، باڵوێزی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریە گوتی، "ئەو بیرکردنەوە کە هەر کاتێک بەرهەڵستکارێکی ئێمە لە هەر شوێنێکی دنیا هەر جۆرە سوودێک ببینێ، بە شێوەی ئوتوماتیک بە زەرەری وڵاتە یەکگرتووەکانە، باش نییە.

فۆرد بە ئاماژە بە هەوڵی چین بۆ هێور کردنەوەی کێشەکانی ڕیاز و تاران گوتی، "ئەوە بەو مانایە نییە کە وڵاتانی کەنداو ئەمریکاییەکان وەدەر دەنێن. بەپێچەوانە، سعوودییەکان، ئیماڕاتییەکان و قەتەرییەکان هێشتا زۆر بۆ پاراستنی پەیوەندییە سەربازییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بەپەرۆشن."

کاربەدەستێکی پێشوو گوتی، بەڵام ڕەنگبێ پێویست بە چاککردنەوەی دیپلۆماتیکی وڵاتە یەکگرتووەکان و حوزوورێکی زۆرتر هەبێ. ڕۆبەر جۆردان، باڵوێزێکی پێشووی ئەمریکا لە ڕیاز گوتی، "ئێمە لە هەموو دەورانی بەڕێوەبەرایەتی بایدندا باڵوێزێکمان لە عەرەبستانی سعوودی نەبووە."

**پۆلیتیکۆ-نەهال توسی، فەلیم کاین**

# وانەکانی شۆڕشی ٥٧ بۆ لێفێربوون و بەردەوامیی شۆڕشی ژینا



ڕەزا محەممەدئەمینی

شۆڕشی ئێستای کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە بەحەق ناوی شۆڕشی "ژینا"، شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"ی لێنراوە، لەلایەک لێکەوتە و درێژەی شۆڕشەکانی ڕابردووی گەلانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخە و لەلایکی دیکە دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە شۆڕشەکانی ڕابردوو بە شۆڕشی مەشرووتەشەوە، هەتا شۆڕشی ٥٧ و ڕاپەڕینەکانی دو دەیەی ڕابردوو نەیانتوانییوە ئامانجە سەرەکییەکانی گەلانی ئێران وەدی بێنن؛ ئامانجگەلێک کە دەستەبەرکردنی نان، کار و ئازادی و نەمانی سەرەڕۆیی، وەک کۆڵەکەی سەرەکیی شۆڕشەکان بوون.

شۆڕشی ٥٧ کە بەداخەوە لەلایەن خومەینی و ئاخوندەکانەوە بەلارێدا برا و دزرا، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و بەرفراوان بوو کە دەیتوانی بە لەبەرچاوگرتنی زۆر فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی، بۆ هەمیشە کۆتایی بە داپڵۆسین و سەرەڕویی و دەسەڵاتی زۆرداران لە ئێراندا بێنێ؛ بەڵام بەداخەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی نەک هەر بەئازادیی و مافە ڕەواکانیان نەگەیشتن، بەڵکوو هەروەک دەرکەوت لە چاڵەوە هاتنە دەر، بەڵام دەچاڵاوی کەوتن.

دیارە لەوەدا کە ڕێژیمی دژیگەلیی پاشایەتی، ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر و ئازادیکوژ بووە هیچ شک و گومانێک نییە و کار و کردەوەکان و کارنامەی پەهلەوییەکان نیشان دەدا ئەوان نەک هەر هیچکات لە سەرکوتی کۆمەڵانی ئازادیخوازی خەڵکی ئێران دەستیان نەپاراستووە، بگرە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان لە ناوچەش (سەرکوتی شۆڕشی زۆففار لە وڵاتی عەممان) هێزیان ناردووە و وەک ژاندارمی ناوچەی ڕۆژهەڵات سیاسەتیان کردووە. لەپێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی سەرکوت و قەڵاچۆکردنی نەتەوەکەمان پەهلەوییەکان کارنامەیەکی زۆر ڕەش و پڕ لە شەرم و شووڕەیی و جینایەتیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە. سەرکوتی شۆڕشی مەزنی سمکۆی شکاک و تێرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنە بە فێڵوتەڵەکە و هەروەها هاوکاریی دەوڵەتی کوردکوژی تورکیە بۆ سەرکوتی شۆڕشی باکوری کوردستان "ئارارات" لە ساڵی ١٩٣١ زایینی، تەنیا دوو نموونەن لە سیاسەتی دژەکوردی ڕەزاخانی قەززاق. پەهلەویی دووهەمیش هەمان ڕێچکەی بابی بۆ سەرکوتی گەلانی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد گرتەبەر و دۆسییەیەکی ڕەشتری تۆمار کرد. لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی سەدان تێکۆشەری حیزب و گەلی کورد لە گرتووخانەکان لەلایەن ساواک و دەزگای بێدادی حەمەڕەزاشا و هەروەها مۆرکردنی ڕێککەوتنی ئەلجەزایر لەگەڵ دەوڵەتی بەعسی عێراق و لە ئاکامدا تێکشکاندنی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان چەند بەڵگەیەکن کە نیشان دەدا، پەهلەوییەکان بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد تەنیا مەبەستیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبووە و دژایەتیی کورد و مافخوازیی نەتەوەکەمان بۆ ئەوان سنوور ناناسێ.

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ٥٧ بەهەراوی هاتنە سەر شەقامەکان و پاش چەند مانگ خۆپێشاندانیی خوێناوی و مانگرتنی سەرانسەری دەسەڵاتی پەهلەوییان تێکەوە پێچا و کۆتاییان بە نیزامی پاشایەتی هێنا، بەڵام هەروەک دیتمان ئەوەی جڵەوی شۆڕشی بەدەستەوە گرت و پاشان کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە، لە هەموو بوارەکاندا درندەتر، هارتر و ڕووهەڵماڵاوتر بوو لە سەرکوتی گەلانی ئێران. ڕێژیمێک هاتە سەر کار و بەرهەمی خوێنی شەهیدانی شۆڕشی ٥٧ی چنیەوە کە لە ڕاستیدا و لە سەرەتادا نێوەڕۆکەکەی بۆ زۆر کەس و لایەن ڕوون نەبوو. خومەینی زۆر سەرەڕۆیانە دوو ڕێگای لە بەردەمی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دانا، (کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نا)، هەرئەوەش بوو کە خەڵکی ئێران، جگە لە گەلی کورد، دەنگیان بە ڕێژیمێک دا کە نەیاندەناسی و نەیاندەزانی چارەنووسیان بەرەو کوێ دەبا. گەلی کورد و حیزبی دێموکرات لەو بەناو ڕێفراندۆمەدا بەشدارییان نەکرد و بەمشێوەیە هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕاپرسییەیان بە نادێموکراتیک و ناتەبا لەگەڵ پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد دانا کە لەودا داهاتووی گەلانی ئێران ناڕوون و لێڵ بوو.

ڕێژیمی پاشایەتی، تۆتالیتەر، دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و داپڵۆسێنەر بوو، دیکتاتۆرێکی بەڕواڵەت مۆدێرن کە لەودا دەسەڵات تێدەکۆشا سەرپۆش لەسەر سیاسەت و کردەوە سەرکوتکارییەکانی دابنێ، وانیشان بدا ئێران دوورگەیەکی ئارامە لە ناوچەی قەیراناویی ڕۆژهەڵات و ناڕەزایی سیاسیی بوونی نییە و هەمووکەس بە ئازادی دەژین. بەڵام ئەوە ڕواڵەتی نیزامی پاشایەتی بوو و ساواک و ئەشکەنجەگاکان و سەرکوتی هەرچەشنە بیر و باوەڕی نەیار، سیاسەتی فەرمی دەسەڵاتی پەهلەوییەکان بوو. دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەیەک و پەراوێزخستن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس بە هەموو شێوەکانی نەرم و تەنانەت سەرکوت و زەبروزەنگ، سیاسەتی سەرەکیی نیزامیی پاشایەتی بۆ یەکدەستکردنی خەڵکی ئێران بوو؛ دیارە شک لەوەدانییە لە دوای بەناو "شۆڕشی سپی" و هەڵتەکاندنی دەرەبەگایەتی و دابەشکردنی بەشێک لە زەوی و زارەکان، کە لەڕاستیدا بەسەقەتی ئەنجام درا و بوو بەهۆی تێکچوونی بافتی حەشیمەتی سرووشتی وڵات و چۆلکردنی گوندەکان و پێکهاتنی دیاردەی پەڕاوێزنشینی (حاشیەنشینی) لە شارە گەورەکان، ئازادییە تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتییەکان، ئازادی ژنان و زۆر ماف و ویستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هەتا ئەو جێگایەی ڕەنگ و بۆنی سیاسیی و دژایەتی دەسەڵاتی پێوەدیار نەبووبا و نەبووبێتە مەترسی بۆ بەناو بەرژەوەندییەکانی نیزام، لەبەرچاو دەگیرا، بەڵام بۆ وێنە هەرچەشنە چالاکی سیاسیی و ڕێکخراوەیی و تەنانەت خوێندنەوەی زۆر لە کتێب و ڕۆمانەکان کە کەمترین بۆنی ئازادیخوازی لە هاتبا سزای قورسی بەدواوە بوو. لەو نێوەدا کتێبی کوردی و باسی کوردبوون کردن ، کوردگوتەنی هەر باسی سەر بوو.



لە پاش پەهلەوییەکان نیزامێک و دەسەڵاتێک هاتە سەر کار کە هەر لە مانگەکانی سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات نیشانی دا چ نێوەڕۆکێکی دواکەوتووانە، دژی گەلی و جینایەتکارانەی هەیە. بەپێچەوانەی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا کە تێدەکۆشا ڕواڵەتێکی پێشکەوتوو و ئەوڕۆیانە لە دەسەڵاتەکەی پێشانی خەڵکی ئێران و جیهان بدا، ئاخوندەکان و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی، هەر لە سەرەتاوە نیشانیان دا چییان دەوێ و بەتەمای چین. هەرچەند گەلانی ئێران، جگە لە گەلی کورد، درەنگ لە ناخی دۆزەخەکەی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتن و شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقیش دەفریای بوون و مانەوەی ئەو ڕێژیمە گەندەڵ و سەرەڕۆیە کەوت و بوو بە هۆی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان.

هێرش بۆ سەر گەلی کورد و کوردستان وەک مەتەرێزی ئازادیخوازی لە ئێراندا، قەڵاچۆکردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، تەنانەت ئەوانەی کە بەپاساوی بەناو دژیی ئەمپریالیستبوونی کۆماری ئیسلامی پشتیوانییان لێدەکرد، لەسێدارەدانی هەزاران زیندانی سیاسیی و لاوەکان، بەتایبەت لە جەنگەی هێرش بۆ سەر کوردستان و پاش کۆتایی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق و دەیان و سەدان جینایەت کە ئەو ڕێژیمە لە ماوەی تەمەنی ٤٤ ساڵەی خۆیدا خوڵقاندوویەتی، ئەگەر تاڵ و خوێناوی و خەسارەتێکی یەکجار گەورە بووە کە بەر ئێران و کۆمەڵانی ئازادیخوازیی ئێران کەوتووە، لە هەمان کاتدا زۆر وانەی بەنرخی بۆ ئێمە و بەرەکانی داهاتوو تۆمار کردووە. ئەو وانانە بە ئێمە دەڵێن ئەزموونی ڕابردوو، سەرەڕای شکان و پاشەکشێیەکانی، دەبێ ببێ بە چرا و مەشخەڵی خەباتمان بۆ ڕزگاربوون لە چنگی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی گڵاوی ئاخوندەکان. دەبێ گەلانی ئێران، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و سیما ناسراوەکانی کۆمەڵگە، ئاوڕ لە ڕابردوو بدەنەوە و لە خاڵەلاواز و سیاسەتە هەڵەکانی خۆیان لە شۆڕشی ٥٧ فێر ببن و بۆ شۆڕشی ئێستامان، شۆڕشی ژینای کوردان، کەڵکی لێ وەرگرن.

شۆڕشی ٥٧ پێمان دەڵێ هیچ ئۆپۆزیسیۆنێک ناتوانێ کۆدەنگیی وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دەستەبەر بکا، هەتا ئەوکاتەی لەبەرنامە و مەنشووری خۆیدا بوونی نەتەوەکانی ئێران و مافی ڕەوای ئەوان بەفەرمی نەناسێ. شۆڕشی ٥٧ پێمان دەڵێ هەر ئۆپۆزیسیۆنێک پەیڕەوی لە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت بەبێ جیاوازیی لە بۆچوونەکاندا (ئیسلامی، ناسیۆنالیستی، مارکسیستی و...) بکا، جاڕنامەی مافی مرۆڤ بەهەموو برگە و بەندەکانیەوە قەبووڵ نەکا، لە کۆتایی و لە ئەگەری هاتنە سەر دەسەڵات دەبێتە ڕێژیمێکی "تەک ڕەهەند"ی دیکتاتۆری. هەروەها ئەو شۆڕشە سەلماندوویەتی ڕێبەری تاکەکەسیی وەک خومەینی، ئەو پۆتانسیەلەیان تێدایە کە بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی بەلاڕێدا ببەن. یەکێکی دیکە لە وانەکانی شۆڕشی ٥٧ ئەوەیە کە نەتەوەکانی ئێران یەکگرتووتر بن و لە بەرەیەکەوە و لە سەرەتاوە داوای ویست و داخوازییەکانیان بکەن، نەک وەک ساڵەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ لە ڕووی نەزانی و دابەزینی ئاستی شوناسی نەتەوەیی، بەگژ یەک، بەتایبەت بەگژ کورددا بێنەوە کە لە ئێراندا هەمیشە ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازیی بووە.

شۆڕشی ٥٧ بە هەموو لاوازی و کەموکووڕی و دەسکەوت و دەرکەوتەکانی و ئەوەی وەک کۆماری ئاخوندەکان لێی شین بۆوە، بۆ لاپەڕەکانی مێژوو مایەوە و ئەوەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە، شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادییە" کە لە ماوەی زیاتر لە شەش مانگی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی تاساندووە. شۆڕشێک کە بە لەبەرچاوگرتنی گشتگیربوونی، فرەڕەهەندیی، کۆمەڵایەتیبوون و بەتایبەت کە ئاوێتەی بانگی ئازادیی ژنان وەک چەوساوەترین بەشی کۆمەڵ لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندەکاندا بووە، بەدڵنیاییەوە ئەو هێزەی هەیە کۆماری ئیسلامی ڕاماڵێ؛ بەڵام هەموو دۆخێکی شۆڕش و هەموو شۆڕشێک ئاکامەکەی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی نییە، هەروەک چۆن شۆڕشی ٥٧ سەرەڕای بەشداریی دەیان میلیۆنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، ئامانجەکانی نەپێکا و دۆخەکە لە خراپ بۆ خراپتربوون ڕۆیشت.

کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات هیچ ڕەواییەکی نەماوە؛ لەڕاستیدا ئەوەی ئەو نیزامە فاشیل و فاسیدەی ڕاگرتووە لەلایەک زەبری هێزە سەرکوتکەرەکانیەتی و لەلایەکی دیکە نایەکگرتوویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە کە هەرکامە بۆچوونێکیان هەیە. ئەو ڕێژیمە لەگەڵ دەیان قەیران و ئاستەنگ لە نێوخۆ بەرەوڕوویە و ڕۆژ نییە لە چەند شارێکی ئێران بەرەوڕووی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵکی نەبێتەوە، لە ئاستی دەرەوەشدا بۆ یەکەمجارە کۆدەنگییەکی باش لە نێوان وڵاتانی جیهان، بەتایبەت ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا لەبەرانبەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینین. کەوابوو ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕێڕەوی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" شۆڕشی ژینای کوردان و شۆڕشی هەموو گەلانی ئێران پێمان دەڵێن، کاتی "نەرمینواندنی قارەمانانە "، واتە قەبووڵی "شکستی سەرشۆڕانە" و هەڵلووشینی جامە ژەهرەکە بۆ پاراستنی نیزام بەسەر چووە و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە کەمتر لە ڕووخانی نیزامی ئاخوندەکان ڕازی نابن و شۆڕشی ژینا سەرەڕای ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا بەڕواڵەت لەژێر سەرکوت و کوشتاری دەزگاداپڵۆسێنەرەکانی ئاخوندەکان لە شەقامەکان پاشەکشێی پێ کراوە، بەڵام بەردەوام بووە، پەنگی خواردووەتەوە و سەرەڕای ئەوەی ڕێبەرییەکەی هەرشەقام و ناڕەزایەتییەکەی، جگە لە ئەکسیۆنە کریکارییەکان، خۆڕسک بووە، هیوابەخشە و نابێ نیگەرانی سەرنەکەوتنی بین. بێگومان ئەو شۆڕشە وەک بڵێسە و ژیلەمۆ وایە، بەردەوامە و لە نێوەڕۆکدا پتەوتربووە. زۆر پێویست ناکا دوور بڕوانین، داهاتووی گەلانی ئێران گەلێک ڕوون و پڕشنگدارە.

وێستگە

## مەیلی ئازادی لەم خاکە نابڕێ

ئاسۆ مینبەری

جەلال مەلەکشا، شاعیری نەمری کورد لە کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی کارەساتدا، چیرۆکێک باس دەکا؛ چیرۆکێک لەژێر ناوی "خاک مەیلبڕە"!

چیرۆکەکە لە زمانی پیاوێکەوە دەگێڕدرێتەوە و باس لە قۆناغی نەخۆشبوونی خۆی هەتا مردنی دەکا. دەگێڕێتەوە کە چۆن لە سەرەتاوە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی هەموو ڕۆژێک چوونەتە سەر مەزارەکەی و بارانی فرمێسکیان هەڵوەراندووە. بەڵام دواتر هاتوچۆ کەم دەبێتەوە بە جۆرێک کە سەردانەکان لە حەفتەوە بۆ دوو حەفتە و دواتریش بۆ ساڵ دوا دەکەون. ڕۆژێک وای لێ دێ کە وێنەکەشی لە سەر دیواری ماڵەکەیان لادەبردرێ و جلوبەرگەکەی دەبەخشرێت و ناسنامەکەی باتڵ دەکرێتەوە و ناوی لەیاد دەکرێ. ئاسەوارێکی لێ نامێنێ و کابرایەک جێگای دەگرێتەوە و وێنەکەشی لە جێگای وێنەکەی ئەم هەڵدەواسرێ. منداڵەکانی دوای چارەنووسی خۆیان دەکەون و وەک بڵێی کە هەر نەژیاوە، دەبێتە بەشێک لە گۆڕستانێکی پڕ لە مردوو کە خاکی سەر گۆڕەکان مەیلی ئازیزانی بڕیون و ئیتر سەردانیان ناکەن!

مەلەکشا ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە تا باس لە بێوەفایی مرۆڤ بکا، مرۆڤگەلێک کە پاش لەدەستدانی ئازیزانیان وەک بڵێی هیچکات نەژیاون، لەبیریان دەکەن و ژیانێکی نوێ بەبێ ئەوان دەست پێ دەکەن، ڕاستییەک کە ڕەنگە زۆربەمان هەستمان پێ کردبێ.

بەم پێشەکییەوە دێمەوە سەر ڕووداوەکانی مانگەکانی ڕابردوو.

پاش شەهیدبوونی ژینا، بە دەیان لاوی خوێنگەرم هاتنە مەیدان و بەرەنگاری داگیرکەر بوونەوە تاکوو بیسەلمێنن چیرۆکەکان هەمیشە بڕیار نییە وەک ڕابردوو دووپات بکرێنەوە، دەکرێ خاک ئازیزان لە ئامێز بگرێ بەڵام مەیل نەبڕێ!

پاش شەهیدبوونی ژینا، خەڵکی کوردستان هاتنە سەر شەقام تاکوو تۆڵەی کچەکەیان لە ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئیسلامیی ئێران بکەنەوە و لەم پێناوەشدا گیانی ئازیزیان بەخت کرد.

ئەوان مانای ژیانیان بە جۆرێکی تر بۆ گێڕاینەوە و هەر کامەیان بە چیرۆکی ژیان و شەهیدبوونیان، پێناسەی ئازادییان بۆ دووبارە کردینەوە.

لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی باوەڕی باوی کۆمەڵگە کە مردن و نەمانی فیزیکی بە هۆکاری لەبیرکردن دەزانێ، زۆر جار مردن دەتوانێ خودی ژیان بێت! وەک ئەو مەرگەی کە لاوێک خۆی هەڵیدەبژێرێ و چیرۆکی ژیانەکەی بە ویستی خۆی تۆمار دەکات.

کۆماری شەهید لە ئینستاگرامەکەیدا ستۆرییەک بڵاو دەکاتەوە و دەنووسێ: "لە هەموو شتێک زیاتر ئازادیتان خۆش بوێ". ئەم نووسینە و ئەم هزرەی لە پشت ئەم نووسینەیە ئەویش لە زمانی لاوێکی کەمتەمەنی وەکوو کۆمارەوە، نیشان دەدات کە ئازادی چەندە بەنرخە و چۆنە کە پاش ئەم هەموو ساڵ بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەیە، هیچ زەبر و ستەم و ئاستەنگێک نەیتوانی مەیلی ئازادی لە کوردستان و لە ڕۆڵەکانی ببڕێ.

کۆمار و کۆمارەکان ئامادەی گیانفیدایین تاکوو خاکی نیشتمان هەناسەی ئازادی هەڵمژێ، ژیناکان دەبنە قوربانی و بە دەیان کچی دیکە قۆڵی لێ هەڵدەماڵن تاکوو تۆڵەی ژیناکان بکەنەوە، دەزانن ڕێگاکە دژوارە و پڕ کەندوکۆسپ بەڵام دیسانەوە ئازادی لای ئەوان بەنرختره، بەنرختر لە گیان!

چیرۆکی خاک مەیلبڕەی مەلەکشا وا لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێگای گرتووە و پێمان وایە کە دوای مردن وردەوردە مرۆڤەکان لەبیر دەچنەوە و ڕۆژێک وای لێ دێ کە هەر لە بیریشمان نامێنێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵیان ژیاوین، بەڵام ڕووداوە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە فێرمان دەکەن کە ئازادی نە لە سێدارە دەدرێ و نە دەخرێتە ژێر خاکەوە.


لە نزیک ٦ مانگی ڕابردوودا لاوانی کوردستان، بە تێکۆشانی بەردەوام، هەوڵیان دا چیرۆکی نوێ تۆمار بکەنەوە، نزیک ٦ مانگە ژینا بە جەستە لە نێوماندا نەماوە. بەڵام وەک لەسەر کێڵی مەزارەکەی نووسرابوو، ناوی بوو ڕەمز، ڕەمزێک بۆ بونیاتنانەوەی نیشتمان ئەویش لەسەر دەستی کیژ و کوڕانێک کە تەمەنیان وەک تەمەنی ژینا بوو، و وەک ئەو هەزاران ئاوات و ئارەزوویان بۆ ژیان و داهاتوویان هەبوو.

هاتنەمەیدانی لاوان پاش مەرگی ناخهەژێنی ژینا سەلماندی کە چیرۆکەکان دەکرێ جۆرێکی تر مانا بکرێنەوە، ژینا لەلایەن ڕێژیمێکی مرۆڤکوژی دژەژنەوە گیانی لێ ئەستێندرا، بەڵام خەڵکی کوردستان بە ئەسپەردەکردنی ڕۆحی دووبارەیان وەبەر تێکۆشانی خۆیان بۆ گەیشتن بە ئازادیدا کردەوە، خاکی گۆڕستانی ئایچی بەپێچەوانەی خاکی چیرۆکە هەمیشەییەکە نەیتوانی مەیل ببڕێ، بەپێچەوانە مەیلی تێکۆشانی نوێ کردەوە.

لە ئاخرین پێنجشەممەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاویدا، خەڵک لە شارەکانی کوردستان چوونە سەر مەزاری شەهیدانی شۆڕشی ژینا و بە دانی دروشم و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدەکانی ئەم شۆڕشە، مەیل و بەڵێنی بەردەوامبوونیان دووپات کردەوە.

خاکی کوردستان ئەگەرچی ئازیزەکانمان لە ئامێز دەگرێ، بەڵام هیچکات یاد و بیرەوەریی لاوەکانمان لەگەڵ خۆی ون ناکات، خاکی کوردستان خاکێکی داگیرکراوە و هەموو تێکۆشانێکی لاوانی ئەم خاکە بۆ ڕزگارکردنی لە چنگی داگیرکەرانە، ئەوان لە ئامێزی خاکدا جێگا دەگرن و دەبنە گوڵاڵەسوورەکانی نیشتمان و مەیلی ژیان نوێ دەکەنەوە!







محەممەد سلێمانی

# دەستەبەری مافەکانی کورد بە یەکیەتیی سیاسی و نەتەوەیی

بۆچی پەیامی سیاسی و نەتەوەیی ڕێزدار مستەفا هیجری کەسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرینگ و جەوهەری بوو و توانی کاردانەوەییەکی بەرین لەنێو گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵات بەدوای خۆیدا بێنێ؟

حیزبی دێموکرات لە هەموو قۆناغەکدا خاوەنداره‌تیی لە پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی کردووە و بەردەوام تێکۆشاوە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە فرەڕەهەندی و جیاوازییەکان لە دەوری یەکدا کۆ بکاتەوە و ڕێگایەک بۆ داگیرکەر نەهێڵێنەوە کە زەفەرمان پێ ببات. مێژووی سیاسی گەلی کورد شاهیدی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هێزێکی دیار و کاریگەری دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و دەسەڵاتی سیاسی و مەزهەبیی ئێران لەسۆنگەی پێگە و نفووزی حیزبی دێموکرات بە مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر ناوەندی بڕیاری سیاسی خۆی زانیووە؛ هەر لەبەر ئەوەشە بەهەموو شێوەیەک پیلانی زەربەلێدانی بۆ دارشتووە و بەئامانجی گرتووە.

بەداخەوە بەهۆی کۆمەڵێک جیاوازی و خۆخستنەبەرەوە لەلایەن هێندێک هێز و تاکی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کورد کە هێندێک گیروگرفتی مەعنەوی سازکردووە، تێپەڕین لێی تەنیا بە دیالۆگ و قسەکردن چارەسەر دەبن. پەیامی کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات بەتەواوی لەسەر ئەو خاڵە پێداگری دەکات و لەو باوەڕەدایە ئەگەر کۆک و یەک نەبین ناتوانین بەسەر نەیارەکانماندا زاڵ بین. بەڵام گرینگتر لەو بابەتە، زۆرینەی بەرچاوی خەڵکی کوردستان و هێزەکانی، بەو هەموو جیاوازییانەی کە بوونی هەیە، چۆن بتوانین لەسەر پرسی چارەسەرکردن و زامنکردنی مافی نەتەوەیی لە بەرەیەکدا کار بکەین و ناوەندێکی بڕیاردانی سیاسی نیشتمانی بکرێتە ناوەندی ڕێککەوتن و بڕیارە سیاسی و نیشتیمانییەکان. نەخشە ڕێگاییەکی جەوهەرییە کە زۆر دەمێکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەمی پێکهێنانی دایە.

پەیام و ڕوانینی سیاسی حیزب بەگشتی لەسەر بنەمای پاراستنی یەکگرتوویی سیاسی لەنێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵات و درێژەدان بە خەباتی هاوبەش بەدژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە و جەوهەری بنەما فیکرییەکانی وەک هێزێکی داکۆکار لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دا خولاسە کردووتەوە. ڕێگای ناکۆکی و دووبەرەکی و هەڵاواردنی سیاسی وەلا ناوە. ئەو خاڵەش بە نۆبەی خۆی دەتوانێ خزمەت بە ڕەوتی لێکنیزیکتربوونەوەی هێزەکان بکا و بتوانن بەرەیەک پێک بێنن.

ڕێبەریی حیزب لەمێژ ساڵە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە کورد ئەگەر بە پەڕشوبڵاوی بچێتە نێو دانووستان و ئیتلافی سیاسی نەک هەر دەسکەوتێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵکوو زیانیش بە پێگە و ڕۆڵی کورد بە تایبەت پاش سەرهەڵدانی ڕاپەڕین کە بە شۆڕشی ژینا ناسراوە دەگەیەنێ. نەیارانی کورد لەو لاوازییەی کورد قازانج دەبەن و خێرێکی بۆ جووڵانەوەی سیاسی لە کوردستان نابێت.

حیزبی دێموکرات دژی دیالۆگ و کۆبوونەوە و لێکتێگەیشتن نییە و جگە لە ڕێزدانان بۆ جیاوازییەکان، هەر لەو کاتەشدا لەو بڕوایە دایە هەر چییەک بکرێ، وەک حیزب مافی خۆییەتی و ناکرێ سەروەری سیاسی بخرێتە ژێر پرسیار. بەڵام بەو مەرجەی ڕێککەوتن و چوونە نێو هاوپەیمانی و واژۆکردنی ڕەشنووسەکان، زیان بە بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد نەگەیەنێت. بەهۆی دژایەتی زۆر لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی کورد لەسەر ئاستی ئێراندا و دژایەتی هێندێک لایەنی فارس لەگەڵ بابەتی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران شێوەی خەباتێکی دژوار و ئاستەمی لەپێوەندی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا بۆ کورد هێناوەتە پێش. لە ئاستێکی سەرەوەدا، دژایەتی مافەکانی کورد دەکا و ڕێبەرانی سیاسی پێویستە زۆر بە وشیاری هەنگاوەکانییان بەرەو پێش بەرن.

مستەفا هیجری زۆر بە ڕوونی باسی لە پێگە و کاریگەری هێزەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر هاوکێشە سیاسی و نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان کردووە و وێڕای گرینگیپێدان بە هاوخەباتی هێزەکان و وەلانانی ناکۆکییەکان، ڕایگەیاندوە کە کوردستان پێویستی بە کۆدەنگی نەتەوەیی هەیە هەتا بەیەکەوە بەرەو ڕووی دوژمنانی کوردستان بینەوە و لە کایەی سیاسیدا پەراوێز نەخرێین. نێوەرۆکی ئەو پەیامە، جگە لە چاندنی تۆی هیوا و ئومێد بۆ دوارۆژی خەبات و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەهێزترکردنی ڕووحی هاوکاری و هاوخەباتی لەنێو هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدژی نەیارانی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، هەر لەو کاتەشدا ڕوانینێکی نوێ و جەوهەرییانەی سەبارەت بە مەرجی کورد بۆ دیالۆگ و هاوپەیمانی هێنایە نێو کایەی سیاسی و دیپلۆماسییەوە.

حیزب بۆ کردنەوەی دەرگای دیپلۆماسی و دیالۆگ، ڕایگەیاندووە کە دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی خۆی نازانێ و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان، دەرفەتی کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ ئەو لایەنانە ڕەدناکاتەوە کە باوەڕیان بە فرەنەتەوەیی و فرەچەشنی لە ئێراندا هەیە و، تەنانەت ئەو هێزانەش کە ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕوانینییاندا هاتووە و پێداگری لەسەر مەرجی جێگای ناکۆکیەکان ناکەن. هێندێک ڕوانینیان سەبارەت بە داهاتووی وڵات گۆڕاوە و، حیزب دەرگای دیالۆگی بەڕووی ئەوانیشدا خستۆتە سەر پشت.

حدکا بە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەیی لەهەمبەر بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و کوردستان و لەوەش فراوانتر کێشانی جەغزێک لەنێوان ئەو هێزانەی لە ئێراندا باوەڕیان بە حکوومەتێکی سێکۆلار و دێموکرات و فیدراڵ هەیە و ئامادەن لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و سازانی نیشتمانی بڕیاری هاوبەش لەسەر داهاتووی سیاسی وڵات بدەن، ڕێزدار هیجری بە گونجاوی دەزانێ وەک حدکا هاوکاری و هاوپەیمانی یان لە گەڵدا پێک بێنێ.

ئەوەی لێرەدا جێگای لێوەردبوونەوەیە و ڕەنگە بکەوێتە چوارچێوی لۆمەکردنیش، حیزب بەگوێرەی زرووفی ئارایی کوردستان سەبارەت بە توندوتۆڵترکردنی پێوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان، نەچۆتە پێش و وەک هێزێکی شوێندانەر دەبوو زۆر لەمێژبا ئەو هاوپەیمانەی پێک هێنابا و دەستی خۆی وەپێش خستبوایە. پەیامی سیاسی و نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر ڕوونە و ڕێگای هیچ شەرمێونییەک و دەرودامانێکی نەهێشتۆتەوە. چوونە نێو هاوپەیمانی لەسەر ئەساسی بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکرێ و ئەو هێز و گرووپانەی بەپێچەوانە دەڕوانە پێکهاتەی سیاسی وڵات، جگە لە دژایەتی کردنیان لەگەڵ فرەنەتەوەیی و فرەچەشنی لە ئێراندا، زەمینەییەک بۆ هاوکاری وکارکردن لەگەڵیان نابیندرێ کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی زیان بە هاوخەباتی گەلانی ئێران دەگەیەنێت.

ئەو پەیامەی ڕێزدار هیجری ڕوو بە خەڵکی ئێران و کوردستان بڵاوکرایەوە، جگە لە پێداگری لەسەر پێگە و سەنگی کورد سەبارەت بە داهاتووی وڵات، ئاسۆی بیرکردنەوەی ژیرانەی سیاسی حیزبی لەهەمبەر هەلومەرجی خەبات لەم دۆخە هەستیارەی وەک ئەمڕۆدا و پاش شەنوکەوکردنی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران و ڕاپەڕین و بێزاری خەڵک بەدژی دەسەڵاتی تاران، باسکردن لە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ خۆ ڕزگارکردن لەژێرگوشاری نێوخۆ و نێودەوڵەتی و ئەرکی هێزەکانی بە باشی تاوتوێکردووە و ڕێگای هاوبەشی وەک تەنیا بژاردەی بەهێزبوونی کورد هێناوەتە گۆڕێ.

حیزب بە سیاسەتی دروست و نەتەوایەتیی، وێڕای پێداگری لەسەر ئەسڵی پێگە و قوورسایی کورد بەسەر ڕووداوەکاندا، بەو ئەرکە نەتەوەیی کە لە ڕەوتی تێکۆشاندا کەوتۆتە سەر شانی، سەبارەت بە ڕێککەوتن و چۆنیەتی چوونە نێو بەرەییەکی نیشتیمانی، توانی سنوورێک بۆ هاوپەیمانی هێزە شۆڕشگێڕ و نەتەوەییەکانی کوردستان بەتایبەت لەگەڵ ڕەزاپەهلەوی و پاشکۆکانیانندا بکێشێ و خەونی لێکترازانی نێوماڵی کورد نە هێڵێ بێتە دی کە دەمێکە نەیارانی کورد لە ئێران کیسەیان بۆ دووریەوە و هەوڵی لاوازکردنی پێگە و نفووزی حیزب و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەدەن.

پەیامی جەوهەریی ڕێزدار هیجری، بە هۆی ستراتیژی و قووڵ بیرکردنەوەی نەتەوەیی حیزب لەلایەن خەڵکی کوردستان و تەنانەت لەسەر ئاستی ئێرانیشدا پێشوازی گەرمی لێکرا و شیکردنەوەیەکی وردی هەلومەرجی سیاسی کرد کە دەکرێ وەک هەوێنی هاوخەباتی کەلکی لێ وەربگرین.

گەلانی ئێران بەو ڕادەیە باوەڕ و متمانەی سیاسییان بە کوڕی شا و هاوبیرەکانی نییە و بگرە بە مەترسی بۆ دوارۆژی ئێرانی دەزانن. زۆربەی سیاسی و ڕووناکبیرانی کوردیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە قسە و گوتاری ڕەزا پەهلەوی کاتێک دێتەسەر سپای پاسداران و هێزە نیزامییەکانی تاران، دژایەتی و بەرنامەی لێکهەڵوەشاندنەوەی نەبووە و هەتا کار دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگای کودەتای سەربازیدا بگاتە سەر دەسەڵات. هەر بەو هۆیانەیە لەسەر ئاستێکی بەربڵاودا دژایەتی دەکرێ و دروشمی نەتەوەکانی ئێران " شا و شێخ"مان ناوێ و بەو جۆرە ئەوانیش فیدای تێ فیکرینی شۆڤێنیزمی و پاوانخوازی و دەسەڵاتخوازی خۆیان بوون و نەفرەتیان لێ دەکرێت.

ئەو پەیامە لەو بارەشەوە گرینگ بوو، چوونکی توانی بۆ جارێکی تر بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتەوە سەر ڕێچکە و هێڵەگشتییەکەی خۆی و بەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەگەر ئەوە نەکرابا، زۆر کەس و لایەن خەریکبوون لەسەر خۆیانی تاپۆ بکەن کە لە دوور و نزیک کاریگەرییان لەسەری نەبوو.

ئەو ڕوانینەی حیزب سەبارەت بە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەمڕۆی وڵات، ستراتیژی و خوێندنەوەییەکی جەوهەریانەی بە شۆڕشی ژینا و ڕەهەندە سیاسی و فیکرییەکانی بەخشی و ئیدی سەڵتەنەتخواز و پاشماوەکانی شا یان وردتر بڵێین ئەو هێزانەی باوەڕیان بە فرەچەشنی ئێران نییە، ئەوجار ناتوانن لەهەر شوێنێک دەرکەون و، خۆیان بە دەمڕاستی خەباتی سەرانسەری لە ئێران بناسێنن و بڵێن کوردیش متمانەی پێداوەن و نوێنەرایەتیان دەکا. سیاسەتی حیزب زۆر ڕوونە و ناکرێ لەگەڵ لایەنێک هاوپەیمان بێت کە بەتەواوی باوەڕی بەو خاڵانە نییە کە گەرەنتی ئێرانێکی دێموکراتیک و فرەچەشنی نەڕەخسێنێ. ئەو پەیامە لەو بارەوە گرینگبوو، چوونکی توانی کۆتایی بەو دڵەڕاوکێ و ناسەقامگرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنێت. ئەگەر هاتبا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وەک هێزێکی کاریگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بارەوە نەهاتبایە سەرخەت و جەوهەری ڕوانینی سیاسی بزووتنەوەی کوردیان نەخستبایە پێش چاوی بیروڕای گشتی لە ئێران و کوردستاندا، جگە لە بەلاڕێدابردنی ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا، مەترسی لەسەر هاوخەباتی لەنێو گەلی کورد دروست دەکرد و ئەوجار نەیارانی کورد دەیانتوانی زەفەرمان پێ بەرن.

پەیامی سیاسی حیزبی دێموکرات گەلێک شەفاف و ڕوونە و ئەو هێزانەی مافەکانی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا زامن و دابین بکات، حیزب لەگەڵیان دەچێتە نێو هاوپەیمانی سیاسی. کەم نین ئەو هێز و گرووپانەی لەسەر ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا، هەوڵی لێکترازانی یەکگرتوویی و نێوماڵی کورد دەدەن و ئەگەر کورد کۆک و هاوخەبات نەبێت، زیانی گەورە بە داهاتووی سیاسی و نەتەوەیی دەگات و ئەوکات دەرفەتەکان بۆ جارێکی تر ناگەڕێنەوە.

ڕێزدار هیجری لە پەیامەکەیدا، وێڕای جەختکردنەوەی لەسەر پاراستنی یەکڕیزیی گەلی کورد و هێزە تێکۆشەرەکانی ئەو بەشەی کوردستان، داوای هاوپشتی و کۆدەنگی نەتەوەیی دەکات لەهەمبەر سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کورد چی دەوێ و چۆن دەتوانێ بەمافەکانی بگا. ڕێگا بەکەس و گرووپێک لە کوردستان نادرێ شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات بەلاڕێدا ببات و زیان بە هاوپشتی کورد بگەیەنێت.

# چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی "شەرەفکەندی، شکۆی شۆڕشگێڕی"

کتێبی "شەرەفکەندی، شکۆی شۆڕشگێڕی" تازەترین بەرهەمی بەشی چاپەمەنیی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو بۆوە.

"شەرەفکەندی، شکۆی شۆڕشگێڕی"، یادنامەی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندییە و بڕیار بوو لە ٣٠ ساڵەی تێرۆری مێکونووسدا بڵاو بێتەوە، بەڵام بەهۆی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب، چاپ و بڵاوبوونەوەی چەند مانگێک دواکەوت.

عەلی بداغی، بەرپرسی بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکرات لە لێدوانێکدا بۆ "کوردکاناڵ"ی ڕایگەیاند ئەم کتێبە ٥٣٠ لاپەڕەییە وەک یادنامەیەک لە شەش بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی سەرەتای کتێبەکەدا ڕاپۆرتی ڕێوڕەسم و کۆبوونەوەکانی تایبەت بە ٣٠ ساڵەی تێرۆری مێکونووس و هەروەها چەند بابەت و وتووێژی تایبەت بەو بۆنەیە دانراوە. بەشی دووهەمی کتێبەکە بۆ بڵاوبوونەوەی توێژینەوەیەکی ئاکادمیک و کۆمەڵە کۆمەڵە وتارێک تەرخان کراوە کە لەسەر کەسایەتیی د. شەرەفکەندی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات و هەروەها تێرۆری مێکونووس نووسراون.

بەڕێزیان لە درێژەدا گوتی: "لە مێکونووسەوە هەتا پێرلاشز"، "چەپکێک لە وتار، وتووێژ و نووسینەکانی د. شەرەفکەندی"، "ڕووماڵی ڕووداوەکانی دوای




تێرۆری مێکونووس و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە لە کوردستان، ناوچە و جیهان بە هێنانەوەی فاکت لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەوکات" چەند فەسڵێکی دیکەی ئەو کتێبەن. لە بەشی کۆتایی کتێبەکەشدا کۆمەڵە بابەت و دەقی ئەدەبی هاتوون کە لە پەسنی دوکتور شەرەفکەندیدا نووسراون و گوتراون.

بەرپرسی بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی حیزب لە کۆتایی لێدوانەکەیدا گوتی: ئەم کتێبە ئەمەگناسییەکی بچووکە لەپێناو پتر ناساندنی بیروهزری مەزنی د. سادق شەرەفکەندی و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەباتی ئەو گەورەپیاوەی مێژووی کورد.

# "کورد لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا"





کتێبی "کورد لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا"، نووسینی مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو بۆوە.

ئەم کتێبە لە دوو توێژینەوەی سیاسی-مێژوویی پێکهاتوە: یەکەمیان "کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد" و دووهەم، "مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی دەستووردا".

لە یەکەم توێژینەوە باس لە کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد کراوە و هەوڵ دراوە ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە چارەنووسسازانەی بۆ گەلی کورد گرینگن و لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان و زلهێزەکاندا بەستراون، بە پێودانگی بنەما چەسپاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی هەڵسەنگێندرێ. هەروەها ئەو خاڵانە دەستنیشان بکرێ کە پێچەوانەی ئەو بنەمایانەن و هەر لەو سۆنگەیەوە نارەوابوونی ئەو ڕێککەوتننامانە بە شێوەیەکی بێلایەنانە بسەلمێندرێ.

لە توێژینەوەکەی دیکەشدا هەڵسەنگاندن بۆ مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە مێژووی پتر لە یەک سەدەی ڕابردووی ئێران لە دوو یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە و قۆناغەکانی دەسەڵاتدارەتیی پەهلەوییەکان و یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کراوە.





قادر وریا

# پزیشکێک کە سوکنایی بە کتێب دێت!

## (پەراوێزێک بۆ کتێبێک بە بۆنەی ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی عەلی گەلاوێژ)

ئەم د.کامران ئەمینئاوەیە، کەسێکی تایبەتە. پزیشکە و پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناوە، بەڵام ئەگەر نەڵێم زیاتر، لانیکەم نیوەی کاتەکانی ژیانی نەک بۆ پیشە و پسپۆرییەکەی بەڵکوو بۆ خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان و توێژینەوە تەرخان کردووە. نازانیٚ و ناتوانیٚ ڕۆژێک یا شەوێک کە دەستی بەتاڵ دەبیٚ و لە کاری پڕهیلاکیی پزیشکی دەگەڕێتەوە ماڵیٚ، بۆخۆی بحەسێتەوە. سەری بە سەر کتێبێک یا لاپتۆبەکەیدا دەگریٚ و خەریک دەبێت.

هەر ماوەیەک لێی بێخەبەر بووی، یا دەنگوباسی نەبوو، ئەگەر هەواڵی بپرسی و پێی بڵێی چ دەکەی و چی تازەت بە دەستەوەیە؟ سوورپڕایزێکی بۆت دەبیٚ و پێت دەڵیٚ ئەوە پڕۆژەی فلان نووسین یان پێداچوونەوە یان وەرگێڕانم لە تەواوبوونداییە، یا تەواو بووە و ناردوومە بۆ چاپخانە. ژمارەی کتێبەکانی وا بزانم گەیشتوون بە ٢٠ کتێب. ژمارەیەکیان هەر تایبەتن بە پسپۆڕی و بوارەکەی خۆی کە پزیشکییە، بەڵام زۆربەیان سیاسین. تێشیاندایە کە باری ئەدەبی و مێژووییان هەیە. هێندێکیان، بۆخۆم دووراودوور و لە نزیکەوە شاهید بووم کە چەندیان زەحمەت ویستووە. جاری وا بووە چەند مانگ، کاری بەردەوامی لەسەر کردوون و شەونخوونیی لەسەر چێشتوون. وەک دەڵێن ڕەنجی فەرهادییان ویستووە، بەڵام د.کامران، هەتا بە ئاکامی نەگەیاندوون، کۆڵی لیٚنەداون، ئەگەر چی تووشی مل ئێشە و پشت ئێشە و کۆمەڵێک کێشەی تریشیان کردبیٚ.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تێکۆشانی ڕۆشنبیری و قەڵەمیی ئەو مرۆڤە، بەسەرکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی پشتگوێخراوان و فەرامۆشکراوانە. ڕۆمان و چیرۆک و کەسایەتیی ئەوتۆ لە زمانی ڕووسیدا دەدۆزێتەوە کە بە سامانی کورد دەژمێردرێن، بەڵام ئەوەندە بۆ خوێنەری ئەمڕۆی کورد ناسراو نین و بە کوردی، شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نازانین. "شوانی کورد" لە نووسینی عەرەبی شەمۆی لە ڕووسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر دوو زمانی کوردی و فارسی و چەند جار چاپ و بڵاو بوونەوە. "چوار کەسایەتیی بە ڕەچەڵەک کورد"ی لە ڕووسییەوە کردووە بە کوردی کە بۆ دوو ساڵ دەچیٚ لە توێی کتێبێکدا لە بەردەستی خوێنەری کورددا هەن. ئەو چوار کەسایەتییە بریتین لە:١-کوێر ئۆغلی، ٢-قاچاغ نەبی، ٣-محەمەد فزوولی و٤- قەرە فاتمە.

کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٦، کاتێک نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا نەمر کاک ناسر ئیرانپوور، دوامانگەکان و دواڕۆژەکانی ژیانی لە بەربەرەکانییەکی پڕ ئازار لە گەڵ نەخۆشیی شێرپەنجەدا بەڕیٚ دەکرد، بۆ د.کامران ببووە مەراق کە پێش ئەوەی ئەم هاوڕیٚ بەنرخەی ماڵاوایی لە ژیان بکا، بەشێک لە نووسینەکانی ئەو لە توێی دوو بەرگ کتێبدا بە چاپ بگەیەنیٚ. ئەوانەی لە نزیکەوە شاهید بوون دەزانن کە د.کامران چەندی خەو و ئیستراحەت لە خۆی حەرام کرد تا توانیی ترووسکەیەک بۆ چاوەکان و بزەیەکی ڕەزامەندی بۆ سەرلێوەکانی ئەم ڕووناکبیرە کوردە جوانەمەرگە لە دواساتەکانی ژیانیدا بەرهەم بێنێت.

ئەگەر بەتایبەتی هیممەت و هەوڵی ماندوویینەناسانەی د.کامران ئەمینئاوە نەبوایە، چیرۆکنووس و تێکۆشەری کورد، نەمر مامۆستا حەسەن قزڵجی، لە ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونیدا، یادی زیندوو نەدەکرایەوە و کتێبێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک نووسین و وەرگێڕان و بیرەوەری بە قەڵەمی چەندین کەسایەتیی کورد، لەم بۆنەیەدا لەبارەی چاپ و بڵاو نەدەبۆوە. ڕاستە پڕۆژەکە، کارێکی بەکۆمەڵی چەندین کەسی بوو، بەڵام قورسایی سەرەکیی ئەرکەکانی، لە سەرشانی د.کامران بوو. ئەو، فێر بووە کە قەدرگرتنی کەسایەتییە پڕ خزمەتەکان چیتر بۆ دوای مردنیان هەڵنەگریٚ و هەتا لە ژیاندان، ئەرکی خۆی بەرامبەریان جێبەجیٚ بکا. هەر بۆیە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر کەسایەتییەکی دڵسۆز و توێژەرێکی بەنرخی وەک مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی- کە لەوپەڕی بێدەنگی و خاکەڕاییدا، ساتبەساتی تەمەنی بۆ پێداچوونەوە و پەراوێزلەسەرنووسین و ساخکردنەوەی دەستنووس و دەقی مێژوویی و ئەدەبیی کوردی تەرخان کردووە- ی کرد بە هەوێنی ناساندن و ڕێزلێگرتن و، بە نووسینێکی جوان و شایان بۆ گۆڤاری سەنگینی "تیشک"، لە قەدەر توانای خۆی ڕێزی لیٚ گرت و خزمەتەکانی بە خوێنەران ناساند.

بەرهەمی تازەی ئەمجارەی د.کامران، ئامادەکردنی کتێبێکی ٤٥٠ لاپەڕی لە باری نەمر عەلی گەلاوێژ لە سەد ساڵەی لەدایکبوونیدایە. ساڵێک پێشتر، کاک کامران، بەبۆنەی ٩٩ ساڵەی لەدایکبوونی عەلی گەلاوێژ یادکردنەوەیەکی تێر و تەسەلی لە توێی وتارێکدا نووسیبوو کە گۆڤاری "تیشک" بڵاوی کردەوە. لەو کاتەوە چەخماخەی ئامادەکردنی کتێبێک لە بارەی ئەو کەسایەتییە سیاسی، ئەکادیمی و ئەدەبییە پشتگوێخراوەی کورد، لە خەیاڵ و هزری د.کامران ئەمینئاوەدا لیٚدرابوو. ئامادەکردنی ئەم کتێبەش زەحمەت و بەدواداچوون و پێوەندیگرتن بە زۆر کەسایەتی و کات تەرخانکردنێکی یەکجار زۆری ویستووە. لەم کتێبەدا جگە لە پێشەکی و چەند نووسین و وتوویژ و وەرگێڕانی د.کامران ئەمینئاوە لە بارەی عەلی گەلاوێژ، توێژینەوەیەکی دەوڵەمەند و تێر و تەسەلی مامۆستای هێژا کاک ئەنوەر سوڵتانی، لە بارەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەو کەسایەتییە کوردە بە تایبەتی شێعرەکانی دەخوێنینەوە. کاک ئەنوەر، وێڕای ماندووبوونێکی زۆر لە ڕەوتی "دۆزین و پشکنینی ژیان و لە بەرانبەریەکدانانی ساڵانی تەمەنی لە گەڵ نێوەرۆکی شێعرەکانی"، ئاوڕی لە نێوەرۆک و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی شێعرەکانی نەمر عەلی گەلاوێژ داوەتەوە و ڕووناکیی خستوونە سەر. لەم کتێبە نوێیەدا، هەروەها نووسینی چەند کەسێکی وەک بەڕێزان حوسێن شکارچی (خوشکەزای عەلی گەلاوێژ)، حەسەن ماوەرانی، ئەسعەد سەیف، محەمەد ئازادگەر، محەممەد ڕەمەزانی کە لە نزیکەوە و لە قۆناغە جیاوازەکاندا لەگەڵ ئەم کەسایەتییە کوردە هاوخەبات بوون، دەخوێنینەوە. کۆمەڵێک دەستنووس و وێنەی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی گەلاوێژ، بەشەکانی تری ئەم کتێبە پێک دێنن.

ئەگەر کتێبێکی لە چەشنی "هەڵۆدای ڕزگاریی گەل، لە قووڵایی ئازارەوە" بە هیممەت و ماندووبوونی کەسێکی وەک د.کامران ئەمینئاوە بەرهەم نەهاتبا، عەلی گەلاوێژ، وەک ٣٠-٤٠ ساڵی ڕابردوو هەر وا لەژێر خۆڵەمێشی فەرامۆشیدا دەمایەوە. بەدەگمەن کەسانێک لە نەوەی ئەمڕۆی لاوانی کورد دەیانزانی و دەیزانن کە تێکۆشەرێکی کورد لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر هەبووە کە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە، چارەنووسی خۆی لە خەبات بۆ ئازادی و ئامانجەکانی نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی گریٚ داوە؛ هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوەتیدا تووشی دەربەدەری و گیرسانەوە لە باکۆ و ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤییەت بووە؛ لەویٚ هەتا بەرزترین قۆناغەکانی زانکۆ لە بواری ئابووریدا خوێندوویەتی و دوکتورای زانستی بەدەست هێناوە. تێزی دوکتوراکەی لە بارەی "پێوەندییە وەرزێرییەکانی کوردستانی ئێرانی ئەمڕۆ" بووە کە ساڵی ١٩٥٥ بە تورکیی ئازەری لە باکۆ، ساڵی ١٩٦٠ بە زمانی ڕووسی لە باکۆ و ساڵی ١٣٦١(١٩٨٢) بە زمانی فارسی لە تاران، چاپ بووە. چەند کتێبی لە زمانی ڕووسییەوە بۆ سەر زمانی فارسی، وەرگێڕاون. بە زمانەکانی کوردی، فارسی و تورکی شێعری گوتووە. دەیان وتار و نووسینی لە بڵاوکراوەکانی حیزبی توودەی ئێراندا، چاپ بوون. لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٣ بە بنەماڵەوە بۆ ماوەی ٣ ساڵ چووەتە سۆڤیای پێتەختی بولغارستان و لە بەشی کوردیی ڕادیۆی پەیکی ئێران، کاری کردووە. لە ساڵانی دەربەدەری و گیرسانەوە لە یەکیەتیی سۆڤیەت، لە بەشی کوردیی ڕۆژنامەی "آذربایجان"ی ئۆرگانی فیرقەی دیموکرات، قەڵەمی تاو داوە، وەک ئەندامی ڕێبەریی فیرقەی دێموکرات و دواتر وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزبی توودەی ئێران، تێکۆشان و بەرپرسایەتیی هەبووە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧(١٩٧٩)ی ئێران گەڕاوەتەوە زێد و وڵاتی خۆی. لە جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەکانی حیزبی توودە لە پێوەندی لە گەڵ کوردستاندا، ڕۆڵی هەبووە. سەرئەنجام ئەویش وەک دەیان ئەندامی ڕێبەری و سەدان کادر و ئەندامی بەوەجی ئەو حیزبە، کە بە نیاز و باوەڕێکی ئازادیخوازانە و دادپەروەرانە ڕوویان کردبووە ڕیزەکانی حیزبی توودە، بووە بە قوربانیی سیاسەتە چەوتەکانی ئەو حیزبە لە بارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ساڵی ١٣٦٢(١٩٨٣) کەوتووەتە زیندانی ئەو ڕێژیمە و دوای ٥ ساڵ ئازار و ئەشکەنجە، بەداخەوە ئێعدام کراوە.

د.کامران، هەر لە کات و وزەی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی کتێبەکانی و خزمەتی پرس و کەسایەتییە ڕۆشنبیرییەکانی کورد و کوردستان لە خۆی مایەی دانەناوە، بەڵکوو بەشی بەرچاوی ئەو داهاتەش کە لە ڕێگەی پزیشکییەوە بە دەستی دێنیٚ، بۆ چاپی کتێبەکانی تەرخانیان دەکا. دەسکەوتی ماددیی ئەو لەو کتێبانەش کە ئەم یا ئەو دەزگا بۆیان چاپ کردووە، بریتی بووە لە چەند یا چەندین نوسخەیەکی کتێبەکە، کە بەدیاری پێشکەشی ئەم یا ئەو دۆست و هاوڕیٚ و بنکە و ناوەندی ڕۆشنبیریی کردوون.

دەستخۆشی، ماندوونەبوون بۆ د.کامران ئەمینئاوە بەبۆنەی ئامادەکردنی نوێترین کتێبی. بەردەوامی بۆ ئەو لە خزمەتی کتێب و نووسین و وەرگێڕاندا و، دەوڵەمەندی بۆ خەرمانی چاپکراوەکانی. نموونەی لە نێو کورد و ڕووناکبیرانیدا، زۆر بێت.

---

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# خەڵکی ئێران هەر وا بۆ خرچە و خانوو خوێن دەدەن

میرزا برایمئاغای ڕەییسی، دوای ئەوەی لە تاران قۆڵی لە سەرۆکایەتیی کۆمار هەڵماڵی، هەروەک منداڵی نەخۆش بە گووکردنیەوە دیار بوو چەندە دەژێت. ڕەییسی بە ڕێژەی بەشداریکردنی کەم و پوختی دەنگدەران، خامنەیی بە نوێنەراتیی خۆی و خەڵک و خوا کردی بە سەرۆککۆمار.

دیارە لەم کابینەیەدا هەموو وەزارەتەکانی وەک "تەندروستی و مەندروستی"، "پەرەوردە و مەروەردە" و "کشتوکاڵ و مشتوماڵ"، بایی تووڕێکی قانگ گرینگییان پیٚ نەدراوە و ئەوەی بەگرینگ زانراون سیٚ وەزارەتی سەرەکیی "نێوخۆ" (بۆ سەرکوتکردنی خەڵک)، "دەرەوە" (بۆ خاپاناندن و خافڵاندنی بیرو ڕای گشتیی جیهان) و "ئابووری" (بۆ دابینکردنی بژێوی ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنەی لوبنان و سورییە و یەمەن)ن.

١- وزارەتی نێوخۆ: ڕەئیسی هەر بە ڕێنوێنیی ئەو خامنەییەی دەستەڵاتی بۆ خوا و خوی دەگەڕێتەوە، بۆ وەزارەتی نێوخۆ سەردار ئەحمەد وەحیدیی کۆنە فەرماندەی سوپای پاسدارانی کردە وەزیر و وایزانی ئەم برادەرە دەتوانێت بە یارمەتیی سوپای پاسداران، ئەم ئێرانە وەک ماستی مەییو لیٚ بکات. بەڵام لە سەرهەڵدانی دوای شەهیدبوونی ژینادا، وەحیدی نەک هەر نەیتوانی ئێران بکاتە ماستی مەییو، بەڵکوو دنیا لە خۆی و ڕێبەرەکەشی کرایە چەرمی چۆلەکە.

٢- وەزارەتی دەرەوە: بۆ وەزارەتی دەرەوەش، ڕەییسی لەمێژ بوو بیری لە میرزاحوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان بۆ ئەم وەزارەتە کردبۆوە. ئەمیرعەبدوڵڵاهیان لە من و لە تۆی خوێنەر باشتر دەیزانی چۆن ڕێبازی قاسم سولەیمانی چۆڵ نەکات و بە پتەوکردنی سیاسەتی پەرەپێدانی مێحوەری مقاومەت (هیلالی شیعە) و بەهێزکردنی حەسەن نەسرۆڵڵا، حووسیەکان، حەشدی شەعبی و هێندێک شتی دیکە، درێژە بە دیپلۆماسی بدات. ئەمەشیان بۆ میرزا برایمی ڕەئیسی و ئەوەی پشتەوەی ئەویش سەری نەگرت و لە ئاخریدا بە ناچاری وەزارەتی دەرەوە کڕ کرا و عەلی شەمخانی بۆ ڕێککەوتن لە گەڵ سعوودیە و حیلەدیپلۆماسی هاتە مەیدان.

ئەمیرعەبدوڵڵاهیان لە ئاکامی پێوەدانی دەرگای وەزارەتی دەرەوە بە سەر دیپلۆماسیدا، چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە توویتێکدا نووسی: سەفەری ئەم دواییەی شەمخانی بۆ ئیمارات و عێراق لە چوارچێوەی پێوەندییە ئەمنییەتییەکانی ئێستادایە و شتێکی نویٚ نییە و لە سەردانەکاندا نوێنەری وەزارەتی دەرەوەشی لەگەڵدایە. هەموو شتێک لەژێر چاودێریی سەرۆککۆماردایە و دوژمنان بزانن نێوان ناخۆشیمان نییە."

ئەمەی ئێستا بەسەر وەزارەتی دەرەوەدا هاتووە، کێشەی سەرەکیی بۆ کارمەندانی وزارەتخانەکە ناوەتەوە و لە نێوان سیٚ بژاردەدا سەرگەردانی کردوون. ئەوان نازانن تێرۆریستن، دیپلۆماتن یان دیپلۆمات تێرۆریستن.

٣- وزارەتی دارایی: چارەنووسی وەزارەتی داراییش هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە ئیمام خومەینی حوکمی لیٚ داوە. ئیمام خومەینی پێش ئەوەی دەستەڵات بگرێتە دەست، گوتی، وا دەکات پارەی ئاو و کارەبا و گاز و ئووتووبووس لە کەس وەرنەگرن و ئەوکات پارەی هیچ و پووچ، ناچارە سەرگەردان بێت. ئیمامی شارەزا دوای ئەوەی ئەم بیردۆزە قووڵەی سەری نەگرت، هاتە سەر ئەم بڕوایە ئابووری "هی کەرە" بە زمانی شیرینی فارسی ئەو زمانەی بڕیار وایە ڕەزاشای داهاتووی ئێران و پێنج هاوڕێکەی دیکەی ناچارمان بکەن بۆ لێکتێگەیشتن قسەی پیٚ بکەین، گوتی "اقتصاد مال خره".

خومەینی گوتی: جیاوازیی ئابووری لە نێوان کەر و مرۆڤدا ئەمەیە، کەر کا دەخوات و مرۆڤ چەلاو و کەباب.

ئیمام خومەینی ئەوکاتانەی دەیگوت "شما ڕا میکنم" و بە درەنگەوە دەیگوت "لاکن نصیحت"، هیچ لەبەر نەزانی وای نەدەگوت. ئەو باش لە زمان شارەزا بوو. ئۆباڵ بە ئەستۆی ئەوانەی گێراویانەتەوە، دڵێن شاعیریش بوو. تەنانەت شێعری فەلسەفی و دڵدارانەی بۆ "فاتە"ی بووکیشی گوتووە.

خومەینی زۆر باش لە مۆسیقای پیتان شارزەزبوو، بۆیە دەیگوت: کەسێک زانا بێت بۆ "خرچە" و "خانوو"، "خوێن" نادات. لێردا ئەو سیٚ وشەیەی "خرچە"، "خانوو" و "خوێن" لە کاتێکدا هەر سێکیان بە پیتی "خ" دەست پیٚ دەکەن، بەیەکەوە پێشان دەدەن دامەرزرێنەری کۆماری ئیسلامی چەندە لە مۆسیقای وشە و ئاهەنگی ڕستە و مستە شارەزا بووە.

دوو لە ڕووی گوێدێران و خوێنەران ئەگەر خومەینی ئێستا مابایە بە چاوی خۆی دەیدیت، ئەم ئابووریە چەندە شتێکی پیسە و چۆن ئەم ئێرانەی وێران کردووە. گەمارۆی ئابووری ئێرانی دەئامان ناوە، شتومەک و پێداویستیی مرۆڤ ڕۆژبەڕۆژ گرانتر دەبن و وەک دەڵێن بۆ خەڵکی هەژار نان خەریکە لە پشتی شێران خۆی حەشار دەدات و دڵی ئابووریش کەوتووەتە دەست پەیڕوانی خومەینی و ئێستا "اقتصاد مال آنهاست" بەڵام خەڵک هەروا بۆ خرچە و خانوو خوێن دەدەن.

***

